هەرێمی کوردستان/عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن – رۆژنامە

# پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا

## ( توێژینەوەیەکی مەیدانییە )

نامەیەکە

دەشتی عەلی ڕەشید

پێشکەشی ئە نجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە

وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن – رۆژنامەدا

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. سامان فەوزی عومەر

پ.ی.د.هێرش ڕەسول موراد

| ٢٧١٧ کوردی | ١٤٣٩ کۆچی | ٢٠١٧ زاینی |
|---|---|---|

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار ( دەشتی عەلی ڕەشید ) بە ناونیشـــــانی ( پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە ) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( ڕاگەیاندن / ڕۆژنامە )دا، پێشنیاردەکەین، کە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

| | |
|---|---|
| واژۆ | واژۆ |
| سەرپەرشتیار: د.سامان فەوزی عومەر | سەرپەرشتیار: د.هێرش ڕەسول موراد |
| پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر |

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ

ناو: پ.ی.د. سەلام نصرالدين محمد

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

بەروار:

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار ( دەشتی عەلی ڕەشید) کە ناونیشانی بریتییە لە ( پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە )

پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەی کە تێیدابوو، ڕاستکراونەتەوە، بەوەش نامەی ماستەرەکەی لەڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو: پ.ی.د.ئومێد بەرزان برزۆ

بەروار

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار ( دەشتی عەلی رەشید ) بەناونیشانی ( پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی (ڕاگەیاندن / ڕۆژنامە ) پێبدرێت.

واژۆ
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە
بەروار

واژۆ
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

واژۆ
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

واژۆ
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

واژۆ
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی- پەسەندکرا

واژۆ
ناو:
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

# پێشکەشە بە.....

*دایك و باوكم، خوشك و براكانم:

كە لە هەموو قۆناغەكانی ژیان و خوێندنم پاڵپشت و هاندەرم بوون.

*ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە پێناو ئاشكراكردنی زانیاری و بنكۆڵكردنی پرس و بابەت و ڕووداوەكاندا گیانی خۆیان بەخشی

دەشتی

# سوپاس و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەمدا هاوکارم بوون، بەتایبەت سەرۆکایەتی بەشی ڕاگەیاندن و هەروەها سوپاسی مامۆستایانی بەڕێز (د.سامان فەوزی عومەر و د.هێرش رەسوڵ موراد ) دەکەم، کە سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەیەیان گرتەئەستۆ.

لەگەڵ سوپاس و پێزانینی تایبەتم بۆ مامۆستا و هاوڕێیانی خۆشەویستم (د.هێمن مەجید، د.فوئاد عەلی، د.ئومێد بەرزان، م.کامیل عومەر، نەبەز ئەحمەد، ئامانج نیعمەت، یادگار عەلی، دانا ساڵح، یادگار فەتاح، د.دلێر حەبیب، عومەر عەبدولکەریم، بۆتان کەریم، یوسف حمەکەریم، ئاکۆ حەمید، سامان نوح، هێمن نەسرەدین، م.بۆهان عوسمان، زانا ناجی) کە هەریەکەیان بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکار و یارمەتیدەرم بوون لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەمدا.

لە کۆتاییشدا سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە هاوکارییان کردووم‌و لێرەدا ناویانم بیرچووە تۆماریان بکەم.

توێژەر

# پوختەی توێژینەوە

مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، بە یەکێك لە مۆدێلە نوێیەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لە قەڵەمدەدرێت، کە سەرهەڵدانی ئەم مۆدێلە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕادەی خەملێو و نەخەملێوی پایەکانی ئازادیی گشتیو دیموکراسییەوە هەیە لە کۆمەڵەکاندا، چونکە ئەم مۆدێلەی کاری ڕۆژنامەنووسی پێویستیی بە زەمینەی ئازادو دیموکراسییانە هەیە، تا بتوانێت لە واقیعدا پراکتیزە بکرێت.

سەرباری بایەخە گەورەکەی ئەمجۆرە لە کاری میدیایی، بەڵام زۆر بەکەمی لە کایەی ڕۆژنامەنووسیی هەرێمی کوردستاندا پشتی پێدەبەسترێت، هەرچی ناوەندە ناسەوانی (مەعریفی)و زانستییەکانیشە بەکەمی ئاوڕیان لەم لایەنە گرنگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی داوەتەوە، بە دەگمەن توێژینەوە، کتێب، سەرچاوە لەسەر ئەم لایەنە لە کتێبخانەی کوردیدا پێشچاودەکەون.

ئەم توێژینەوەیە: (پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، یەکێکە لە توێژینەوە پەسنییەکان (وەسفییەکان)، توێژەر هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە ڕێبازی (ڕوپێوکاریی)، پێگەی ئەو مۆدێلە ڕۆژنامەنووسییە لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکاتو زانیاریی وردو تێڕوانینی جیاواز لەسەر بایەخ، پێویستی، پێگە، هۆکار، ئاستەنگو کێشەکانی بەردەمی لە بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاری و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم)دا بخاتەڕوو.

توێژەر بۆ سامپڵی توێژینەوەکە، (٢٥٠) گەیاندنکار (قائم بالإتصال)و ڕۆژنامەنووسی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە سنوری پارێزگاکانی (سلێمانی، هەڵەبجە)و ئیدارەکانی (گەرمیان، ڕاپەڕین) وەك نمونە وەرگرتووە، کە دوای دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە بەسەریاندا، (٢٤٢) فۆرم بە دروستی گەڕاونەتەوە.

سەبارەت بە ئامانجی توێژینەوەکەش، لە چەند خاڵێکدا چڕدەبێتەوە، گرنگترینیان: دیاریکردنی پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ئاشکراکردنی ئاستەنگو کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و کاریگەریی لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاریی و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم).

ئەم توێژینەوەیە لە (چوار) بەش پێکدێت، بەشی یەکەم: بریتییە لە ڕێبازنامەی توێژینەوەکە، هەریەك لە (کێشە، بایەخ، ئامانج، میتۆدی توێژینەوە، کۆمەڵو مشتەی توێژینەوە، ئامرازەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو و دیاریکردنو پێناسەی چەمكو زاراوەکان)، خراونەتەڕوو. بەشی دووەم: دەروازەیەکی گشتییە بۆ ڕۆژنامەنووسیو ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. هەرچی بەشی سێیەمیشە: تایبەتە بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی چوارەمو کۆتاییشدا، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، تێیدا پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە تێڕوانینی گەیاندنکارو ڕاگەیاندنکارانەوە لە ڕێی ڕاپرسییەوە خراوەتەڕوو.

**لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە: نزمیی پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش لە کاتێکدایە کە جەماوەر گرنگی بەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی دەدات، بەڵام ئەوەی هۆکارە بۆ لاوازیی ئاستەکەی خودی ڕۆژنامەنووسان لە لایەكو واقیعی هەرێمیش کە تێیدا ڕۆژنامەنووسی بەسەر حزبەکاندا دابەشبووە لەلایەکی ترەوە، هەروەها کەمی هاندان بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییو چۆنێتیی ئەنجامدانی، چ لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانەوە بێت، یان ڕێکخراوە میدیاییە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکانەوە، هۆکارێکی دیکەی لاوازیی ئاستی بنکۆڵکارییە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا نەیتوانییوە، ئەرکی چاودێرکاری بەجێبگەیەنێتو ببێتە (دەسەڵاتی چوارەم)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاستەنگو کێشانەی لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا هەن، کەکاریگەریی نەرێنییان لەسەر بەجێهێنانی ئەرکەکە هەبووە.**

**لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، توێژەر چەند راسپاردەیەکی وەك دەروازە بۆ گرنگیدان بە بنکۆڵکاری لە ڕۆژنامەنوسیی هەرێمی کوردستانو بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاری لە ڕێگەی ئەمجۆرە لە کاری ڕۆژنامەنوسیی خستووەتەڕوو، لەوانە: هەوڵدانی جددیی دەزگاو دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ گرنگیدان بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی، و ڕۆژنامەنووسانیش زیاتر کار لەسەر ئەو پرسو بابەتانە بکەن، کە جێگەی بایەخی جەماوەرن، هاوشێوەی مۆدێلەکانی دیکەی ڕۆژنامەنوسیی، کاری بنکۆڵکارییان لەبارەوە ئەنجام بدەن. هەروەها ئاشناکردنی رۆژنامەنوسان بە وردەکاریی چۆنێتیی ئەنجامدانی ئەم مۆدێلەی رۆژنامەنوسیی، لە ڕێگەی خولی ڕاهێنانی تایبەتەوە، لەلایەن ڕێکخراوە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە.**

**توێژەر**

# پێڕستی ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە** | ٣ |
| بایەخی توێژینەوەکە | ٤ |
| کێشەی توێژینەوەکە | ٤ |
| ئامانجی توێژینەوەکە | ٥ |
| کۆمەڵو مشتەی توێژینەوەکە | ٥ |
| ڕێگە و ئامرازەکانی توێژینەوەکە | ٥ |
| سنوری توێژینەوەکە | ٧ |
| ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە | ٧ |
| دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان | ٨ |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٩ |
| سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ١٦ |
| **بەشی دووەم: ڕۆژنامەنووسیو ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا** | ١٧ |
| **باسی یەکەم:** ڕۆژنامەنووسی | ١٨ |
| یەکەم: چەمکی ڕۆژنامەنووسی | ١٨ |
| دووەم: پێناسەی ڕۆژنامەنووسی | ٢٢ |
| **باسی دووەم:** ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسیو هۆکارەکانی بەدەسەڵاتبوونی ڕاگەیاندن | ٢٤ |
| یەکەم: ئەرکی ڕۆژنامەنووسی | ٢٤ |
| دووەم: ئەرکی چاودێرکاری ڕۆژنامەنووسی | ٢٦ |
| **باسی سێیەم:** ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا | ٣٠ |
| یەکەم: ئاستی پیشەیی | ٣٠ |
| دووەم: ئەرکی چاودێرکاری | ٣٣ |
| سێیەم: ئازادیی کار | ٣٥ |
| چوارەم: چوارچێوەی ئێتیکیو یاسایی | ٣٦ |
| **بەشی سێیەم: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری** | ٤٠ |

| | |
|---|---|
| **باسی یەکەم:** دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٤١ |
| یەکەم: چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٤١ |
| دووەم: پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٤٤ |
| سێیەم: ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٤٧ |
| چوارەم: تایبەتمەندی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٤٩ |
| **باسی دووەم:** مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٥٣ |
| یەکەم: مێژووی سەرهەڵدان | ٥٣ |
| دووەم: قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٥٥ |
| **باسی سێیەم:** بایەخو ئێتیكو ئاستەنگەکانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٦٠ |
| یەکەم: بایەخی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٦٠ |
| دووەم: ئێتیك لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا | ٦٢ |
| سێیەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٦٤ |
| **بەشی چوارەم: ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە تێڕوانینی گەیاندنکارو میدیاکارانەوە (لایەنی مەیدانی)** | ٦٨ |
| دەرئەنجامەکان | ٨٧ |
| ڕاسپاردەکان | ٨٩ |
| پێشنیارەکان | ٩٠ |
| سەرچاوەکان | ٩١ |
| پاشکۆ | ١٠٠ |
| پاشکۆی ژمارە (١) فۆڕمی راپرسی سەرەتایی | ١٠١ |
| پاشکۆی ژمارە (١) فۆڕمی راپرسی کۆتایی | ١٠٢ |
| ملخص البحث | ١١٨ |
| Abstract | ١٢١ |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارە | ناونیشانی خشتە | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | توخمی بەرتوێژان | ٦٨ |
| ٢ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن | ٦٩ |
| ٣ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ئاستی خوێندن | ٦٩ |
| ٤ | دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ناونیشانی کار | ٧٠ |
| ٥ | دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی ماوەی کاری ڕۆژنامەنووسی | ٧٠ |
| ٦ | دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی ئاستی پسپۆڕێتی | ٧١ |
| ٧ | دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی جۆری پسپۆڕێتییان لە ڕاگەیاندندا | ٧١ |
| ٨ | دابەشبونی بەرتوێژان بەپێی خاوەنداریێتیی دەزگاکانی ڕۆژنامەنووسی | ٧٢ |
| ٩ | ئاستی ئاگایی بەرتوێژان لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە | ٧٢ |
| ١٠ | ناسینەوەو جیاکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لەلایەن بەرتوێژانەوە | ٧٣ |
| ١١ | بوونی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٣ |
| ١٢ | هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٤ |
| ١٣ | بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٥ |
| ١٤ | هۆکاری نەبوونی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا | ٧٦ |
| ١٥ | ئەرك‌و ئامانجی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٧٧ |
| ١٦ | ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٧٧ |
| ١٧ | ئەو بابەتانەی بەرتوێژان کاری بنکۆڵکارییان لەبارەوە ئەنجامداوە | ٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | بوونی ئاستەنگ لەکاتی ئەنجامدانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا | ٧٨ |
| ١٩ | جۆری ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە بەردەم رۆژنامەنووسان | ٧٩ |
| ٢٠ | ئاستی گرنگیدانی جەماوەر بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٨٠ |
| ٢١ | کارنەکردنی رۆژنامەنووسان لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی کە شایەنی کاری بنکۆڵکاریی بوون | ٨٠ |
| ٢٢ | هۆکارەکانی کارنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٨١ |
| ٢٣ | بیرۆکەی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنووسان | ٨١ |
| ٢٤ | هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا | ٨٢ |
| ٢٥ | لایەنەکانی هاندان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٨٣ |
| ٢٦ | سەرچاوەکانی زانیاریی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری | ٨٣ |
| ٢٧ | رادەی گرنگیدانی رۆژنامەو دامەزراوە میدیاییەکان بە لایەنی بنکۆڵکاری | ٨٤ |
| ٢٨ | ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو کاریگەری لەسەر پاشەکشەنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی باو (تەقلیدی) | ٨٤ |
| ٢٩ | رەچاوکردنی بنەما ئێتیکیەکان لە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا | ٨٥ |
| ٣٠ | گرتنەبەری رێگای نایاساییو نائێتیکی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا | ٨٥ |
| ٣١ | دروستکردنی گۆڕانکاریی گەورە لە رێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە | ٨٦ |

# پێشەکی

هاوتەریب لەگەڵ پەرەسەندنە هەمەلایەنەکان لە شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری لە کۆمەڵەکاندا، مۆدێلەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووەو بەپێی سروشتی قۆناغەکان، مۆدێلی نوێو کاریگەر بەدەرکەوتوون.

مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، بە یەکێك لە مۆدێلە نوێیەکانی کاری ڕۆژنامەنوسیی دادەنرێت، کە دەرکەوتن‌و سەرهەڵدانی پەیوەندیی راستەوخۆی بە ڕادەی خەملێو و نەخەملێوی پایەکانی ئازادیی گشتی و دیموکراسییەوە هەیە لە کۆمەڵەکاندا، چونکە ئەم مۆدێلەی کاری ڕۆژنامەنوسیی پێویستیی بە زەمینەی ئازاد و دیموکراسییانە هەیە، تاکو بتوانێت لە واقیعدا پراکتیزەبکرێت، هەروەها راستەوخۆش پەیوەستە بەو بابەتە هەستییارانەی کە کەمتر دەستیان بۆ دەبرێت‌و کەمترین جار ڕاگەیاندن لە ڕێگەی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە دەخرێتە ناو وردەکاریی بابەتە زیندوو و سەردەمییەکانەوە.

ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری، لە حاڵەتی فەراهەمبونی ژینگەی لەبار، ڕۆڵی ئێجگار گەورە لە بوار و کایە جۆربەجۆرەکاندا دەگێڕێت، لە ئەنجامی کارکردنی پیشەییانە لەم مۆدێلە ڕۆژنامەنووسییە، گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری دروستدەبێت.

سەرباری بایەخە گەورەکەی ئەمجۆرە لە کاری میدیایی، بەڵام زۆر بە کەمی لە کایەی ڕۆژنامەنوسیی هەرێمی کوردستاندا پشتی پێدەبەسترێت. هەرچی ناوەندە ناسەوانی (مەعریفی)و زانستییەکانیشە بە کەمی ئاوڕیان لەم لایەنە گرنگەی کاری ڕۆژنامەنووسی داوەتەوە، بە دەگمەن توێژینەوە، کتێب، سەرچاوەی تر لەسەر ئەم لایەنە لە کتێبخانەی کوردیدا پێشچاو دەکەوێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاریی میدیای کوردی بە گشتی لە دەست گەیشتن بە کایە زیندوو و کاریگەرەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لە قۆناغەکانی رابردوودا.

بەهۆی ئاستەنگی یاسایی، نەبوونی یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان، بەرتەسکبوونی پانتایی ئازادیی ڕادەربڕین‌و راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کار لەسەر بنکۆڵکردنی گەندەڵی‌و ئاشکراکردنی تۆمەتبارانی پرس‌و ڕووداوە جیاوازەکان دەکەن، ریسك بە ژیانی خۆیانەوە دەکەن، چونکە بەپێی راپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیی‌و نێوخۆییەکانی تایبەت بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی، ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێم تاڕادەیەك مەترسیدارەو لە ماوەی رابردوودا، چەند ڕۆژنامەنووسێك لەو پێناوەدا بوونەتە قوربانی و چەندینی تریش ڕووبەڕووی زیندانیکردن، ئەشکەنجە، هەڕەشەلێکردن‌و بریندارکردن بوونەتەوە.

بۆ دەرکەوتنی ڕۆڵی راستینەی ئەم مۆدێلە لە کاری ڕۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان‌و بینینی ڕۆڵی کاریگەرو چالاکانەی خۆی، دەکرێت ئەو ڕێکخراو، کۆمەڵەو گروپانەی جەخت لەسەر شەفافییەت دەکەنەوەو کار بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی دەکەن، ڕۆڵ بگێڕن‌و پشتیوانیی تەواو لەم مۆدێلە نوێیەی ڕۆژنامەنووسی بکەن، کە ڕێگەکان نزیکتر دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستیی ڕووداوەکان‌و ڕیشەی گەندەڵی‌و بابەتە هەستییارەکان.

ئەم توێژینەوەیە (پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە)، لە بایەخی ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی بۆ کۆمەڵ‌و وڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە ڕێگەیەوە گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و... هتد، لە بەشێك لە وڵاتان هاتووەتەئاراوە. توێژینەوەکە،

گرنگیدەدات بە زانینی پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێم، ئەو ئاستەنگو کێشانەی هاتوونەتە بەردەم ئەمجۆرە ڕۆژنامەنووسییە، هەروەها خستنەڕووی چۆنێتی برەودانو پێشخستنی لە ڕاگەیاندنی کوردیدا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ لێتوێژینەوە لەلایەن توێژەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، مۆدێلێکی نوێی ڕۆژنامەنووسییە لە هەرێمی کوردستاندا و بەڕادەیەکی زۆر کەم توێژینەوەی زانستی لەبارەوە ئەنجامدراوە، هەروەك بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو...هتد ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، پێویستیی بەمجۆرە ڕۆژنامەنووسییە هەیە بۆ هەڵماڵینو ئاشکراکردنی گەندەڵیو سەرپێچییەکانو باشترکردنی کایەکانی بەڕێوەبردنی ژیان.

سەبارەت بە پەیکەری توێژینەوەکەش، لە (چوار) بەش پێکدێت، جگە لە بەشی یەکەم، کە ڕێبازنامەی توێژینەوەکەیە، دوو بەشی تیۆریو بەشێکی پراکتیکی لەخۆگرتووە.

لە بەشی یەکەمدا، هەریەك لە (بایەخ، کێشە، ئامانج، میتۆدی توێژینەوەکە، کۆمەڵو مشتەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو و دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان) باسکراون.

بەشی دووەمیش، دەروازەیەکی گشتییە بۆ ڕۆژنامەنووسیو ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردییو سێ باسی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لە باسی یەکەمدا، (چەمكو پێناسەی ڕۆژنامەنووسی) خراونەتەڕوو. لە باسی دووەمدا، (ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسیو ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی) لەخۆدەگرێت، لە باسی سێیەمو کۆتاییشدا، (ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستان، ئازادیی کار، ئەرکی چاودێرکاریو چوارچێوەی ئێتیکیو یاسایی) خراونەتە بەرباس.

هەرچی بەشی سێیەمیشە، تایبەتە بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا، کە دەروازەیەکی گشتییە بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، تێیدا (چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، پێناسە، ئەركو تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری) نمایشکراون. لە باسی دووەمیشدا، (مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری) خراوەتەڕوو. لە باسی سێیەمیشدا، (بایەخی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ئێتیكو ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری) باسکراون.

لە بەشی چوارەم و کۆتاییشدا، لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، تێیدا پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە تێڕوانینی گەیاندنکارو میدیاکارانەوە لەڕێی ڕاپرسییەوە خراونەتەڕوو، کە لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا، خستنەڕووی زانیاریی بەرتوێژانو تاوتوێکردنیان، باسی دووەمیش، ئەنجامی برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە شرۆڤەکراوە، و لە کۆتاییشدا دەرئەنجامو گرنگترین ڕاسپاردەو پێشنیازەکان خراونەتەڕوو.

توێژەر، لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی هەندێ ئاستەنگو کێشە بووەتەوە، بە تایبەت کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی نوێیەو بە گوێرەی زانیارییەکانی توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بە زمانی کوردی سەبارەت بە بنکۆڵکاری لە ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی نووسراوی کوردیدا بەتایبەتی نەکراوە، ئەوە جگە لە کەمیی دەستکەوتنی سەرچاوەی زانستیی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، کە ناچار بە شێوەیەکی گشتی پشت بە سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی بەستراوە، کە زۆرێکیان زانیارییەکانیان هاوشێوەی یەكو دووبارە بوون.

**توێژەر**

# بەشی یەکەم:

# ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**بایەخی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوەکە**

**ئامانجی توێژینەوەکە**

**کۆمەڵو مشتەی توێژینەوەکە**

**ڕێگەو ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

**سنوری توێژینەوەکە**

**ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە**

**دیاریکردنی چەمكو زاراوەکان**

**توێژینەوەکانی پێشوو**

**سودوەرگرتن لەتوێژینەوەکانی پێشوو**

# بەشی یەکەم
# ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

**بایەخی توێژینەوەکە:**

سەبارەت بە گرنگیی توێژینەوەکە، توێژەر وایدەبینێت، توێژینەوەی زانستی تەنها جەخت لەسەر بایەخێکی دیاریکراو لە بواری پسپۆڕییەکەدا ناکاتەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەش بایەخ و سودی هەیە بۆ:

١. تیۆرو لایەنی ئەکادیمی: لەپێناو پەرەدان بە لایەنی زانستیو تیۆریی ڕاگەیاندن.

٢. کۆمەڵ: لە گرنگیی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری و کاریگەرییان بۆ سەر کایە جیاوازەکانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

٣. کاری ڕۆژنامەنووسی: لەپێناو کاراکردنی ڕۆژنامەنووسیو پێشخستنی کەناڵەکان.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

سەرباری بایەخ و ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لەدۆخی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییدا، ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسیی کە دوامۆدێلی کۆی ڕۆژنامەنووسییە هەتا ئێستا، دوور و نزیك و کەم و زۆر، بوون و سەنگ و قەبارە و کاریگەرێتییەکانی لە دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، کە بابەتی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیەیە دیارنییە و بە ئاسانی هەستی پێناکرێت و ئاماژەکانی هیچ خوێندنەوەیەکی یەکلاکەرەوەیان بۆ نەکراوە، دیارە هەر ئەوەش توێژەری هاندا بۆ دەستخستنەسەر ئەو بابەتە و لە تاوتوێکردنی خۆی و سەرپەرشتیارەکانیدا، گەیشتە ئەوەی کە کێشەیەکی کاریگەرە بۆ دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی و لەوێشەوە قایلبوو بەوەی کە دیارنەبوون و ئاڵۆزیی ئاماژەکانی هەبوونی پێگەیەکی دیاریکراوی ئەو مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی، واتە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی، کێشەیەکی گەورە وکاریگەری ڕۆژنامەنووسیی کوردییە و پێویستە خوێندنەوەیەکی مکوڕ (جددی) بۆ بکرێت، کە دەکرێت لەڕێی چەند پرسیارێکەوە فراوانتر ڕوونبکرێتەوە:

١. ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی چیە و ڕۆڵ و ئەرك و تایبەتمەندییەکانی چیین؟

٢. ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاریی چ پێگەیەکی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

٣. بژاردەی گەیاندنکارو میدیاکارانی هەرێمی کوردستان چۆن دەڕواننە پێگەی ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمدا و بایەخ و پێویستیی بۆ کۆمەڵ و وڵاتەکە؟

٤. ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان چیین و کاریگەرییان لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنوسیی و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم) تاچەندە؟

### ئامانجی توێژینەوەکە:

توێژەر هەوڵدەدات، لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدیبهێنێت:

١. دیاریکردنی پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا.

٢. زانینی تێڕوانینی بژاردەی گەیاندنکارو میدیاکارانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمدا و بایەخو پێویستیی بۆ کۆمەڵو وڵاتەکە.

٣. ئاشکراکردنی ئاستەنگو کێشەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان، و کاریگەری لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی و دروستبوونی (دەسەڵاتی چوارەم).

### کۆمەڵو مشتەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، کۆمەڵی توێژینەوە بریتییە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە میدیای کوردیدا کاردەکەن، کە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتیین لەو ڕۆژنامەنووسانەی لە بوارە جیاجیاکانی ڕۆژنامەنووسیی (چاپکراو، بیستراو، بینراو و ئۆنلاین)دا و لە کەناڵە جیاجیاکانی (حزبی، حکومی و ئەهلی)دا کاردەکەن.

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر مشتەی توێژینەوەکەدا بەشێوەیەکی مەبەستدار، ناوچەی جوگرافی لەبەرچاوگیراوەو دابەشبووە بەسەر پارێزگاکانی (سلێمانیو هەڵەبجەو ئیدارەکانی گەرمیانو ڕاپەڕین)دا[1]، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی زانستی گوزارشت لە کۆمەڵی توێژینەوەکە بکات، بۆ ئەوەش توێژەر (٢٥٠) فۆرمی بەسەر مشتەی توێژینەوەکەیدا دابەشکردووە کە دەکاتە ڕێژەی (١٠٪)، دابەشکردنی ئەو ژمارە فۆرمە پستبەستووە بە ئامارێکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نوسینگەی گەرمیانی سەندیکاکە، کە (٢٥٠٠) ڕۆژنامەنووس لە سنووری (سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین)دا ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانن، بەو پێیەی زۆرترین کەناڵی ڕاگەیاندن لە سلێمانیدان، زۆرترین فۆڕمیش لەنێو سلێمانیدا دابەشکراون.

دوای دابەشکردنی ئەو (٢٥٠) فۆڕمە بەسەر مشتەی توێژینەوەکەدا، لە ئەنجامدا (٢٤٢) فۆڕم کە دەکاتە (٩٦,٨٪) گەڕێنراونەتەوە، ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە.

### ڕێگەو ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

ئامرازە بەکارهێنراوەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە: فۆرمی ڕاپرسیو چاوپێکەوتنی تاکەکەسیو تێبینیکردن، ئەم ئامرازانەش ڕێگەیەکن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.

---

[1] ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە سنوری پارێزگاکانی سلێمانیو هەڵەبجەو ئیدارەی ڕاپەڕیندا، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانن، سەر بە لقی سلێمانی سەندیکاکەن، واتە تاوەکو ئێستا هیچ لقو نوسینگەیەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەی ڕاپەڕیندا نەکراونەتەوە، لەشاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیانیشدا، نوسینگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەیەو نزیکەی (٢٠٠) ڕۆژنامەنووس تێیدا ئەندامن، هەروەك لقی سلێمانیی سەندیکاش نزیکەی (٢٣٠٠) ئەندامیان هەیە، بەم پێیەش کۆی گشتیی ئەو سنورە جوگرافییە دەکاتە نزیکەی (٢٥٠٠) ڕۆژنامەنووس.

توێژەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەداو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر توێژینەوەکەو گەیشتن بە ئەنجامی ورد، ئەم ڕێگەو ئامرازانەی بەکارهێناوە:

**أ. فۆڕمی ڕاپرسی:** ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارییە، بەتایبەت لەم جۆرە توێژینەوانەدا بۆ دەستکەوتنی داتاو بۆچونی خودی گەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان، لەسەر پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان و ڕادەی گرنگیدانو ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی، توێژەر فۆڕمێکی (٢٦) بڕگەیی بە سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو و سەرنجو تێبینیی سەرپەرشتیار و پسپۆڕو شارەزایان دروستکردووە.

**ڕواڵەتەدروستی (صدق الظاهري):**

دوای ئامادەکردنی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، توێژەر فۆڕمەکەی ئاڕاستەی (٩) پسپۆڕو شارەزا[١] کرد، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕواڵەتەدروستی، لە ڕێی هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکەو پێدانی سەرنجو تێبینیو گۆڕینو دەستکاریکردنی بڕگەکان، یان لابردنو دانانی بڕگەی دیکە. دوای تەواوبوونیشی، توێژەر فۆڕمی ڕاپرسییەکەی لەلای پسپۆڕان وەرگرتەوەو دوای خوێندنەوەی هەڵسەنگاندنەکەیان، کۆی ڕێژەی سەدیی سەرنجو تێبینی پسپۆڕان بە ڕێژەی (٠,٩٦٢) بوو. بەو پێیەش توانرا فۆڕمەکە پەسەندبکرێتو توێژەر جارێکی تر فۆڕمەکەی لەسەر بنەمای سەرنجی پسپۆڕان داڕشتەوەو بەسەر ئەندامانی مشتەی توێژینەوەکەیدا دابەشیکرد.

**جێگیریی (ثبات):**

دوای (٤٠) ڕۆژ لە گەڕانەوەی فۆڕمەکانی ئەم توێژینەوەیە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە چەسپاوییەکەی، پرۆسەی جێگیریی بۆ ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەش توێژەر جارێکی تر لە (١٠٪)ی فۆڕمەکانی کە (٢٥) فۆڕم دەکات، بەسەر (٢٥) ڕۆژنامەنووسی مشتەی توێژینەوەکەدا دابەشکردەوە، کە پێشتر کۆدی ژمارەیی بۆ هەر یەکێك لەو فۆڕمانە دانرابوون، دواتر وەرگیراوەتەوەو بۆ بەراوردکردنو پێوانەکردنی جیاوازیی نێوان وەڵامەکانیش، یاسای (سپێرمان) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا بەکارهێناوە، بەپێی ئەم یاسایەش ئەنجامەکەی کردیە (٩٠٪)، ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە بۆ پەسەندکردنی ڕاپرسییەکە.

---

[١] ناو و نازناوی زانستیو پسپۆڕیی پسپۆڕان:

| | | |
|---|---|---|
| د. ویسام فازڵ ڕازی | پرۆفیسۆر | زانکۆی بەغداد/ ڕاگەیاندن |
| د.عەلی جەبار ئەلشمەری | پرۆفیسۆر | زانکۆی بەغداد/ ڕاگەیاندن |
| د.مەغدید خدر سەپان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سەلاحەدین/ ڕاگەیاندن |
| د.فواد عەلی ئەحمەد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/ ڕاگەیاندن |
| د.هێمن مەجید حەسەن | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/ ڕاگەیاندن |
| د.بوشرا حسێن ئەلحەمدانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی عیراقیە-بەغداد/ ڕاگەیاندن |
| د.یەحیا عومەر ڕێشاوی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ ڕاگەیاندن |
| د.ئیبراهیم سەعید فەتحولا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/ ڕاگەیاندن |
| د.ڕێبەر گۆران مستەفا | مامۆستا | زانکۆی سلێمانی/ ڕاگەیاندن |

**ب. چاوپێکەوتن:** ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویستی توێژینەوە لە کەسێتییە پسپۆڕو تایبەتمەندو پەیوەست بە پرسەکان.

**ج. تێبینیکردن:** لە توێژینەوە وەسفییەکاندا تێبینیکردن یەکێکە لە شێواز و ڕێگا گرنگەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، توێژەر لەمیانی سەردانی بۆ دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکان تێبینی کارکردن و سیاسەتی میدیایی کەناڵەکان و تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسانی بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان کردووە، بەهۆی ئەوەی توێژەر خۆیشی لەناو واقیعەکەدایەو کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات، سەرنجیشی لە ڕەوشی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادی دەستکەوتنی زانیاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی داوە، ئەمەش دەرفەتێکی باشی پێداوە تاکو وردتر بچێتە ناو توێژینەوەکەوە و هەموو ڕەهەندەکانی بابەتەکە ببینێت‌و بابەتیانەتر خوێندنەوەی بۆ بکات.

**سنوری توێژینەوەکە:**

بۆ دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکە سێ لایەنی سەرەکی تێدا ڕەچاوکراوە:

**أ. بواری شوێن:** لەروی شوێنەوە پارێزگای (سلێمانی، هەڵەبجە)و ئیدارەکانی (گەرمیان، ڕاپەڕین) دەگرێتەوە، کە ژمارەیەك دەزگاو دامەزراوەی میدیاییان تێدایە.

**ب. بواری کات:** ماوەی وەرگیراوی مشتەی توێژینەوەکەیە، واتە ئەو ماوە گریمانکراوە بۆ زانینی تێڕوانینی بەرتوێژان (المبحوثین) بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دیاریکراوە، ئەویش دوو ساڵە: (٢٠١٥ – ٢٠١٦)، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان وەك دەزگایەکی چاودێرکاریی، کە کاریگەری کردووەتەسەر کاری زۆرینەی دەزگاو دامەزراوەکانی دیکە، هاوکات لەو ماوەیەشدا پانتایی ئازادیی دەستکەوتنی زانیاریی بەرتەسکبووەتەوە.

**ج. بواری مرۆیی:** بژاردەیەك لە گەیاندنکارو میدیاکارانن وەك مشتەی توێژینەوەکە کە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراون، کەوا کاری ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سایتە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکاندا دەکەن و لە بەشە جیاوازەکان بە جیاوازیی ئاستی تەمەن‌و خزمەت‌و پێگەکەیانەوە لە (پەیامنێر، پەیامساز -محرر- ، ل. لاپەڕە، ل. بەش، ل. دۆسیە، ل. شەفت، دەستەی نووسەران، سکرتاریەتی نوسین، بەڕێوەبەر، سەرنووسەرو تاد..).

**ڕێبازو ڕێکاری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی پەسنی (وەسفی)یە و بۆ تاوتوێکردنی لایەنە (کردەنی/ پراکتیکی)یەکەشی پشت بە ڕێکاری (ڕوپێوکاری/ مسح) بەستراوە، ئەوەش لەبەرئەوەی (ڕێبازی پەسنی)، بەپێی زۆرێك لە (سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو)، وەك ڕێبازێکی کارای بواری توێژینەوەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن ئاماژەی پێکراوە و بووەتە جێی متمانەی زۆربەی زۆری توێژەرانی ئەو بوارانە، هاوکات ڕێکاری (ڕوپێوکاری)یش، وەك

ڕێکارێکی کارا و بەرفراوان بە هەمان شێوەی ڕێبازی (پەسنی) سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە و بووەتە جێی متمانەیان.

**دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:**

**أ. پێگە:** واتا دۆخ و شوێن و شوێن پێی هەر کەس، ڕووداو، پرس و بابەتێکی دیاریکراو و تایبەت، لەناو پانتایی و ڕووبەرێکی گشتییدا.

**ب. ڕۆژنامەنووس:** هەرکەسێکە لە یەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا ( ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئۆنلاین) کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکات.

**ج. ڕۆژنامەنووسی:** پیشەی ڕۆژنامەنووسییە لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا، چ (بینراو، نوسراو، بیستراو یاخود ئۆنلاین) بێت.

**د. ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:** بریتییە لە گەڕانو شیتاڵکردنو بنکۆڵکردنی پرسو ڕووداوەکان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە شاراوەکان، یاخود ئەو پرسانەی کە هەڵەو کەموکورتییەکیان تێدایەو شاردراونەتەوە، پەردە لەسەر تەواوی وردەکاریی هۆکارو کاریگەرییەکانی پرسەکە هەڵدەماڵێت، و هەوڵدەدات لێپێچینەوە لە بەرپرسەکان بکات بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

**ه. یاسا:** کۆمەڵێك بنەمای گشتی سەپێندراوە، کە ڕەفتاری تاك لە ناو کۆمەڵ کۆنترۆڵدەکات و هەر پێشێلکردنێکی سزای خۆی هەیە، کە دەسەڵاتی گشتیی جێبەجێی دەکات.

**و. یاسای ڕۆژنامەنووسی:** بریتیە لەو بنەما یاسایانەی کە کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕێکدەخات بە شێوازێکی زۆرەکی لە ڕێگای دیاریکردنی ئەرك و مافەکانەوە.

**ز. ئێتیك:** بەمانای کۆمەڵێك هەڵسوکەوت و ئاداب و بەها دێت، کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاك و کۆمەڵ دیاریدەکات.

**ح. ئێتیکی ڕۆژنامەنووسی:** کۆمەڵێ بنەمایە، پیشەی ڕۆژنامەنووسیی ڕێکدەخات .

ط. **هەرێمی کوردستانی عیراق:** یەکەیەکی سیاسیی فیدراڵە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عیراقدا، کە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆكو هەڵەبجە دەگرێتەوە و خاوەنی حکومەت و ئاڵای تایبەت بەخۆیەتی.

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدات ئەو توێژینەوە کوردستانی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییانە بخاتەڕوو، کە تارادەیەك لە بابەتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەوە نزیکن.

## یەکەم/ توێژینەوە کوردستانییەکان:

### ١ - توێژینەوەی هێرش ڕەسوڵ موراد[1] ٢٠١١

ئەم توێژینەوەیە، تێزی دکتۆرای توێژەری کورد (هێرش ڕەسوڵ موراد)ە و لە ساڵی (٢٠١١)دا بەناونیشانی (الوظيفة الرقابية للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان –دراسة تحليلية وميدانية في جريدتي (کوردستانی نوێ) و (ڕۆژنامە) للمدة من ٢٠٠٩/١/١ لغاية ٢٠٠٩/١٢/٣١)، پێشکەشی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی شیکاریو مەیدانییە و تێیدا چەند ئامانجێك خراوەتەڕوو، کە بریتین لە:

أ - دیاریکردنی سنوری جێبەجێکردنی ئەرکی چاودێریکاری لەلایەن ڕۆژنامەنووسیی کوردییەوە، سەبارەت بە پرسە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستانو عێراق بە شێوەیەکی گشتی.

ب - دیاریکردنی سنوری هاریکاریکردن و بەدەمەوەهاتنی دەزگاو دامەزراوە حکومیی‌و حزبییەکان، بۆ داواکاریی کاری ڕۆژنامەنووسیی چاودێریکاری لە هەرێم.

ج - دەستنیشانکردنی ئاستی گرنگیدان بەو بابەتانەی کە سروشتێکی چاودێرکاری هەیە لەسەر ئاستی ڕووبەڕێکی دیاریکراو و شوێنی بڵاوکردنەوەو هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسی، کە ناوەڕۆکی چاودێرکاری بڵاودەکاتەوە.

د - دیاریکردنی سنوری فەراهەمکراو بۆ گەیشتن‌و دەستکەوتنی ئەو زانیارییە گرنگانەی ڕۆژنامەنووسان پێویستیانە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی ئەرکی چاودێرکاری بە شێوەی نهێنیی‌و ئازادانە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

أ - ئەرکی چاودێرکاری، گرنگترین ئەرکی ڕاگەیاندنە بەلای ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانەوە.

ب - ئاستەنگی سیاسی، دیارترین ئاستەنگی بەردەم ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە، ڕۆژنامەنووسان لەکاتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا ڕووبەڕووی کۆسپ و لەمپەر بوونەتەوە.

ج - جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە (یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧)، گرەنتی مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان نەکردووە بۆ دەستگەیشتنیان بە زانیارییەکان‌و مافی ئازادیی ڕادەربڕین.

[1] هيرش رسول مراد، الوظيفة الرقابية للصحافة، (بيروت، مكتبة زين الحقوقية و الادبية، ٢٠١٦).

### ٢ - توێژینەوەی کامیل عومەر سلێمان[(١)] ٢٠١٣

ئەم توێژینەوەیە، ماستەرنامەیەکە لە ساڵی (٢٠١٣)دا، لەلایەن توێژەری کورد (کامیل عومەر سلێمان)ەوە، بەناونیشانی (مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستاندا) پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی کراوە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و رێبازی روپێوکاری بەکارهێنراوە، توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

أ - زانینی ئاستی رەنگدانەوەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان لە یاسا گشتیو تایبەتییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

ب - زانینی پاساوی شاردنەوەی زانیارییەکان لە ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەسەڵاتە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕادەی درووستی و نادرووستییان.

ج - زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە گەیشتنیان بە زانیاری و سەرچاوەکانی زانیاری.

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەشی ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە، بریتین لە:

أ - لە هەرێمی کوردستاندا بە پاساوی جۆراوجۆر، ڕێگری لە ڕۆژنامەنووسان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دەکرێت، کە رێژەییە و لە پاساوێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی دروست و لۆژیکی نین و نەیانتوانیوە باوەڕ بە ڕۆژنامەنووسان بهێنن.

ب - کەمتوانایی و ناپیشەیی مامەڵەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرچاوەکانی زانیاری، ڕێگر و بەربەستن لە بەدەستهێنانی زانیاری.

ج - لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، زۆرینەی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەبارەی گەندەڵییەوە بڵاودەکرێنەوە سەرچاوەکانیان نادیار و نەزانراون، ئەویش لەبەر ترسی سزادان و نەبوونی یاسای پاراستنی سەرچاوەکانی زانیارییە.

### ٣ - توێژینەوەی ئاشتی حمەساڵح حسێن حسن[(٢)] ٢٠١٧

ئەم توێژینەوەیە، لە ساڵی (٢٠١٧)دا، لەلایەن توێژەری کورد (ئاشتی حەمەساڵح حسێن حەسەن)ەوە، بەناونیشانی (ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا)، لە گۆڤاری زانستیی (زانکۆی گەرمیان) بڵاوکراوەتەوە.

---

(١) کامیل عومەر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، (سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣).

(٢) ئاشتی حەمەساڵح حسێن حسن، ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، (گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (ژمارە-١٢)،٢٠١٧.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییەو ڕێبازی ناخشیکاریی بەکارهێنراوە، کە بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێك توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، گرنگترینیان بریتین لە:

أ - زانینی ئاستی بایەخپێدان بە بابەتی بنکۆڵکاری لەناو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا.

ب - ئاشکراکردنی هۆکاری نەبوونی بابەتی بنکۆڵکاری لەناو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا.

ج - زانینی کاریگەری کاری بنکۆڵکاری لەسەر گەشەکردنو هەستانەوەی ڕۆژنامەی چاپکراو لە هەرێمی کوردستاندا.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گەیشتووە بە چەند ئەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتین لە:

أ - بایەخدان بە بنکۆڵکاری لەناو گۆڤار و رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی خراپدایە.

ب - هۆکاری نەبوونی بابەتی بنکۆڵکاری لە ناو گۆڤار و رۆژنامە، بە پلەی یەکەم بۆ نەبوونی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارو بە پلەی دووەم بۆ کەمتەرخەمی رۆشنبیرانی بوارەکە دەگەڕێتەوە.

ج - بایەخدان بە بنکۆڵکاریو گەشەکردنی لە دەزگا میدیاییە چاپکراوەکاندا دەبێتە مایەی گەشەکردنو هەستانەوەی رۆژنامەی چاپکراو لە هەرێمی کوردستاندا.

## دووەم/ توێژینەوە عەرەبییەکان:

### ١ - توێژینەوەی هادی فلیح حسن[1] ٢٠١٢

ئەم توێژینەوەیە، لە ساڵی (٢٠١٢)دا، لەلایەن توێژەری عێراقی (هادی فلیح حسن)ەوە، بەناونیشانی (الصحافة الاستقصائية في العراق محافظات ذي قار، البصرة، المثني وميسان نموذجا) لە گۆڤاری زانستی کۆلێجی ئادابی (زانکۆی زیقار) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و تێیدا چەند ئامانجێك خراوەتەڕوو، کە بریتین لە:

أ- دەرخستنی توانای بوونی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە لە عێراقدا.

ب- زانینی ڕێژەی ڕەگەزی (نێر و مێ)ی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن.

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەشی ئەم توێژینەوە پێیگەیشتووە، بریتین لە:

أ - ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە عێراقدا هەیە، بەڵام ڕێژەکەی لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە.

ب - زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بنکۆڵکاریی دەکەن، لە ڕەگەزی نێرن.

---

[1] هادي فليح حسن، الصحافة الاستقصائية في العراق: محافظات (ذي قار، البصرة، المثنى وميسان) أنموذجا، (مجلة أداب ذي قار، المجلد الثاني، العدد٨، ٢٠١٢).

**ج - زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان بابەتیان لەبارەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری خوێندووەتەوە، یاخود خولی ڕاهێنانیان لەوبارەیەوە بینیوە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییان ئەنجامداوە.**

**د - زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان هەستیان کردووە، کە پرس و بابەت هەیە، شایەنی بنکۆڵکاری بووە، بەڵام کاریان لەسەر نەکردووە.**

**هـ - ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەلای زۆرینەوە، مانای ئاشکراکردنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی دەگەیەنێت، بەڵام لەمبارەیەوە هیچیان نەنووسیوە.**

**و - جەماوەر و ڕایگشتی گرنگی بە لایەنی بنکۆڵکاری دەدەن و هانی ڕۆژنامەنووسان دەدەن، بەپێچەوانەی لایەنە پەیوەندیدار و لایەنە سیاسییەکانی دیکەوە.**

## ٢ - توێژینەوەی حسێن محەمەد ڕەبیع عوسمان [1] ٢٠١٣

**ئەم توێژینەوەیە، تێزی دکتۆرای توێژەری میسری (حسێن محەمەد ڕەبیع عوسمان)ە و لە ساڵی (٢٠١٣)دا بەناونیشانی (الصحافة الاستقصائية كنمط مستحدث في الصحافة العربية) پێشکەش بە کۆلێجی ئادابی (زانکۆی قاهیرە) کراوە.**

**توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی بەراوردکاریی وەسفییە و تێیدا چەند ئامانجێك خراوەتەڕوو، کە بریتین لە:**

**أ - چاودێریی واقیعی پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ڕۆژنامەنووسیی میسری و ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار دەبنەوە لەکاتی کارکردنیاندا.**

**ب - هەوڵدان بۆ زانینی تێڕوانینی ئایندەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە لە ڕوانگەی دەستەبژێرێك لە ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی ڕۆژنامەکانەوە.**

**لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێیگەیشتووە بریتین لە:**

**أ - ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار کۆکن لەسەر ئەوەی یاساکانی ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی کاریگەریی خراپیان بەجێهێشتووە.**

**ب - دەرهاویشتەی کەشی یاسادانان، ئاستەنگێکە لەبەردەم ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار لەسەرجەم قۆناغەکانی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری.**

**ج - بژاردەی پیشەییو ئەکادیمی جەختیانکردووەتەوە، لە چوارچێوەی ئەو سیستمە سیاسییەدا کە پشت بە هەژموونی سیاسی دەبەستێتو مەودای ئازادی سنوردارەدەکات، ئایندەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی گەشەکردوو نابێت.**

---

[1] حسين محمد ربيع عثمان، الصحافة الاستقصائية كنمط مستحدث في الصحافة العربية: دارسة للواقع و الاشكاليات مع رصد توجهات النخب المهنية والاكاديمية نحو مستقبل هذا النمط في الصحافة المصرية، رسالة دكتوراه غير منشورة، (مصر، قسم الاعلام، كلية الاداب، جامعة المنيا، ٢٠١٣).

### ٣ - توێژینەوەی محەمەد سابیر ئەلشەرافی[1] ٢٠١٥

ئەم توێژینەوەیە، ماستەرنامەیەکە لە ساڵی (٢٠١٥)دا لەلایەن توێژەری فەڵەستینی (محەمەد سابیر ئەلشەرافی)یەوە، بەناونیشانی (واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية) پێشکەش بە زانکۆی (الإسلامية – غزة) کراوە.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکاریی مەیدانیی بەراوردکارییە، بەمەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێك ئەنجامدراوە، لەوانە:

أ - زانینی ئاستی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ڕۆژنامەنووسیی فەڵەستینیدا.

ب - زانینی ئەو پرسو بابەتانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا، بنکۆڵکارییان لەبارەوە ئەنجامدەدرێن.

ج - زانینی سەرچاوەکانی زانیاری لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەش کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە، بریتین لە:

أ - زۆربەی ڕۆژنامەکان کاری بنکۆڵکاری لەبارەی پرسە ئابوورییەکانەوە ئەنجامدەدەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی دۆخی ئابووری لە کۆمەڵی فەڵەستینیدا.

ب - پاڵنەرەکانی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، لە ئەنجامی پێویستیی کۆمەڵ لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیو ئاشکراکردنی لایەنی کەمتەرخەم لە بواری کارگێڕی، سەرچاوە دەگرێت.

ج - زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان خولی ڕاهێنانی تایبەتیان لەبارەی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە بینیوە.

د - ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەبنەوە لە فەڵەستین، خۆی لە کەمیی کادری ڕۆژنامەنووسو لاوازیی لایەنی ماددیو دابەشبوونی سیاسیو نەبوونی یاسایە کە مافی بەدەستهێنانی زانیاری زامن بکات.

### ٤ - توێژینەوەی بوشرا حسێن ئەلحەمەدانی[2] ٢٠١٦

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی زانستی توێژەری عێراقی (بوشرا حسێن ئەلحەمدانی)یە و پێشکەش بە سێیەم کۆنگرەی زانستی (نحو رؤية مستقبلية لبناء اعلام مسؤول)ی زانکۆی عێراقیە کراوە، بە ناونیشانی (معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية).

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و بە ڕێبازی ڕوپێوکاری ئەنجامدراوە و توێژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

أ - زانینی هۆکار و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە عێراقدا.

---

[1] محمد صابر الشرافي، واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية، رسالة ماجستير، غير المنشور، كلية الاداب، جامعة الاسلامية، غزة،٢٠١٥.

[2] د.بشرى الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية، بحث مقدم للمؤتمر العلمي الثالث " نحو رؤية مستقبلية لبناء اعلام مسؤول"، كلية الاعلام الجامعة العراقية، بغداد، نيسان ٢٠١٦.

ب - تێڕوانینی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن چییە؟.

تویژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

أ - ئاستەنگی یاسایی لەبەردەم ڕۆژنامەنووسان و نەبوونی یاسای تایبەت بە پاراستنیان، کاتێك دووچاری مەترسی دەبنەوە.

ب - سەختی گەشتن بە زانیارییەکان، یەکێکە لەو ئاستەنگانەی دێتە بەردەم ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکار، کە یەکێکە لە گەورەترین ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکار دەبێتەوە.

ج - نەبوونی پاڵپشتی دارایی لەلایەن دامەزراو ڕۆژنامەنووسییەکانەوە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە کاری بنکۆڵکاری ئەنجامدەدەن.

د - بوونی بەربەستی کەسیی کە خۆی لە لاوازی ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان دەبینێتەوە.

ه - ئاستەنگی ژینگەی کار، ئەوەش پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و نەبوونی دیموکراسییەوە.

## سێیەم/ تویژینەوە فارسییەکان:

### - تویژینەوەی بیلال محەمەد مەجید[1] ٢٠١٤

ئەم تویژینەوەیە، ماستەرنامەیەکە لە ساڵی (٢٠١٤)دا لەلایەن تویژەری کورد (بیلال محەمەد مەجید)ەوە، بەناونیشانی (موانع چالش های روزنامەنگاری تحقیقی در کردستان عراق) پێشکەش بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی علامە طبطبایی لە ئێران کراوە.

تویژینەوەکە، تویژینەوەیەکی وەسفییە و ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، تویژەر چەند ئامانجێکی لە ئەنجامدانیدا هەبووە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

أ - زانینو ناسینەوەی گرفتو ئاستەنگەکانی بەردەم کاری رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە روانگەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمەوە.

ب - زانینی ئاستی ئاشنابوونی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بە مۆدێلی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری.

ج - زانینی ئاستی گرنگیدانی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان، بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەشی کە تویژەر لە تویژینەوەکەیدا پێی گەیشتووە، بریتین لە:

أ - یەکێك لە ئاستەنگەکانی بەردەم نەبوونی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ بوونو بەردەوامی ڕۆژنامەنووسیی حزبیو نەبوونی دامەزراوەی سەربەخۆیە.

---

[1] بیلال محمد مجید، موانع و چالش های روزنامە نگاری تحقیقی در کردستان عراق، پایان نامە کارشناسی ارشد رشتە علوم ارتباطات اجتماعی گرایش روزنامە نگاری، دانشکدە علوم اجتماعی و ارتباطات، دانشگاە علامە طباطبایی، ١٣٩٤.

ب - جێبەجێنەکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، بە یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت.
ج - هێشتا ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی لەناو ڕۆژنامەنووسانو بەرپرسانی دامەزراوە میدیاییەکاندا بەباشی نەناسێنراوە.

## چوارەم/ توێژینەوە ئینگلیزییەکان:

- **توێژینەوەی** Jim onyango ongowo[1] ٢٠١١

ئەم توێژینەوەیە، ماستەرنامەیەکە لەساڵی (٢٠١١)دا، لەلایەن توێژەری بەریتانی ( Jim Onyango Ongowo)ەوە، بەناونیشانی (Ethics of Investigative Journalism)، پێشکەش بە زانکۆی لیدس، کۆلێژی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان کراوە.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی مەیدانیی بەراوردکارییە، بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك ئەنجامدراوە گرنگترینیان بریتییە لە:

- هەڵسەنگاندنی ئیتیکی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە کینیا و کوالیتی ڕۆژنامەی (کینیا تابلۆید) و برەودانی زیاتر بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەشی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بریتییە لە:

- پەیڕەوکردنی ئیتیکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری کارێکی سەختە، ئەوەش بەهۆی بوونی ژمارەی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسیی جیاواز.

[1] Jim onyango ongowo, Ethics of investigative journalism, master a dissertation, University of leeds, 2011.

**سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو:**

دوای خستنەڕووی نۆ توێژینەوە، پێنجیان بە زمانی عەرەبیو یەکێکیان بە زمانی ئینگلیزیو یەکێکی تریش بە فارسیو دووانی تریشیان بە زمانی کوردی، توێژەر هەوڵیداوە لە چەند روویەکەوە سودیان لێوەربگرێت، وەك:

- سودوەرگرتن لەرووی میتۆدی توێژینەوەو پلانو نموونەی توێژینەوەو هەنگاوە زانستییەکانیان.
- سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانییانو گەڕان بەدوای ئەو سەرچاوە زانستیانەی لەو توێژینەوانەدا خراونەتەڕوو.
- سودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو وەك سەرچاوەی زانستی.
- سودوەرگرتن لە فۆڕمی راپرسییەکانیانو چۆنێتیی ئامادەکردنی فۆڕمی راپرسیو داڕشتنەوەی بڕگەو پرسیارەکان.
- بەراوردکردنی پێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لە هەرێمی کوردستان، بەو وڵاتانەی کە توێژینەوەکانی پێشووتری لەسەر ئەنجامدراون.
- سودوەرگرتن لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکان و لە ڕووی ئەنجام و شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە لە ڕووەکانی ئامانج و میتۆد و ئەنجامەوە لەگەڵ ئەو توێژینەوانەدا بەراورد دەکەین.

لە ڕووی ئامانجەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ئاشتی حمەساڵح حسێن حەسەن ٢٠١٧)، (حسێن محەمەد رەبیع عوسمان ٢٠١٣)، (محەمەد سابیر ئەلشەرافی ٢٠١٥)، (بیلال محەمەد مەجید ٢٠١٤) خاڵی لێکچووی هەیە.

لە ڕووی میتۆدەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی (هێرش رەسوڵ موراد ٢٠١١) خاڵی لێکچووی هەیە و لەگەڵ توێژینەوەکانی (کامیل عومەر سلێمان ٢٠١٣)، (هادی فلیح حەسەن ٢٠١٢)، (بوشرا حسێن ئەلحەمەدانی ٢٠١٦) هاوشێوەیە.

لە ڕووی ئەنجامەوە، ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (ئاشتی حمەساڵح حسێن حسن ٢٠١٧)، (هادی فلیح حەسەن ٢٠١٢) هاوشێوەیە. لەگەڵ توێژینەوەکانی (هێرش رەسوڵ موراد ٢٠١١)، (بوشرا حسێن ئەلحەمەدانی ٢٠١٦)، (بیلال محەمەد مەجید ٢٠١٤)، خاڵی لێکچووی هەیە.

# بەشی دووەم

# ڕۆژنامەنووسی و ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

## باسی یەکەم: ڕۆژنامەنووسی

**یەکەم/ چەمکی ڕۆژنامەنووسی**

**دووەم/ پێناسەی ڕۆژنامەنووسی**

## باسی دووەم: ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی و هۆکارەکانی بەدەسەڵاتبوونی ڕاگەیاندن

**یەکەم/ ئەرکی ڕۆژنامەنووسی**

**دووەم/ ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی**

## باسی سێیەم: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا

**یەکەم/ ئاستی پیشەیی**

**دووەم/ ئازادیی کار**

**سێیەم/ ئەرکی چاودێرکاری**

**چوارەم/ چوارچێوەی ئێتیکی و یاسایی**

# بەشی دووەم

## ڕۆژنامەنووسی و ئەرکی چاودێرکاری لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

### باسی یەکەم: ڕۆژنامەنووسی

**یەکەم/ چەمکی ڕۆژنامەنووسی:**

ڕۆژنامەنووسی وەك هەر چەمك و زاراوەیەکی تری نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان، پێناسە و لێکدانەوەیەکی تایبەت و دیاریکراویی نیە، بەڵکو بە چەندین جۆر ناسێنراوە و هەر بوارێکی زانستی مرۆڤایەتی لە گۆشەنیگای خۆیەوە شرۆڤەی بۆ ئەم زاراوەیە کردووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە پێکهاتە و ناوەڕۆك و تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنووسی ون بکات، بە پێچەوانەوە گرنگی و ڕۆڵی لەنێو زانستەکاندا زیاتر دەکات.

سەبارەت بە چەمکی ڕۆژنامەنووسی، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا ئەم چەمکە بە واتای Press بەکاربراوە، کە پەیوەندیی بە چاپ و چاپەمەنییەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانەوە هەیە، لە هەمانکاتدا Journal یش دەگرێتەوە، کە مەبەست لێی ڕۆژنامەیە و Journalism یش بە ڕۆژنامەنووسی و Journalist یش بە واتای کەسی ڕۆژنامەنووس هاتوون، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین، چەمکی ڕۆژنامەنووسی لە یەککاتدا هەردوو چەمکی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس دەگرێتەخۆ.[(١)]

لە بەرامبەر چەمکی ڕۆژنامەنووسیدا، بەشێك لە توێژەران و ڕۆژنامەنووسانیش چەمکەکانی (ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەگەری) بەکاردەهێنن، بەڵام د.کەمال مەزهەر، نووسەر و ڕووناکبیر دەڵێت: "ڕۆژنامەنووسی زیاتر لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا دەگونجێت، نەك ڕۆژنامەگەری، چونکە لەبەرامبەر (صحفی)یدا وشەی (ڕۆژنامەنووس) نەك (ڕۆژنامەگەر) بەکاردێنین".[(٢)]

ڕۆژنامەنووسی، هەموو ئەو هەنگاو و کردارانەیە کە بۆ نوسین یان ئامادەکردنی پەیامێکی ڕاگەیاندن بەڕێوەدەچن، زیاتر پەیوەستە بە پەیامێکی نووسراوەوە بۆ هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن، بەو پێیەی لە ڕۆژنامەی چاپکراودا نووسین ڕەگەزێکی زاڵە، بۆیە ئەم چەمکە زیاتر بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو بەکارهێنراوە، هاوکات بۆ ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن وەك تەلەڤزیۆن و رادیۆ، هەر دەوترێت ڕۆژنامەنووسی وەك (ڕۆژنامەنووسیی بینراو و ڕۆژنامەنووسیی بیستراو).

بەبۆچوونی بەشێك لە توێژەرانیش، چەمکی ڕۆژنامەنووسی تەنها ڕۆژنامە و بڵاوکراوە چاپکراوەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی لە دوای سەرهەڵدانی ئامێری چاپکردن لە ناوەڕاستی سەدەی پانزدەیەمەوە دەرکەوتن، واتا دیاردەی ڕۆژنامەنووسی لە جیهاندا بەدەرچوون و چاپکردنی یەکەم ڕۆژنامە دەستپێدەکات، ئەمەش رای جیاواز و پێچەوانەی لەنێو پسپۆڕ و توێژەرانی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن دروستکردووە و پێیانوایە، مرۆڤ پێش دەرکەوتنی

---

(1) Onions C.T. The Oxford dictionary, clarendon London, Third edition, volume11,press. Oxford, pp 1662-1663.

(٢) کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، (بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨)، ل٥.

ئامێری چاپو ڕۆژنامەی چاپکراو ئاشنایەتی لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسیدا هەبووە، بە شێوەیەك ڕۆژنامەنووسی هێندەی درێژی تەمەنی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دێرینەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی فووکردن بە کەڕەنەدا بانگەشەی بۆ هەواڵەکان کردووە.[١] توێژەریش، چەمکی ڕۆژنامەنووسی بەرامبەر بە پیشەی هەموو ئەوکەسانە بەکارهێناوە، کە لە یەکێك لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، میدیای ئەلیکترۆنی)دا کاردەکەن.

ڕۆژنامەنووسی، بە گوێرەی چاخو سەردەمەکان دێرینەو ئەو زانیارییانە بڵاوکراونەتەوە، کە بە لای خەڵکییەوە بایەخداربوون، بەڵام بەم شێوازو تەکنیکەی ئێستا نەبووە، مێژووی بڵاوکردنەوەی زانیاریو بیروڕاکان بۆ سەردەمی بابلییەکان دەگەڕێتەوە، کە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوە گرنگەکانو ناساندنیان بە خەڵك تاتی قوڕیان بەکاردەهێنا، لە چینیشدا بە درێژایی (١٥٠٠) ساڵ جاڕنامەیەك بەناوی (ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژ)ەوە دەردەچوو بۆ گەیاندنی هەواڵو یاساو جاڕنامەکان بە هاوڵاتیان.[٢]

هەروەك ڕۆژنامەنووسی کایەیەکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییە، بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهێنانی رایگشتی دادەنرێت.[٣] ڕۆژنامەنووسی، هونەری بڵاوکردنەوەو تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژە بەشێوەیەکی وردو ڕێکخراو، بە لەبەرچاوگرتنی خواستەکانی رایگشتیو ئاراستەکانیان، هەروەها گرنگیدان بە گروپە کۆمەڵایەتیەکانو گواستنەوەی هەواڵەکانیانو وەسفکردنی چالاکییەکانیان، پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانیان.[٤]

تائێستا مشتومڕو لێکدانەوەی ئەوەی کە ئایا ڕۆژنامەنووسی زانستە یاخود بەهرەیە لە نێو پسپۆڕانو توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بەردەوامە، ئەوانەی پێیانوایە زانست نیە لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوە بۆ ڕۆژنامەنووسی دەکەن کە ڕۆڵو ئەزموونی کەسیی خاڵی سەرکەوتنە، لەبەرامبەریشدا ئەوانەی پێیانوایە، زانستە جەختدەکەنەوە، کە بەبێ پرەنسیپو ڕێسا زانستییەکان ناتوانرێت کاری ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو ئەنجامبدرێت، هەر بۆیە دەبینین لە ساڵی (١٨٦٩ز)یەوە خوێندنی ڕۆژنامەنووسیی لە زانکۆو پەیمانگاکان بووەتە زانستو هونەرێکی سەربەخۆ، تەنانەت لەنێو هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندندا هەر بەشێکی بووەتە زانستێكو هونەرێکی سەربەخۆ.[٥]

توێژەریش پێیوایە، ڕۆژنامەنووسی لە یەککاتدا زانستو بەهرەو پیشەسازییە لە ڕووی چاپکردنو بڵاوکردنەوەو گەشەکردنو بەڕێوەبردنو ڕێکلامەوە، دەکرێت بڵێین بازرگانیو پیشەسازییە، ڕۆژنامەنووسی بە مانای بابەت لە ڕووی ناوەڕۆکی پەیامو داڕشتنەوەو خستنەڕووی بۆچوونەکان، دەتوانین بڵێین زانستو بەهرەیە.

---

[١] فاروق ئەبو زەید، سەرەتایەك لە زانستی ڕۆژنامەوانی، و: فەرەیدون ڕەئوف عارف، (سلێمانی، خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦)، ل٢٨.

[٢] حەبیب کەرکووکی، پێشەکییەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، و: ڕابەر ڕەشید، (هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٨)، ل٤٥-٤٦.

[٣] کەمال سەعدی، چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا، (هەولێر، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٦)، ل١١.

[٤] مشعل سلطان عبد الجبار، ایدیولوجیا الکتابة الصحفیة، (عمان، دار اسامة للنشر التوزیع، ٢٠١٢)، ص٣٠.

[٥] شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لە ڕۆژنامەدا، (کەرکوك، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی ی.ن.ك، ٢٠٠٧)، ل٤٢.

ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەنووسی بەپێی ئەو جیاوازییەی لە ڕووی سیاسەتی گشتیو سیاسەتی کەسییو تایبەتی خاوەن دامەزراوەکان هەیانە، لە پێشکەشکردنو شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەواڵو بیروبۆچوونەکان جیاوازیان هەیە و، هەریەکەو بەپێی سیاسەتی خۆی پەیامەکان دەگەیەنێتە وەرگر.[١]

هەندێکی دیکە، ڕۆژنامەنووسی بە یەکێك لە شێوەکانی پەیوەندیی گشتی دادەنێن، کە ئامانجی پێشکەشکردنو بڵاوکردنەوەی زانیارییە بە جەماوەر بە مەبەستی پێکهێنانی بیرۆکەیەك، یان ڕاستکردنەوەی بیرۆکەیەکی هەڵە، بە واتایەکی تر ڕۆژنامەنووسی ئامرازێکی ئیجابییە، کە ئامانج لێی گەیاندنی بیرۆکە، یان زانیارییەکی دروستە بە هاوڵاتیان، ڕەنگە ئەمەش بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکێکی هەڵە لەبارەی بیرۆکەیەك، یان ڕوونکردنەوەو وردبوونەوەی بیرۆکەیەك کە دیوێکی تاریكو ناڕوونی هەیە.[٢]

پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە ڕووی چەندێتیو چۆنێتییەوە بازدانێکی گەورەی دا،و بوو بە یەکێك لەو پیشە سەرەکیانەی کە شۆڕشی پیشەسازی بەرهەمیهێنا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم پیشەی ڕۆژنامەنووسی قەبارەی ڕاستینەی خۆی لە بازاڕی کاردا وەرگرت، ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆیی خۆی وەرگرتو بە تەواوی لە کایە ئەدەبو ڕۆشنبیرییەکانی تر جیابووەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ هەژموونیان بەسەر کارو پیشەی ڕۆژنامەنووسیەوە کردبوو.[٣]

سەرباری ڕاستییە نەگۆڕەکان، بە شێوەیەکی بابەتیی هەواڵو زانیارییو بۆچوونەکان دەگەیەنێتە جەماوەر، تاوەکو یارمەتیدەربێت لە پێکهێنانی ڕایەکی دروستو واقعی، هەروەك بەشێك لە توێژەران پێیانوایە، ڕۆژنامەنووسی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی دیموکراتیو بەکاردێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵكو بەرچاوڕۆشنیان پێدەدات، تاوەکو چاودێربن بەسەر کاروبارەکانەوە.[٤]

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆژنامەنووسی بووەتە هێزێکی گەورەو پیشەسازییەکی مەزن، کارکردن تێیدا پێویستی بە بەردەستبوونی توانای گەورەی داراییو کەرەستەی پێشکەوتوو هەیە.[٥] هەروەك بە چەکێکی کاراو کاریگەر دادەنرێت، کە هاوشێوەی ئەو چەکانەی ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر پێگەی دەوڵەتو پەیوەندییە

---

[١] محمد نصر مهنا، الاعلام السياسي بين التنظير والتطبيق، (الاسكندرية، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ٢٠٠٧)، ص٢١٧.

[٢] محمد الامين أبو هجار، الاعلانات الصحفيةء المسؤلية الجنايية، (القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠١١)، ص١١.

[٣] حميد جاعد محسن، من هو الاعلامي - الصحفي، مجلة باحث الاعلامي، تصدر عن كلية الاعلام – جامعة بغداد، عدد ٦-٧، حزيران ٢٠٠٩، ص٣٤.

[٤] علي اسماعيل الجاف، مفهوم الأعلام وعناصره، الموقع مركز النور للدراسات، (٢٠١٦/١٢/٧)، http://www.alnoor.se/article.asp?id=145464

[٥] تيسير ابو عرجة، دراسات في الصحافةء الاعلام، (عمان، دار مجدلاوي للنشرء التوزيع، ٢٠٠٠)، ص١٨.

نێودەوڵەتییەکان، ڕۆژنامەنووسیش بایەخی هەیەو یەکێکیشە لە گرنگترین کەرتەکانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.(١)

هەندێك وایدەبینن، کە ڕۆژنامەنووسی گوزارشتە لە پیشەسازی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەش بریتییە لە بڵاوکراوەیەکی چاپکراو کە هەواڵو زانیارییو ناسەوانی بڵاودەکاتەوە، لەکاتێکی دیاریکراودا دەردەچێتو لە بەرامبەر بڕێك پارە بە جەماوەر دەفرۆشرێت(٢). لە ئەمڕۆشدا ڕۆژنامەنووسی زیاتر چوارچێوەیەکی پیشەسازی وەرگرتووەو سەرمایەدارو کۆمپانیا گەورەکان بۆ دەستکەوتنی بڕێکی زۆر لە قازانج وەبەرهێنان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا دەکەنو پەنایان بردووەتە بەر دامەزراندنی چەندین ئامرازی جیاجیای ڕاگەیاندن. بەڵام لە بنەڕەتدا ڕۆژنامەنووسی پیشەو پەیامە، نەك بازرگانیو دروشمی بریقەدار، بەڵکو هەڵگری فکرەو ئامرازو ئامانجە، ئەو دەنگەیە کە هزری ڕایگشتی ئەدوێنێت، بۆیە یەکەم ئەرکی ڕۆژنامەنووسی گواستنەوەی هەواڵو زانیارییە بەبێ لایەنداری کەسییو پاراستنی ڕاستییەکان، بەهێزی وشە ژیانێکی دەروونیو سیاسیو ئابووریو فکریی بۆ گەلان دروستدەکات.(٣)

لێرەشەوە گرنگی ڕۆژنامەنووسی، وەك ڕەهەندێکی گەورەو کاریگەریی پرۆسەی کەمیونیکەیشن دەردەکەوێت، کە چ ڕۆڵێکی ئێجگار کاراو بەهێز دەبینێت لە بزاوتەکانی کۆمەڵو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بزاوتەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵەکان تۆماردەکرێنو سودێکی گەورەش بە ئەرشیف دەگەیەنن.(٤)

بۆ ئەوەی پەیامە سەرەکییەکەی ڕۆژنامەنووسی بە باشی بگاتە جەماوەر، ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە وەرەبەرزییو پشوو درێژییو بوێریی هەیە، دەبێت لە هەوڵو کۆششی بەردەوامدابنو نەبەزانە ڕووبەڕووی هەر کۆسپو ئاستەنگێك ببنەوە، کە لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا دێتە ڕێگایان.(٥) هەروەك بۆ ئایندەی بوونی کۆمەڵی دیموکراتی، ڕۆژنامەنووسیی چالاكو خاوەن تواناو بەرپرس پێویستە، کە بتوانێت زانستو تێگەیشتن پێشکەشی جەماوەر بکات.(٦) ڕەنگە هەر ئەم هۆکارانەش وای لە (تۆماس جیڤرسۆن)، یەکەم وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو سێیەم سەرۆکی ئەو وڵاتە کردبێت، کە بڵێت: "ئەگەر لە نێوان حکومەتێك بەبێ ڕۆژنامەنووسیو ڕۆژنامەنووسی بەبێ حکومەت سەرپشك بکرێم، ئەوا بێ دوودڵی دووەمیان هەڵدەبژێرم".(٧)

---

(١) محەمەد ئەلدروبی، ڕۆژنامەگەرییو ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخ، و: سۆزان جەمالو لوقمان غەفور، (سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦)، ل٧٩.

(٢) سامان فوزي عمر، المسؤولية المدنية للصحفي، (عمان، دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧)، ص٢٤.

(٣) محرز حسين غالي، صناعة الصحافة في العالم، (بيروت، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٩)، ص١١٨.

(٤) هەڤاڵ ئەبوبەکر، ڕۆژنامەوانیی لەسەردەمی جیهانگیرییدا، (سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢)، ل٣٥.

(٥) مالکۆلم ئێف مالێتی، هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان، و: ئازاد حەسەن فەتاح، (سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی، ٢٠٠٣)، ل٣.

(٦) کورتیس ماکدوگاڵ، بنەماکانی هەواڵنووسین، و: هەندرێن شێرزاد، (بەبێ ناوو شوێنی چاپ، بەبێ ساڵ)، ل١٨.

(٧) برنار بوليه، نهاية الصحف ومستقبل الاعلام، ت: خالد طه الخالد، (سعودية، دار العربية للعلوم ناشرون، ٢٠١١)، ص٣٧.

هەربۆیە (هیگڵ) سەبارەت بە گرنگیو ڕۆڵو بایەخی ڕۆژنامەنووسی لە ساڵی (١٨٢٠ز) جەختیکردووەتەوە، کە "ڕۆژنامە نوێژی بەیانی عەلمانییە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ"، هاوکات (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە وتارێکیدا لە تەمموزی (١٨٥٠ز)دا دەڵێت: "وەکچۆن سەروەریی نیشتمانیم بە هەموو ڕاستییەکەییەوە دەوێت، ئاوهاش ڕۆژنامەنووسیم بە هەموو ئازادییەکیەوە دەوێت".(١)

ئاشنایەتیی کوردیش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی، لە ئاست نەتەوەکانی تردا مێژوویەکی درێژی نییەو کەمترە لە ١٢٠ ساڵ، لەو ماوەیەشدا بە ڕەوتو قۆناغی جیاجیاو لەژێر سایەی تۆڕی سانسۆرو داگیرکەرو ئاوارەییو دەربەدەریدا تێپەڕیوە، لە ئێستاشدا بە سوودوەرگرتن لە ئامرازو گەشەی تەکنۆلۆژیا ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیش هەنگاوی باشی بڕیوە.(٢)

**دووەم/ پێناسەی ڕۆژنامەنووسی:**

قورسە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕۆژنامەنووسی بکرێت، بەڵکو وەك هەر زانستو دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، هەربۆیە لێکۆڵەرانو پسپۆڕانی بواری میدیا لە گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ ڕۆژنامەنووسی کردووە.

بەشێکیان پێناسەی ڕۆژنامەنووسی دەکەن، بەو چالاکییە تایبەتەی کە سەرقاڵی کۆکردنەوەو ڕێکخستنو بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیارییو سەرنجەکانە بەشێوەیەکی خێراو لە کورتترین ماوەدا بە ئامانجی گەیاندنی بە جەماوەر.(٣)

هەندێکی تر پێیانوایە، ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە: پێدانی هەواڵی ڕاستو زانیاریی وردو ڕاستییە جێگیرەکانە بە هاوڵاتیان، کە یارمەتیان دەدات لە پێکهێنانی رایەکی گونجاو بەرامبەر بە واقیع یان کێشەکان، هەروەها گوزارشتێکی بابەتی لە عەقڵی جەماوەرو بۆچوونو ئاراستەکانیان دەکات.(٤)

بەلای بەشێکی تر لە لێکۆڵەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی، بریتییە لە گوزارشتکردنێکی بابەتیی لە عەقڵی جەماوەر و ڕۆح و ئاراستە و مەیلیان لە هەمان کاتدا(٥).

---

(١) فرنسیس بال، الميديا، ت: د.فؤاد شاهين، (فرنسا، دار الكتاب الجديدة المتحدة، ٢٠٠٨)، ص١٥.

(٢) محمد دلێر امینو فازل مجید محمود، ڕەخنەو قۆناغی گەشەکردنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٢)، ٢٠١٤، ل١٤٦.

(٣) هێرش ڕەسوڵ، ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان، (سلێمانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠٠٦)، ل١١.

(٤) بسام عبدالرحمن المشاقبة، الاعلام التعاوني، (عمان، دار اسامة للنشر التوزيع، ٢٠١٦)، ص٣٤.

(٥) مختار مفتاح السنوسى، الإعلام الدولي الاسس والمفاهيم، (عمان، دار زهران، ٢٠٠٨)، ص١٣.

هەندێکی تر بەمشێوەیە پێناسەی دەکەن، ڕۆژنامەنووسی بە تەنها ئامرازێك نییە لە ئامرازەکانی بانگەشەو پڕوپاگەندەی سیاسیو کۆمەڵایەتی یان وروژاندنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بە گوزارشتکردن لە مافو ڕایگشتی بووتە هۆکارێك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵ.(١)

(کۆمەڵەی مەشقکردن لەسەر ڕاگەیاندنی ئەمەریکی)، بەمجۆرە پێناسەی ڕۆژنامەنووسی کردووە، پرۆسەی گۆڕینەوەی بیروباوەڕو زانیارییە لە پێناو دۆزینەوەی لێکگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان توخمەکانی مرۆڤایەتیدا.(٢)

هەروەك بەلای بەشێك لە توێژەرانەوە ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە زانستی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە، تەنها ڕێگایە بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو هۆشو زانیاری و ڕابەری چالاکی بیروڕایە لە کۆمەڵدا.(٣)

هەندێکی تر پێناسەی ڕۆژنامەنووسی دەکەن، بەوەی پرۆسەی ناردنو گەیاندنی پەیامەو پێدانو ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە ئیتر ئەو پەیامو زانیاریانە بیستراو، یان بینراو، یاخود نوسراون بن.(٤)

بەشێکی تر ڕۆژنامەنووسی پێناسە دەکەن، بە پرۆسەی گواستنەوەی زانیاریو ناسەوانی (مەعریفە)، ڕۆشنبیریی فکرییو ڕەفتارییە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو بڵاوکردنەوەوە بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری.(٥)

هەندێکی تر لە توێژەرانی بوارەکە، بەمجۆرە پێناسەیانکردووە، ڕۆژنامەنووسی کۆی ئەو بڵاوکراوە چاپکراوانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی خولەکی دەردەچن، ڕۆژانە یان هەفتانە یان نیو مانگ جارێك یان مانگانە، هەروەها ڕۆژنامەنووسی ڕاوبۆچوون یان ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند، یان سەرجەم ئەو بوارانە دەگرێتەوە لەگەڵ پابەندبوونی بە ئامانجە سەرەکییەکانەوە.(٦)

کەواتە لە پێناسەیەکی گشتگیردا دەتوانین بڵێین، ڕۆژنامەنووسی بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو زانیاری وردو بیروڕاو بانگەشەو پروپاگەندەی سیاسیی بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر لە ڕێگەی یەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

---

(١) مرعي مدكور، الصحافة الاخبارية، (القاهرة، دار الشروق، ٢٠٠٢)، ص٣١.

(٢) بڕوانە: ئەرشەد خەلیل شوانی، ڕاگەیاندنو هۆشیاریی سیاسی، (هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠١٤)، ل١٧.

(٣) محمد الامين أبوهجار، مصدر سابق، ص١١.

(٤) محمد عبدالملك المتوكل، مدخل إلى الاعلاء الرأي العام، (صنعاء، دار المتوكل، ٢٠٠٥)، ط٢، ص١٤.

(٥) فهد بن عبدالرحمن الشميمري، التربية الاعلامية، (الرياض، مكتبة الملك فهد للنشر، ٢٠١٠)، ص٥٢.

(٦) شاخەوان مەلا محەمەد، ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا، (هەولێر، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠١٤)، ل٣١.

## باسی دووەم: ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی و هۆکارەکانی بەدەسەڵاتبوونی ڕاگەیاندن

**یەکەم/ ئەرکی ڕۆژنامەنووسی:**

هەرچەندە ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی بە شێوەیەکی گشتی دیاریکراون، بەڵام بەپێی کۆمەڵەکانو شێوازی پێکهاتەی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵانەش دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لە هەموو وڵاتێك، یان لە هەموو کۆمەڵێك وەکیەك بن.

ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی لە هەر کۆمەڵو سەردەمێکدا بێت، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵدەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان لە پرسە جۆربەجۆرو بابەتە هەنوکەییو چارەنوسسازەکاندا.[1]

بەشێکی زۆری توێژەرانو پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەنووسی هاوڕاو کۆکن لەسەر دەستنیشانکردنی چەند ئەرکێکی سەرەکیی لە هەر کۆمەڵو شێوازێکی حکومڕانیدا بێت، کە لەمانەی خوارەوە پێکهاتوون:

**١ - بڵاوکردنەوەو گەیاندنی هەواڵو زانیاری:** بە یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی لەقەڵەم دەدرێت، هاوڵاتیان لە سەرجەم ڕووداوو هەواڵە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو وەرزشییەکان ئاگاداردەکاتەوە، کە لە دەوروبەریان ڕوودەدەن، ئیتر ئاخۆ ناوخۆیی بن یاخود دەرەکی، هەربۆیە ڕۆژنامەنووسی بووەتە کەرەستەو ئامرازێکی پێویستی خەڵك بۆ ئاگاداربوون لە هەواڵو ڕووداوەکان، ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە ڕۆژنامەنووس هەر ڕووداوو پێشهاتێك هەبێت بۆ جەماوەری دەگوازێتەوە، بەڵکو گەیاندنو بڵاوکردنەوەی هەواڵیش بەپێی پرۆسەیەکی ڕۆژنامەنووسیو بەپێی سیاسەتو ئەجێندای دامەزراوە ڕۆژنامەنووسیەکەو پشتبەستن بە زانیاریو وردەکاریی ڕووداوەکان، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ ئەنجامدەدرێت.[2]

**٢ - پەروەردەو فێرکردن:** بەشێك لە شارەزایان پێیانوایە، ڕۆژنامەنووسی هاوتەریب لەگەڵ خێزانو خوێندنگا ڕۆڵی هەیە لە پەروەردەو فێرکردنداو تەنانەت بۆچوونیان وایە، لە خوێندنگاکان زیاتر دەتوانن لە بونیادنانی ڕۆشنبیری لای منداڵ ڕۆڵ بگێڕن، لەبەرامبەریشدا هەندێك لە پسپۆڕانی ڕۆژنامەنووسی بڕوایان وایە، بەو پێیەی ڕۆژنامەنووسی وەك شمشێری دوو سەر وایە، ئەگەر بە باشی بەکارنەهێنرێتو ئاراستە نەکرێت، ڕەنگە ببێتە کەرەستەیەکی خراپو وێرانکار، ئەمەش دواجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە سیاسەتی دامەزراوە ڕۆژنامەنووسیەکان دادەنێن.

**٣- بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون:** جگەلە هەواڵ، بڵاوکردنەوەی بۆچوونو بیروڕا جیاوازەکان دەربارەی دیاردەو پرسە جیاجیاکان، یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی، کە دواتر بەهۆیەوە ڕۆژنامەنووسی ڕاوبۆچوون سەریهەڵدا، کە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێکهێنانی ڕایگشتی لە کۆمەڵە مەدەنییە پێشکەوتووەکاندا، کە ڕێگە بە گوزارشتکردن لە بیروڕا دەدات.[3]

---

[1] بەهادین ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس لەنێوان بەجێهێنانی پیشەو پابەندبوونی بە یاسا، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە١٣، بەهاری ٢٠٠٨، ل١٤٨.

[2] سامان فوزي عمر، المسؤولية المدنية للصحفي، مصدر سابق، ص٣٨.

[3] مەجید ساڵح، ڕاگەیاندنو سیاسەتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، (سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠١٦)، ل٣٤.

**٤ - هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن:** بڵاوکردنەوەی زانیاریو بابەتە ڕۆژنامەنووسیەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی زانیارییو پەرەپێدانی بنەما ڕۆشنبیرییەکان، هەندێك گرنگی ئەم ئەرکەی ڕۆژنامەنووسی دەبەستنەوە بە بابەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی ڕۆڵی لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە بنەماکانو ئیجرائاتەکان هەیە و ئاگادارییاندەکاتەوە لە هەڕەشە ناوخۆییو دەرەکییەکان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها فراوانکردنی مەودای گفتوگۆو بەشدارپێکردنو هەستکردن بە ئینتمای قوڵ بۆ گەل، هەموو ئەمانەش بەشێوەی پێکەوە بەستراو پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەی پرۆسەی ڕۆشنبیریکردندا.(١)

**٥ - کاتبەسەربردن:** بۆ دورخستنەوەی جەماوەر لە بابەتە جددییو وشکەکان، دامەزراوە ڕۆژنامەنووسیەکان بە پێشکەشکردنی بابەتی خۆشو هەمەڕەنگ هەوڵدەدەن، دڵی جەماوەرەکەیان بە هەموو تەمەنو ڕەگەزەکەیانەوە رازی بکەن، تاوەکو کەمێك لە خەمەکانیان بە بادا بدەنو لە دڵەڕاوکێو نارەحەتییەکانی ژیان دوور بکەونەوەو دەروونیان ئاسودەبکەن، زۆرێك لە ڕۆژنامەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەی ڕۆژنامەنووسی، لاپەڕەی تایبەتیان تەرخانکردووە بە جۆرەها یاریو بابەتی کاتبەسەربردن، لە تەلەڤزیۆنەکانیشدا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەی کۆمیدییو هەمەڕەنگو گۆرانییەوە، کاتێکی خۆش بۆ بینەرەکانی تەرخاندەکات، لە ڕادیۆشدا بەهەمانشێوە.(٢)

هەربۆیە، کاتبەسەربردن بە ئەرکێکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە دەروونییو کۆمەڵایەتییەکانو ڕەواندنەوەی ئاڵۆزییەکان لەسەر ئاستی تاكو کۆمەڵدا لە هەموو کۆمەڵکان.(٣)

لەگەڵ ئەو ئەرکە سەرەکیانەشدا، ژمارەیەك لە توێژەرانی دیاری ڕۆژنامەنووسی چەند لایەنێکی دیکەیان وەك ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی دیاریکردووە، (ویلبر شرام)* یەکێکە لەو توێژەرانەی بواری ڕۆژنامەنووسیو گەیاندن (کۆمونیکەیشن)، کە بەپێی بۆچوونو رای خۆی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی دەستنیشانکردووەو لە چەند خاڵێکدا کۆیکردوونەتەوە، بریتین لە:(٤)

**أ - ئەرکی چاودێرکاریی:** (ویلبر شرام) پێیوایە، ڕۆژنامەنووسی لە ڕێگەی ئامادەکردنی راپۆرتەکان سەبارەت بە هەڵەو ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕوبەڕوی کۆمەڵ دەبنەوە، هەروەها هۆشیارکردنەوەو ورياکردنەوەی کۆمەڵ بە هەڵەو کەموکورتییەکانو ئەو مەترسیانەی هەڕەشەن لەسەریان، ڕۆژنامەنووسی ئەرکی چاودێر دەبینێت، هەروەها

---

(١) سامان فوزي عمر، المسؤولية المدنية للصحفي، مصدر سابق، ص٣٨.

(٢) مەجید سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

(٣) حسين علي الفلاحي، الديمقراطية والاعلام والاتصال، (بغداد، دار غيداء للنشر والتوزيع، ٢٠١٤)، ص٢٣٨.

* ویلبر شرام (١٩٠٧-١٩٨٧)ئەمریکا، یەکێکە لەو توێژەرانەی کە لە بواری ماس کۆمونیکەیشندا خاوەنی رای خۆیەتی، دامەزرێنەری یەکەمین بەشەکانی خوێندنی کۆمونیکەیشنە لە زانکۆکانی ئەمریکادا، خۆی بە یەکەمین کەس ناساند وەك توێژەری بواری کۆمونیکەیشنو توێژینەوەکانی لە بوارەکە هەتا ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیدا دەخوێنرێت، لە ساڵی ١٩٦٤ز کتێبێکی لە بواری ماس میدیاو پەرەپێدانی نەتەوەیی بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسکۆ بڵاوکردەوەو تێیدا ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی دەستنیشانکردووە. بڕوانە: https://www.britannica.com/biography/Wilbur-Schramm لە (٧-٥-٢٠١٦) وەرگیراوە.

(٤) وەرگیراوە لە: عادل شاسواری، ئەرکەکانی راگەیاندن، (سلێمانی، ناوەندی چوارچرا، ٢٠١٣)، ل١٥.

دیاریکردنی ئەو ئامانجو پرۆژانەی کە پێویستن کۆمەڵ یەکەمجار تێیاندا کۆشش بکات، هاوکات چاودێریکردنی پەیوەندیی نێوان حکومەتو کۆمەڵو چاودێریکردنی ئەوەی کە تا چ رادەیەك حکومەت رەچاوی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ دەکات.

**ب - ئەرکی سیاسی:** ئەم ئەرکە لە رێگەی زانیارییەکانەوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت، کە دەشێت ئەو بڕیارانە وەربگیرێت، کە پەیوەستن بە سیاسەتەوە.

**ج - ئەرکی کۆمەڵایەتیبوون:** لە رێگەی فێرکردنی تاکە نوێیەکانی کۆمەڵ بە کارامەییەکانو ئەو بیروباوەڕانەی کە یارمەتی پێگەیاندنی دەدەن.

هاوکات هەندێك لە توێژەران بۆچوونیانوایە، ئەرکی کۆمەڵایەتیبوونی رۆژنامەنووسی خۆیدەبینێتەوە لە چاودێریکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتیو پێدانو بەخشینی زانیاریو ئاگادارکردنەوەی لە مەترسییەکاندا. پێشکەشکردنی نمونەیەی جوانو باش لە بارەی گشت لایەنەکانەوە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە ئامانجی هاوکاریکردن لە یەکخستنی کۆمەڵ، لە رێگەی فەراهەمکردنی بنەمایەکی هاوبەش بۆ بەهاکانی کۆمەڵ.[1]

هەروەها بەشێکیتر لە توێژەرانی بواری رۆژنامەنووسی، ئەرکەکانی رۆژنامەنووسی چڕدەکەنەوە لە ئەرکی هەواڵو خستنەڕووی زانیاری، ئەرکی پێکەوەبەستنو باشترکردنی جۆری زانیارییەکان کە پێشکەش بە خەڵك دەکرێت، ئەرکی کاتبەسەربردن، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بازاڕکردن، دەستپێشخەری بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی شێوەی کۆمەڵایەتی، چاودێرکاری، فێرکردن.[2]

**دووەم/ ئەرکی چاودێرکاریی رۆژنامەنووسی:**

رۆژنامەنووسیو دەسەڵات لە ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکتر، ئاخۆ دەسەڵات بە کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی راگەیاندن سەرکەوتوو دەبێت، یان ئامرازەکانی میدیا سەرکەوتوو دەبن لە پاراستنو پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی خۆیانو بەشێوەیەکی ئازاد رەخنە ئاراستەی دەسەڵات دەکەن؟

سەرەتای دەرکەوتنی رۆڵی رۆژنامەنووسی وەك ئامرازێك بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی دیموکراتی لە ئەوروپاو دەرکەوتی رۆژنامەو سەرەتای میدیای جەماوەری، کۆمەڵی ئەوروپی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، پەرەسەندنێکی ریشەیی بەخۆیەوە بینی لە بونیادی کۆمەڵایەتیو سیستمە سیاسییەکاندا، هەروەها شۆڕشی پیشەسازیو زۆربوونی تیراژی رۆژنامەکان، بوونە هۆی پێشکەوتنو فراوانکردنی بازنەی خوێندنەوەو رۆشنبیرکردنو فراوانبوونی مەودای زانیارییەکانو بلاوکردنەوەی بیروڕا جیاوازەکانو

---

[1] فاضل محمدالبدراني، د.طالب بحر فياض، فاعلية خطاب السلطات الاعلامية وأثر ذالك في ترسيخ ثقافة المجتمع، مجلة الجامعة العراقية، عدد٢٦، ص٢٩٤.

[2] عزام محمد علي الجويلي، القواعد الدولية للإعلام، (الاردن، دار المعتز للنشر والتوزيع، ٢٠١٤)، ص٢٩٨.

گەیاندنیان بە جەماوەر، لێرەوە ڕۆژنامەکان توانیان بە ڕەخنەو هەڵسەنگاندن، چاودێری کارەکانی حکومەت بکەنو ڕایگشتی دروستبکەن.[١]

بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاریی ڕۆژنامەنووسی، ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن دەبنە ناوەندێك بۆ تۆمارکردنو بڵاوکردنەوەی گەندەڵیو هەڵەو لادانەکان لە دامەزراوەکانی کۆمەڵدا، ئەوەش لە پێناو پاککردنەوەی کۆمەڵ لە سەرجەم دیاردەکانی گەندەڵی، هەروەك ڕۆژنامەنووسیی ڕۆڵ دەبینێت لە ڕێککردنەوەو چاککردنەوەی پێشوەختی خودی، ئەوەش لەڕێگەی پێدانی زانیاریی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی دەرکردنی بڕیار بۆ گۆڕانکاریو ڕاستکردنەوەی هەڵەکان.[٢]

ڕۆژنامەنووسی بەهۆی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریو بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بە جەماوەر، ڕۆڵ دەبینێت لە پرۆسەی چاودێریو لێپرسینەوە لە دەسەڵاتەکان، لەگەڵ پێشکەوتنو گەشەکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو جۆرایەتییەکەیدا، ڕۆژنامەنووسی زیاتر وەك دەسەڵاتی چوارەم هێزو توانای خۆی لە پاڵ دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو ڕاپەڕاندنو یاسادانان دەردەخات.

ناونانی ڕۆژنامەنووسییش بە (دەسەڵاتی چوارەم)، کە وەك زۆرینەی توێژەرانی بواری ڕۆژنامەنووسی ئاماژەیان بۆ کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ (ئەدمۆند نیورك)، کە هاوکاتبووە لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراتی لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا، کاتێك ئەدمۆند نیورك لە پەرلەمانی بەریتانیا ڕۆژنامەنووسان دەبینێت دەستیان بۆ رادەکێشێتو دەڵێت: "لەژێر چەتری پەرلەماندا هەر سێ دەسەڵاتەکانی یاسادانانو راپەڕاندنو جێبەجێکردن کۆبوونەتەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەش دەسەڵاتی چوارەمن لێرەدا".[٣] یاساناسانو توێژەرانی بواری رۆژنامەنووسی بۆچوونو لێکدانەوەی جیاواز لەبارەی چەمکی دەسەڵاتی چوارەمو مەبەستەکانی پشتەوەی دەکەن، زۆرینەیان پێیانوایە ناوبردنی ڕۆژنامەنووسیی بە دەسەڵاتی چوارەم، زیاتر گوزارشتە لە مانا سیاسییەکەی، نەك مانا دەستورییو یاساییەکەی، کە سەربەخۆیی تەواو دەداتە ڕۆژنامەنووسییو بەشێوەیەك لە دەرەوەی حکومەتدایە ناکەوێتە ژێر کاریگەریو فشارەکانییەوە، کە هەرکات بیەوێت بێدەنگی بکات.

(تۆماس جیفرسۆن)، سێیەم سەرۆکی ئەمەریکا لەبارەی ڕۆڵو گرنگیی ڕۆژنامەنووسییەوە دەڵێت، ئەگەر سەرپشك بکرێت لە نێوان ڕۆژنامەیەك بەبێ حکومەتو حکومەتێکی بەبێ ڕۆژنامە، بێ دوودڵی یەکەمیان هەڵدەبژێرێت، نووسەری بەناوبانگی روسییش (تۆلستۆی)* دەڵێت: ڕۆژنامە کەرەنای ئاشتیو دەنگی گەلو شمشێری ڕاستیی جێگیرە، کۆشکی دەسەڵاتدارانو پێگەی زۆرداران دەهەژێنێت هاوکات نووسەرو بیرمەندی فەرەنسی

---

[١] فاروق ئەبوزەید، میدیاو دەسەڵات، و: فاروق جەمیل، (سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢)، ل١٠٣.

[٢] هیرش رسول، الوظیفة الرقابیة للصحافة، (بیروت، مکتبة زین الحقوقیة والادبیة، ٢٠١٦)، ص٦٥.

[٣] جون ماکسویل هاملتون، جورج أ.کریمسکي، صناعة الخبر في کوالیس الصحافة الامریکیة، ت: احمد محمود،(القاهیرة، دار الشروق، ٢٠٠٠)، ص٩٠.

* کۆنت لیف نیکۆلایافیچ تۆڵستۆی (١٨٢٨-١٩١٠)، یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی روسیا، ئەندامێکی کاریگەری خانەوادەی تۆلستۆی بووەو بە پایەی ئەدەبی روسی لە سەدەی نۆزدە دەناسرێت، هەردوو رۆمانی جەنگو ئاشتیو ئانا کارنینا لە بەناوبانگترین رۆمانەکانی دادەنرێت. بڕوانە: https://www.kutub-pdf.net/author وەرگیراوە لە (٩-٥-٢٠١٦)

(ڤۆڵتێر) دەڵێت: ڕۆژنامەنووسی ئامرازێکە زەحمەتە بشکێندرێت، بۆ تێکشکاندنی جیهانی کۆن و بونیادنانی جیهانێکی نوێ کاردەکات.[١] هەروەك ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەگێڕێت و چاودێری دەسەڵاتەکان دەکات، کە ئاخۆ تا چەند ئەرکەکانیان جێبەجێدەکەن و تا چەند ڕێز لە یاساو مافی مرۆڤ دەگرن، ئەم ڕۆڵ بینینەش لە سیستمە دیموکراتییەکان و لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتەکان لە یەکتر جودان، پیادە دەکرێت.

لێرەوە دەردەکەوێت، ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژنامەنووسی و بینینی ئەرکی چاودێرکاری وەك (دەسەڵاتی چوارەم)، پەیوەستە بە سیستمی سیاسیی وڵاتەوە، لە سیستمە دیموکراتییەکاندا کە مافی گەیشتن بە زانیاری و ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بڵاوکردنەوە هەیەو فەراهەمە، ڕۆژنامەنووسی هێزێکی کاریگەرەو لە پاڵ دەزگاو دامەزراوە رەسمییە چاودێرکارەکاندا، دەتوانێت چاودێریی سێ دەسەڵاتەکە بێت و رایگشتی لە هەڵەو کەموکورتی و گەندەڵییەکان بەئاگابهێنێتەوە، هەروەك تیشکدەخاتەسەر ئەو گەندەڵی و لادانانەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەنجامدەدرێن و جێگای بایەخی هاوڵاتیانن، لێرەوە کاریگەریی ڕۆژنامەنووسی وەك ئامرازێکی چاودێری و هاوکاریی دامەزراوەکانی تایبەت بە پرسی شەفافییەت و پاکێتی (نەزاهە) بەدیاردەکەوێت.[٢]

بەو پێیەی ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتێکی جەماوەرییەو گوزارشت لە ویژدانی هاوڵاتیان و بەرژەوەندییە گشتییەکانیان دەکات، بۆیە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی لە چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان چڕدەکاتەوە، وەك چۆن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی رۆشنبیریی و هۆشیاریی کۆمەڵەوە هەیە و لە زۆربەی بوارەکاندا دەتوانێت کاریگەریی گەورەی بە ئاراستەی هۆشیارکردنەوەو ئاراستەکردنی هاوڵاتیان هەبێت، بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، ڕۆژنامەنووسی کاریگەریی لەسەر رشایگشتی هەیە و رایگشتیش کاریگەری و فشار لەسەر بڕیاری سیاسیی و پرۆسەی سیاسی بەجێدەهێڵێت.[٣]

**چەند هۆکارێك ڕێگا لەبەردەم ڕۆژنامەنووسی خۆشدەکەن کە ئەرکی چاودێرکاریی دەسەڵات ببینێت، لەوانە:[٤]**

١ - بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی بتوانێت بەشێوەیەکی تەواوو بەرپرسانەو بە ڕۆشنی ئەرکی چاودێرکاریی دەسەڵات ببینێت، پێویستی بە چەند هەنگاوێکە کە دەبێ کەشێکی ئازاد بخولقێنرێت، تاوەکو ڕۆژنامەنووس بەبێ ئاستەنگ کارو ئەرکە ڕۆژنامەنووسیەکەی بەجێبهێنێت و بتوانێت لە خزمەتی ئەو ئامانجە بێت، کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت.

---

[١] عبد العزيز شرف، وسائل الاعلام ومشكلة الثقافة، (القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٩)، ص٨٨.

[٢] رغد عبد الستار ابراهيم، نحو فاعلية أكثر للصحافة المقروءة في ممارسة الدور الرقابي وتطبيق النزاهة، (العراق، مجلة النزاهةء الشفافية للبحوثء الدراسات، عدد السابع، ٢٠١٤)، ص١١٤.

[٣] سادق حەمە غەریب، رۆڵی میدیا لە هۆشیارکردنەوەی تاك و رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، گۆڤاری رۆژنامەنوس، ژمارە (٣٢)، زستانی ٢٠١٣، ل١٩٧.

[٤] باسم عبدالامير الأعسم، وسائل الإعلام والرقابة على أداء الحكومة، موقع جامعة القادسية، (٢٠١٧/٢/٤) http://qu.edu.iq/edu/?page_id=1514

٢- بوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان ڕۆژنامەنووس‌و کاربەدەستانی سیاسی‌و ئیداری‌و تێگەیشتنی دووەم لە ئەرکە شەرعی‌و دەستوورییەکەی یەکەم لە چاودێریکردنی دەسەڵاتەکاندا، بۆیە بوونی پەیوەندییەکی نموونەیی‌و گونجاو لەسەر بنەمای متمانەو ڕێزگرتن لە بۆچوون‌و بۆچوونی بەرامبەر لە نێوان ڕۆژنامەنووس‌و کاربەدەستان ڕێخۆشکەرە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێرکاری.

٣ - بەگەڕخستنی بەندو بڕگە یاسایی‌و دەستوورییەکان، کە ڕۆژنامەنووس‌و دەسەڵاتدار پەیوەست دەکات پابەندبن بە بنەماکانی ئازادی ڕاگەیاندن‌و مافی مرۆڤ‌و ئازادی ڕادەربڕینەوە.

لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا، هەندێك لە شارەزایانی بواری ڕۆژنامەنووسی بۆچوونیان وایە، کاتێك ڕۆژنامەنووسیی دەتوانێت وەك دەسەڵاتێك ئەرکی چاودێرکاری ببینێت، کە:[١]

أ- ڕۆژنامەنووسیی **جەماوەری** بێت: واتە سەر بە دەسەڵات وحزب‌و پێکهاتەو ئایدۆلۆیایەکی دیاریکراوو تایبەت نەبێت، بەڵکو تەنها ئامانجی بەرژەوەندیی گشتی‌و گوزارشت بێت لە بیروڕای جەماوەرو ڕۆڵی چاودێرکاریی جەماوەری بەسەر دەسەڵاتەوە ببینێت.

ب- ڕۆژنامەنووسیی **ئازاد** بێت: بە واتایەکی تر بە شێوەیەکی ئازاد پەیڕەوی ئەرك‌و ڕۆڵی خۆی بکات دور لە هەموو فشارو دروستکردنی کاریگەریی‌و هەڕەشەیەکی دەسەڵات لەسەری، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ببێتە جێی متمانەو باوەڕی جەماوەرو بەو ئاوێنەی ڕاستینەی بزانن.

ج- ڕۆژنامەنووسی **بەرپرسیار** بێت: بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو بگرێت دوور لە وروژاندن‌و بەئامانجگرتنی دەزگاو دامەزراوەکان.

ئەگەر لە رابردوودا میدیا لەسەر ئاستی ئەو وڵاتەی کە تێیدا پەخش‌و وەشاندنی دەکرد، ئەرکی چاودێری بینیبێت وکاریگەریی لەسەر دەسەڵات بەجێهێشتبێت، ئەوا لەم چەند ساڵەی دوایی‌و لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری تەکنۆلۆژیادا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش پلەو پایەیەکی زۆر گرنگیان پەیداکردووەو لە بازنەیەکی بچوکەوە بەرەو بازنەو سنورێکی فراوانتر زانیاری بڵاودەکەنەوە، بە واتایەکی تر چیتر میدیا لە شوێنێك یان سنورێکی جوگرافی‌و سیاسیی قەتیس نەماوە، بەڵکو بە بەزاندنی سنور بووەتە چاودێرکارو فشار لەسەر دەسەڵاتی وڵاتێك کە دەیان‌و سەدان کیلۆمەتر لە وڵاتی دامەزراوە میدیاییەکەوە دورە، بۆیە دەتوانین بڵێین، بینینی ڕۆڵی چاودێریکردنی دەسەڵات لەلایەن ئامرازەکانی ڕۆژنامەنووسیەوە، پەیوەستە بە فراوانبوونی زیاتری پانتایی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕادەربڕینەوە بە پاڵپشت بەو یاسایانەی کە ئەم ئازادییانە دەپارێزن.[٢]

---

[١] هالة أحمد الحسيني، الخطاب الصحفي في العلاقات المصرية الايرانية، (القاهيرة، دار العربي للنشر التوزيع، ٢٠١٤)، ص١١٩.

[٢] محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری، رۆڵی میدیا لە ژیانی سەردەمدا، گۆڤاری رۆژنامەنوس، ژمارە (١٨)، پایزی ٢٠٠٩، ل١٨٧.

## باسی سێیەم/ ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا

### یەکەم/ ئاستی پیشەیی:

ڕۆژنامەنووسی، بە یەکێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتیو شارستانی میللەتان دادەنرێتو دواجار دەبێتە بەشێك لەو مێژووەی کە هەر میللەتێك هەیەتی، بە تایبەت کاتێك ڕەنگدانەوەی راستینەی لایەنە جیاجیاکانی قۆناغەکانی ژیانی ئەو میللەتە بێت، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بێت، کە زۆرجار گەلانی پێشکەوتوو بە مێژوی گەشاوەیان لە بواری ڕۆژنامەنووسی لە میللەتانی تر جیادەکرێنەوە.

کاتێك وەك نەتەوە لە کورد دەڕوانین، سەرباری مێژوویەکی دێرین، بەڵام بواری ڕۆژنامەنووسیەکەی بە هەر سێ کایە سەرەکییەکەی (نووسراو، بیستراوو بینراو) بە دەرکەوتەیەکی نوێ دەبینین، هەر بۆ نموونە مێژووی یەکەم دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسی نووسراوی کوردی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، لەسەر دەستی هەندێك لە ڕۆشنبیرانی بنەماڵەی بەدرخان لەنێویشیاندا (میقداد مەدحەت بەدرخان) کە لە (٢٢/٤/١٨٩٨ز) لە وڵاتی (میسر) یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە چاپخانەی(دار الهلال) بەچاپگەیاند.[١] دواتریش لەپاڵ شۆڕش، ڕاپەڕینو جوڵانەوەکانی گەلی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان چەندین ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی نووسراو دەرچوێنراون، کایەی ڕۆژنامەنووسیی بیستراوی کوردیش دیسانەوە دەرکەوتەیەکی نوێیەو دەرکەوتنی ئەمجۆرە لە ڕۆژنامەنووسی کە لە ڕادیۆدا بەرجەستە دەبێت، مێژوەکەی بۆ دوای ساڵی (١٩٣٩ز)دەگەڕێتەوە.[٢]

سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بینراوی کوردی، بۆ یەکەمجار کە لە تەلەڤزیۆنەوە پەیام بە زمانی کوردی پەخشکرابێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند بەرنامەیەی کە لە تەلەڤزیۆنی کەرکوك لە ماوەی نێوان (١٨/٦/١٩٦٧ - ١/٦/١٩٧٤ز) پەخشدەکران، لە دوای ئەو مێژووەش هەر لە کەرکوك تەلەڤزیۆنێك بە زمانی کوردی کرایەوەو خزمەتێکی باشی بە بواری ئەدەبو هونەری کوردی کرد.[٣]

ئەوەندەی پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەبێت، لە ڕێکەوتی(١١/٩/١٩٩٢ز) تەلەڤزیۆنی (گەلی کوردستان) لە باشووری کوردستان دامەزرا، وەك بواری تەلەڤزیۆنی ئاسمانیش، یەکەم تەلەڤزیۆن بەناوی مێد تیڤی (Med TV) لە ساڵی (١٩٩٥ز) لە دەرەوەی وڵات، بەزمانی کوردیو بە هەردوو شێوەزاری (کورمانجی سەرو و خوار)و چەند زمانێکی تر دەستی بە پەخشکرد، هەروەها لە باشووری کوردستانیشدا (سەتەلایتی کوردستان) وەك یەکەمی کەناڵی ئاسمانیی کوردی لە ساڵی (١٩٩٩ز) دەستی بە پەخش کرد.[٤]

---

[١] کمال رووف محمد، باقة دراسات كردية، (أربيل، مطبعة اراس، ٢٠٠٦)، ص١٣.

[٢] نەوشیروان مستەفا، ڕاگەیاندنی بیستراو بە کوردی، (گۆڤاری رۆژنامەنوسان، ژمارە(٢)، ساڵی یەکەم، سلێمانی، هاوینی ٢٠٠٢، ل٣.

[٣] يادكار على محمد، أساليب إدارة غرف الاخبار في القنوات الفضائية الكردية، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة المنصورة- مصر: كلية الاداب، قسم الاعلام، ٢٠١٥)، ص١١٧.

[٤] زریان خەتاب، پرسە سیاسییەکان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (٣٣-٣٤)، بەهاری ٢٠١٤، ل١٨٥.

له ساڵی (١٩٩٠ز) بەدواوە، بواری ڕۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان قۆناغی گەورەی لە رووی چەندێتیو چۆنیەتیەوە بەخۆیەوە بینی، دەیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی رۆژانە، هەفتانە، وەرزانەو ساڵانە دەرچوێنران، چەندین گۆڤاری جۆراوجۆر دەرکران، دەیان وێستگەی رادیۆیی، کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوچەییو تەلەڤزیۆنی ئاسمانی دامەزرێنران، لەگەڵ دامەزراندنی سەدان وێبسایتی ئەلیکترۆنی هەواڵیو جۆراوجۆر، کە خاوەندارێتی هەموو ئەمانە دابەشبوون بەسەر (حزبی، نیمچە حزبی، حکومی، کەرتی تایبەت).

لە ئێستادا بەشی زۆری دەزگاو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان لە هەرێمی کوردستان سەر بە حزبەکان، یان لەلایەن کەسێتییەکی دیارو بەرپرسێکی حزبییەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن، ئەو میدیایانەش ئەوەندەی خەریکی نیشاندانی وێنەکانی حزبو کەسێتییەکانە بە کۆمەڵی کوردی، ئەوەندە سەرقاڵی نیشاندانی وێنەکانی کۆمەڵی کوردیی نییە بە حزبو خودی ئەم کۆمەڵەو لە پێناو جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی حزبدا، کەمتر ڕەچاوی لایەنی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی دەکەن.[(١)]

بە بۆچوونی توێژەر، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا، بەشێك لە سەرمایەدارانو کەسێتییە سیاسییەکان دامەزراوەی میدیاییو ئامرازی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆیان داناوە، بەڵام زۆرێکیان هاوشێوەی هەر کۆمپانیایەکی دیکەی بازرگانیو پیشەسازیی لە دامەزراوە میدیاییەکە دەڕوانن‌و ئەوەندەی بەدوای بەدەستهێنانی قازانجەوەن، هێندە لە خەمی گەیاندنو جێبەجێکردنی پەیامە راستینەکەی رۆژنامەنووسییەوە نین. بۆیە دەبینین بەشێك لەو رۆژنامەنووسانەی زانیاری بڵاودەکەنەوەو کاری میدیایی دەکەن، پرۆفیشناڵ نینو پابەند نین بە ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییەوە، گرنگە دامەزراوە میدیاییەکان ڕاهێنان بە ڕۆژنامەنووسان بکەنو ئاشنایان بکەن بە بنەما ئێتیکیو یاساییەکانی کاری رۆژنامەنووسییەوە، ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا رۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنی لە هەڵکشانو ڕۆژنامەو گۆڤاری کاغەزیش لە داکشاندایە، ئەوەی تاڕادەیەك وەکو گرفتو بۆشاییەکی یاسایی تەماشادەکرێت، نەبوونی یاسایی تایبەتە بە ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنی، بەبۆچوونی بەشێك لە شارەزایان، ئاستی ئێستای ڕۆژنامەنووسیی کوردی ئاستێکی پەسەند نییەو ڕۆژنامەنووسی نەیتوانیوە ببێتە ئەو پێویستییەی کە کۆمەڵی دیموکراتی پێویستی پێیەتی.[(٢)]

بەشێك لە چاودێرانی میدیا ڕەخنەی ئەوە لە بوارەکە دەگرن، کە بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی وەرگری کوردیو دروستکردنی کاریگەری لەسەریان، هەندێکجار سنوورەکانی ئێتیك دەبەزێننو زیاتر بەلای لایەنە بازرگانییەکەدا دەچن، بێ ئاگا لەوەی پەیامی میدیا پەیامێکی مرۆڤانەیەو ناکرێت بکرێتە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر، بەڵکو پێویستە هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی لە پێش بەرژەوەندیی تایبەتەوە دابنرێت.[(٣)]

---

[(١)] مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، (سلێمانی، ئەندێشە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠١٣)، چ٢، ل٤٢٣.

[(٢)] ماگی زانگەر، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو تەحەددای کاری رۆژنامەوانی، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (١٠٢٢)،٢٠ نیسانی ٢٠١٥، ل٣٠.

[(٣)] سامان فەوزی عومەر، راگەیاندن لە ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ بۆ دروستکردنی هەواڵ، گۆڤاری رۆژنامەنوس، ژمارە (٣٢)، زستانی ٢٠١٣، ل٩٠.

توێژەر پێیوایە، کردنەوەی بەشەکانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم، تاڕادەیەك ڕۆڵیان لە پابەندبوونی ئەو دەزگاو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییانە هەبووە، کە کاری تێدادەکەن، بەڵام خاوەندارێتیی دامەزراوەکانو ئەو کەسو لایەنانەی سیاسەتی گشتیی کەناڵو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان دیاریدەکەن، ڕێگرن لەبەردەم بەجێهێنانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەنووسیو پابەندبوون بە بنەماکانی ئێتیكو هەندێکجار بنەما یاسابیەکانیشەوە، بۆیە بەپێی خواستو بەرژەوەندیی ئەو کەسو لایەنانە چوارچێوەی کاری ڕۆژنامەنووسییان دیاریکراوە.

تا ئێستا کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی نەبووەتە پیشە و زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ناتوانن تەنها بەو کارە ژیانیان بگوزەرێنن، بۆیە بەشێکی فراوانی ڕۆژنامەنووسان هەرچەند دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندن بن لە زانکۆو پەیمانگاکان، خۆیان بۆ بوارەکە بەتەواوی تەرخاننناکەنو لە پاڵ کاری ڕۆژنامەوانیدا کاری دیکە دەکەن، یاخود بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان لە یەککاتدا بۆ چەند دەزگاو کەناڵێکی جیاوازی میدیایی کاردەکەن، ئەمەش کاریگەری کردووەتە سەر ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنووسان، چونکە هەندێکیان لە ڕۆژنامەیەکی دیاریکراودا بابەت لەسەر پرسی کۆمەڵایەتی ئامادە دەکەنو لە گۆڤار یاخود ڕۆژنامەیەکی تر لەبارەی پرسی سیاسی یان ئابووری دەنووسێت.(1) بۆ سەلماندنی ئەوەش کاروان ئەنوەر، سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئاشکرایدەکات، بەشێك لەوانەی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکەن، پیشەی دیکەیان هەیە، وەك مامۆستا، شۆفێری تاکسیو ئەندازیارو دەڵێت (٢٥) ساڵە نەتوانراوە ڕۆژنامەنووسی بکرێتە پیشە.(2)

بەجێهێنانی ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمەوە بووەتە جێگای سەرنجو تێبینیی هەندێك لە توێژەرانی بوارەکە، ئەوان پێیانوایە، هەندێك لە میدیاکان ئەوەندەی گرنگی بە دروستکردنی هەواڵی نوێ دەدەن، نیو هێندە گرنگی بە گواستنەوەی هەواڵەکە وەك خۆی نادەن، ژمارەیەك لە ڕۆژنامەو کەناڵە میدیاییەکان، بۆچوونی کەسی یەکەمی دەزگاکەو سەرنووسەرەکانیان دەکرێنە تایتڵو مانشێتی میدیاکانیان، ئەوەش بە مەبەستی وروژاندنی زیاترو بە ئامانجی دروستکردنی ڕوانگەیەك لەسەر ڕووداوێکی دیاریکراو.(3)

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی سۆشیال میدیا، کاریگەریی زۆری لەسەر ئاراستەو جۆری کارکردنو ناوەڕۆکی پەیامی میدیا کردووە. لە هەرێمی کوردستانیشدا هەندێك لە میدیاکان ئەو هەواڵو زانیارییانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەتەوە، هاوشێوەی زانیارییەکی دروستو بەبێ بەدواداچوونو وردبوونەوە لە ڕاستیو دروستییەکەی، وەك بابەتێکی میدیایی بڵاویدەکەنەوە، کە لە هەندێ حاڵەتدا کەسایەتیو پایەی کەسەکانو بەتایبەتیش بەرپرسان بریندار دەکرێتو ناویان دەزڕێنن.(4)

(1) مغدید سەپان، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات، (سلێمانی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧)، ل١٤٢.

(2) کاروان ئەنوەر، چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەی جام کوردی، ژمارە ٩٤، ١٠ ئۆکتۆبەری ٢٠١٦، ل٥.

(3) سامان فەوزی عومەر، ڕاگەیاندن لە ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ بۆ دروستکردنی هەواڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

(4) سامان فەوزی عومەر، هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

یەکێکی تر لەو سەرنجانەی لەسەر لایەنی پیشەیی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە زمانە، زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو مرۆیی هۆکارێکی سەرەکی پەیوەندیو لێکگەیشتنە لەنێوان مرۆڤەکاندا، زمانی ڕۆژنامەنووسیش زمانێکی گشتییە، بە زمانێکی هاوبەشو بەکارهاتوو لەناو خەڵکدا بڵاوو پەسندکراوەو ئەرکی گەیاندنی زانیارییەکانە بەشێوەیەکی رونو ئاشکرا، کە گشت خەڵك لێی تێبگەن، ئەگەر نووسینێك یان هەواڵێك لەڕۆژنامەکەیدا، هەڵەیەکی ڕێنوسی یان فەرهەنگی یان ڕێزمانی تێدابوو، ئەوا لەکاریگەریی ئەو بابەتە لەسەر خوێنەر کەمدەکاتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە بێزاری دەکات.

لەبەر ئەوە ئەرکی ڕۆژنامە، بریتییە لەهەوڵی کاریگەریی دروستکردن لەسەر هزرو دەرونی جەماوەر، بۆیە دەبێت ڕۆژنامەکان لەئاستی زمانی نەتەوەکەیاندا هەست بە لێپرساوێتی بکەن، لەبەرئەوە زمان پێناسی کەسێتیو ڕۆشنبیریو نەتەوەیی هەر تاکێکەو لە خزمەتی نەتەوەدایەو بە هۆکاری پاراستنی یەکبوونو یەکگرتوویی نەتەوەییو نیشتیمانیی ناودەبرێت، نەك پارچەپارچەبونو تۆخکردنەوەی هەستی ناوچەپەرستیو حیزبپەرستی، کە ئێستا لە بەشێکی زۆر لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمدا بەدیدەکرێت.[1]

**دووەم/ ئەرکی چاودێریکاریی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا:**

ڕۆژنامەنووس، بە هەڵماڵینو ئاشکراکردنی نادادپەروەرییەکانی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیانو ڕاستیو دروستی لەگواستنەوەی زانیارییەکان بۆ جەماوەر، ئەرکی چاودێر بەسەر دامەزراوە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا دەبینێت لە پێناو بەرگریی لە بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. ئەوانەی کاروباری دەوڵەتو حکومەت بەڕێوەدەبەن لە سیستمە دیموکراتییەکاندا، نوێنەری گەلنو هەموو هاوڵاتییەك مافی خۆیەتی بۆچوونی خۆی لەبارەی شێوازو چۆنێتیی ڕاپەڕاندنی کارەکانییانەوە دەرببڕێت، لەکاتی سەرپێچیو لادانیشدا ڕەخنەیان ئاراستە بکات، ڕۆژنامەنووسانیش لەو چوارچێوەیەو لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕەخنەو بۆچوونانەوە، ئەرکی چاودێکردنی حکومەت دەبینن.[2]

لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی هەندێك کۆسپو ڕێگرییەوە نەتوانراوە ڕۆژنامەنووسیی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم، ئەویش لەلایەك پەیوەستە بە خودی ڕۆژنامەنووسان، کە زۆرینەیان پیشەیی نینو پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی بەتەواوی پەیڕەو ناکەنو بەشێکیان حزبینو هەندێکیش نیمچە حزبی، کە لەبری چاودێری، کاری جوانکردنی دەسەڵاتو پەردەپۆشکردنی گەندەڵیو هەڵەکانیان دەکەن، لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵ هەیە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی چاودێریو جێبەجێکردنی دەسەڵاتی چوارەم، ئەگەرچی بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت، کە سەرباری ڕێگرییەکانی حکومەتو حزبە باڵادەستەکانی هەرێمو شاردنەوەی زانیاریو مەترسی لەسەر ژیانی ڕۆژنامەنووسان، کار بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات کراوە.[3]

---

[1] ئومێد بەرزان برزۆو محەمەد بابۆڵی، زمانی زبر لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٧)، ٢٠١٣، ل٨٥.

[2] سامان فوزي، المرشد القانوني الاعلاميين، (السليمانية، مطبعة هاولاتي، ٢٠١٦)، ط٢، ص٢١.

[3] سامان فەوزی، راگەیاندن لە سایەی یاسادا، (سلێمانی، خانەی چاپو پەخشی چوارچرا، ٢٠٠٩)، ل١٢٥.

هەر لەمبارەیەوە (بەختیار عەلی)[*] ئاماژە بەوە دەكات، ڕۆژنامەنووسیی كوردی، نەیتوانیوە ئەركی چاودێركاری ببینێتو پێیوایە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەو ئەركە ببینێت، دەبێت لە كۆمەڵێكی شەفافو پرۆسەیەكی سیاسیی شەفافدا كاربكات، بەبێ گەیشتن بە زانیاریو كلیلی دۆلابی بەڵگەنامەكان كە لە گیرفانی بەرپرساندایە، مەحاڵە ڕۆژنامەنووسی بتوانێت ببێتە چاودێركار، دەسەڵاتی كوردی لەسەر شێوەی دەوڵەتی ڕێكخراوی نهێنی بەڕێوەدەچێت و چاودێریی ئەم جۆرە سیستەمەش كارێكی زۆر قورسە.[١]

بەبڕوای بەشێك لە توێژەران، یەكێكی تر لە هۆكارەكان بۆ نەبوونی ئەركی چاودێری لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری لە كوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بەوەی یاساكە زامنی مافی ڕۆژنامەنووسانی نەكردووە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو پاراستنی مافەكانیان، هەروەك ئاستەنگی سیاسی دیارترین ئەو ئاستەنگانەیە كە لەبەردەم ئەركی چاودێریی ڕۆژنامەنووسیی كوردیدایە لە هەرێمی كوردستان، هاوكات یەكێكیتر لە هۆكارەكانی پەكخستنی ئەركی چاودێركاریی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێم، بۆ دەزگای داواكاری گشتیی دەگەڕێتەوە، كە ئەركی سەرەكیی خۆی بەجێناهێنێت.[٢]

هەندێكجار، ڕۆژنامەنووسانو بەشێك لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن، ئەركی چاودێكردنی دەسەڵاتەكان دەقۆزنەوە بۆ مەرامی شەخسیو تایبەتی خاوەنی دامەزراوە میدیاییەكە، یاخود لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی كە لە پشتی دامەزراوەكەوەیە، بۆیە لێرەدا پرسی بابەتی بوونو بێلایەنیو نیشتمانی لە كاری ڕۆژنامەنووسیی دێتە ئاراوە، كە دەخوازێت ڕۆژنامەنووسان پابەندبن بەو بنەمایانەوە و تاكە ئامانجیان لە چاودێكردنی دەسەڵاتەكان بەرژەوەندیی گشتی بێت.[٣]

توێژەر، پاڵپشت بە بۆچوونی زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەنووسی، پێیوایە یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی بەدەسەڵاتبوونی ڕۆژنامەنووسییو بینینی ڕۆڵی چاودێركار، دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسو مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە وڵات، كە لە چوارچێوەی یاسادا پارێزراوبێتو پانتایی ئازادی فراوان بێت و دەسەڵاتیش بابەتە میدیاییەكان بەلایەوە جێگای بایەخ بێت، چونكە لە هەرێمی كوردستاندا هەرچەندە بە یاسا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە، دەستی بە سەرچاوەی زانیاری بگاتو هەندێك هەوڵیش هەیە كە چاودێریی دەسەڵات دەكات، بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێم تارادەیەكی زۆر هیچ بایەخێك بە بابەتە میدیاییەكان نادەن، ڕەنگە ئەوەش بۆ هەلومەرجە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكەی هەرێم بگەڕێتەوە، كە تا ڕادەیەك جیاوازە لە بەشێك لە وڵاتانو ناوچەكانی دیكەی دەوروبەر.

---

[*] بەختیار عەلی: نووسەرو ڕووناكبیرو ڕۆماننووسو شاعیرە، لە ساڵی (١٩٦٦) لە سلێمانی لەدایكبووە، لە ناوەڕاستی ساڵی هەشتاكانەوە دەستیكردووە بە نووسینی ڕۆمان، دەیان ڕۆمانی نوسیوەو ژمارەیەك شیعرو وتاری بڵاوكردوەتەوە، بەشێك لە ڕۆمانەكانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەكانی عەرەبیو فارسیو ئەڵمانی، بەختیار عەلی زمانەكانی عەرەبیو فارسیو ئەڵمانیو ئینگلیزی دەزانێت، لەئێستادا لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەردەبات. بڕوانە: http://www.mertin-litag.de/authors_htm/Ali_B.htm وەرگیراوە لە (١٧-٤-٢٠١٦).

[١] بڕوانە: هێرش ڕەسوڵ، میدیاو دەسەڵات، (سلێمانی، لە بڵاوكراوەكانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٨)، ل٤٦.

[٢] هيرش رسول، الوظيفة الرقابية للصحافة، مصدر سابق، ص٣٤١.

[٣] باسم عبدالامير الأعسم، مصدر سابق

**سێیەم/ ئازادیی کار:**

**ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە بەشێکی سەرەکیو پەیوەست بە ئازادییە گشتییەکانو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دادەنرێت، بەبێ ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی دەرفەتی ڕەخنەگرتن لە کایە سیاسییەکان بە گشتیو هەندێکجاریش لایەنە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانیش سنوردار دەبن، هەر بۆیە پیادەکردنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، پەیوەستکراوە بە سیستمی دیموکراسییەوەو بە دوو چەمکی لێکجیانەکراوەو تەواوکەری یەکتر دەژمێردرێن.(١)**

**هەندێك لە توێژەران، ڕای جیاوازیان سەبارەت بە ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی هەیە، ئەوان پێیانوایە، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی جگەلە ئازادیی خاوەنی دامەزراوە میدیاییەکان شتێکی تر نییە، ئەو توێژەرانە بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەیان باس لەوەشدەکەن، ئەوانەی کەخاوەنی دامەزراوەکانن بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیانو ململانێی حزبیو ڕوانگە ئابوورییەکانیان مامەڵە دەکەن و، چێوە بۆ کاری دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکەیان دادەنێت.(٢) واتە مەرج نییە، ئەگەر لە وڵاتێکی دیموکراسیشدا بێت، کاری ڕۆژنامەنووسی ئازاد دەبێت، ئازادیی کار ئەو بازنەیەیە، کە دواجار خاوەنی دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان مەوداکەی دیاریدەکەنو سنوورەکەی دەستنیشاندەکەن، چونکە ئەوان سیاسەتی دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکە دادەڕێژن.**

**هەلومەرجو واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانو دەربازنەبوونی حکومەت لەژێر هەژموونی حزب و باڵادەستی حزب بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتەوە، ئاستەنگی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیش دروستکردووەو چوارچێوەی کاری میدیای تەسککردووەتەوە، هەندێکجار ئەو دەزگاو دامەزراوە میدیایانەی پێچەوانەی خواستو بەرژەوەندی حزبو لایەنێکی دیاریکراو زانیاری بڵاوبکەنەوە، ڕووبەڕوی لەمپەرو ڕێگریکردن دەبنەوە و هەندێکجار ئەو ڕێگرییانە سەردەکێشێت بۆ هەڕەشەو لێدانو هەڵکوتانەسەر، تەنانەت داخستنی ئۆفیسی کارکردنو قەدەغەکردنی ڕوماڵی کارو چالاکییەکان.**

**بەپێی ئامارێکی (سەنتەری میترۆ)* تەنها لە ساڵی (٢٠١٥ز)دا لە هەرێمی کوردستان، (٨٤) ڕووداوی جۆراوجۆر کە تیایدا، (١٤٥) ڕۆژنامەنووسو کەناڵی ڕاگەیاندن سکاڵایان لای سەنتەری میترۆ تۆمارکردووەو لەو ڕووداوانەدا، (١٧٣) پێشێلکاریی جۆراوجۆریان بەرامبەر کراوە.(٣)**

---

(١) هێرش ڕەسوڵ، ڕۆژنامەی ئەهلی لە باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشو، ل١٦.

(٢) عبداللطيف حمزة، أزمة الضمير الصحفي، (القاهرة، دار الفكر العربي، ١٩٩٠)، ص٣١.

* سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان، لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسەوە بە هاوکاریی پەیمانگای ڕۆژنامەوانی جەنگو ئاشتی دامەزراوەو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کاردەکات، ئامانجی سەنتەری میترۆ خوڵقاندنی کەشێکی گونجاوە بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە جێبەجێکردنی یاسایی کاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ ی هەرێمی کوردستان، ئۆفیسی سەرەکی سەنتەرەکە لە شاری سلێمانیدایە. بڕوانە: http://metroo.org/about.aspx وەرگیراوە لە (٢١-٤-٢٠١٦).

(٣) ئاماری پێشێلکارییەکان لە ساڵی ٢٠١٥دا، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان، ل٢.

لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو مافی ڕۆژنامەنووسانی سەر بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ساڵانە دوو ڕاپۆرت لەبارەی ئەو پێشێلکارییانە بڵاودەکاتەوە، کە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانو دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانی هەرێم ئەنجامدراون، بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە (١٥و ١٦)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەساڵی (٢٠١٥ز) بڵاوکراوەتەوە، پێشێلکارییەکان لەو ساڵەدا لەمانە پێکهاتوون: (داخستنی نوسینگە، هەوڵی سوتاندن، لێدان، دەستگیرکردن، ڕێگەنەدان، هەڕەشە، ڕاگرتنو سووکایەتی)، ئەم پێشێلکارییانە بەرامبەر بە ٧٢ ڕۆژنامەنووس ئەنجامدراون، لەو ژمارەیەشدا ٣٨ ڕۆژنامەنووس ڕێگرییان لێکراوەو نووسینگەی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (ئێن ئاڕ تی)و (کەی ئێن ئێن) لە شارەکانی هەولێرو دهۆك داخراون، کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە پێشێلکارییەکی زەقی ساڵی (٢٠١٥ز)ی لە قەڵەمداوەو لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەشداوە، بڕیاری داخستنی نووسینگەی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە، دەرچوونو لادانە لە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.[1]

ڕاپۆرتی (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، بەڵگەیەکی سەلمێنەرە بۆ قسەکردن لەبارەی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە، ڕاپۆرتەکە ئەوە نیشاندەدات، کە هەرچەندە کاری ڕۆژنامەنووسی بەپێی یاسا ڕێکخراوە، کەچی هێشتا ئاستەنگو پێشێلکارییەکان لەلایەن دەزگاو دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەتو هەندێکجار حزبییەکانیش بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بەردەوامن.

**چوارەم/ چوارچێوەی ئێتیکیو یاسایی:**

لە هەرێمی کوردستاندا، بەپێی یاسا کاری ڕۆژنامەنووسی ڕێکخراوە، کە وا پێویستکراوە ڕۆژنامەنوسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێوەی پابەندبن، لەحاڵەتی سەرپێچیو پێشێلکاریشدا، بەپێی ئەو یاسایانە ڕێکارییان لەبەرامبەردا دەگیرێتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەو یاسایانە مافو ئیمتیازات بە ڕۆژنامەنوسان دەدەن.

لە ماوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ساڵی (١٩٩٢ز)وە تاکو ئێستا، پێنج یاسای لە بواری چاپەمەنیو ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی دەرکردووە، کە بریتین لە: (یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق _ ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٣و یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق _ ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٨و یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق _ ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١و یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان _ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣)، ئەگەرچی دەرکردنی ئەو یاسایانە گوزارشت لە بایەخو گرنگیی ڕۆژنامەنووسیو ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەڵام بەهۆی تاڕادەیەك لەرووی داڕشتنی یاساییەوە، یاساکان کەموکورتیان تێدایەو نەتوانراوە یەك یاسای گشتگیرو هەمەلایەن بۆ هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن دەربکرێت.

---

[1] ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو مافی ڕۆژنامەنووسان- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ١٥-١٦، ساڵی ٢٠١٥، ل٥.

هەر پەیوەست بە (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧)، بەپێی چەندین بڕگە و ماددەی یاساکە، دەرکردنی ڕۆژنامەو ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی و ڕادەربڕین بۆ سەرجەم تاکەکان فەراهەمکراوەو هەموو کەسێك دەتوانێت ئەم مافەی پەیڕەو بکات، هەروەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، بەپێی یاساکە لەبری سیستمی مۆڵەتی پیشەکی، کاری بە سیستمی ئاگاداری دەکرێت، ئەمەش بەماددەیەکی پۆزەتیڤ لەڕووی ئازادییەوە دەژمێردرێت کە دەرکردنی ڕۆژنامە پێویستی بە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆو رۆشنبیریی نیە و تەنها دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك بەسە بۆ ئەو مەبەستە، بە گشتی یاساکە پەراوێزی بۆ ئازادی هێشتووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت بوترێت ئەم یاسایە توانیویەتی زەمانەتی دەستەبەرکردنی ئازادی بکات.

هەربۆیە لە پاش دەرکردنی یاساکەوە تائێستا بووەتە جێگای تێبینیی‌و ڕەخنەی بەشێك لە شارەزایانی ڕۆژنامەنووسیی‌و یاسایی، هەندێك لە شارەزایان بۆچوونیانوایە کە یاساکە، ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی گرفتی گەورەی یاسایی دەکاتەوە، چونکە دەقی یاساکە لە هەندێك ڕووەوە کەموکوڕی هەیەو لەکاتی بوونی کێشەی پەیوەست بە کاروباری ڕۆژنامەنووسییەوە کەلێن دروستدەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەش، دادوەران ناچار دەکات بۆ یاساکانی دیکە بگەڕێنەوە.[1]

بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسانی سەر بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، یەکێك لەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی هەرێم دەکرێت‌و کاریگەریی لەسەر ئازادیی کارکردنیان هەیە، مامەڵەی دادگاکانە لەگەڵ کەیسەکانی ڕۆژنامەنووسان، بەشێك لە دادوەرو دادگاکان کار بە یاسای ڕۆژنامەگەری ناکەن‌و هەندێکجار دەگەڕێنەوە بۆ یاسا کارپێکراوەکانی عیراق‌و لەنێویشیاندا، یاسای سزادانی عێراق، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩.[2] ئێستا لە عێراقدا ژمارەیەك کۆمەڵەو ڕێکخراوی تایبەتمەند بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە هەیە، کە کاریان لەلایەك چاودێریکردنی مامەڵەو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتەکانە، بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانە کە لە چوارچێوەی ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژنامەنووسیدا، دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێن، هاوکات ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە کە بەشێکیان نوێنەرایەتیان لە هەرێمی کوردستانیشدا هەیە، لەڕێگەی ئەنجامدانی وۆرکشۆپ‌و خولی ڕاهێنانەوە کار بۆ هۆشیارکردنەوە وپێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسان دەکەن، تاوەکو بەدووربن لە پێشێلکردنی بنەما ئێتیکی‌و یاساییەکان.

سەبارەت بە لایەنی ئێتیکیی‌و پیشێلکارییەکان لەو لایەنەوە، ڕۆژنامەنووسیی بەو پێیەی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە چوارچێوەی کارکردن‌و کارلێکی ڕۆژانەی لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا هەندێکجار سنووری ئێتیك‌و پێوەری پیشەیی دەبەزێنێت‌و ئەرکی بەرپرسیارانەی خۆی لەدەست دەدات.[3]

یەکێك لەو پێشێلکارییە ئێتیکییانەی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەدیدەکرێت‌و بووەتە مایەی نیگەرانی‌و تێبینیی پسپۆرانی بوارەکە بەکارهێنانی زمانی زبرە. مەبەست لە زمانی زبر هەر وتەو دەربڕینێکی وتراو، یان

---

[1] هێرش ڕەسوڵ، یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان لە نێوان ئاکارو ئازادیدا، گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژمارە (١٦)، بەهاری ٢٠٠٩، ل١٠٣.

[2] ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسیی‌و مافی ڕۆژنامەنووسان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

[3] شوان ئادەم ئەیڤەس، ئێتیك لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا، (سلێمانی، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦)، ل٧٨.

نووسراوە کە بۆ مەبەستی خراپەکاریو ناشرینکردنو لەکەدارکردنو بریندارکردنی کەسی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، وەك (جوێن، ناووناتۆرەی نەشیاو، بوختان (زانیاریی نەسەلمێنراو)و بەکارهێنانی رابردووی کەسی بەرامبەر، ....تاد) بۆ هەر مەبەستێك بێت. ئەم بابەتەش دەچێتە خانەی پێشێلکردنی بنەماکانی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییەوە، کەوا لە رۆژنامەنووسان دەخوازێت هەمو بنەماو پرەنسیپەکان بە تەواوەتی رەچاوبکەنو بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی میدیادا بکەن.[١]

لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا، لەوکاتەدا کە تەنها میدیای حزبی بوونیان هەبوو، ئەو میدیایانە هاوشێوەی بەرەکانی شەڕ، ستودیۆو لاپەڕەکانی میدیاکانیان کردبووە سەنگەری هێرشو چەندین وشەی زبرو نەشیاویان دژ بە لایەنە نەیارو ناکۆکەکانیان بەکاردەهێنا، ئەو قۆناغە تائێستا کاریگەری بەسەر ڕۆژنامەنووسیی هەرێمەوە بەجێهێشتووە بەشێوەیەك لە دوای سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسیی ئازادو راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن، بەکارهێنانی زمانی زبر بووەتە بەشێکی ئاسایی، بەتایبەت لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا زۆر زەق دەبێتەوە، چونکە لەکاری ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆماندا ئەوەندەی نان پەیداکردن ئامانجی سەرەکییەو وەك وەزیفەیەکی بەدەستکەوتو پڕ داهات تەماشادەکرێت، ئەوەندە لەلای ڕۆژنامەنووسانێکی زۆرەوە ئەم پیشەیە نەبووەتە عیشقو خۆشەویستی.[٢]

ئێستاش بەهۆی دابەشبوونی زۆربەی دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان بەسەر حزبەکانی هەرێمدا، زۆرجار لە پەیام وگوتاری رۆژنامەنووسیی کوردیدا جۆرێك لە هێرش بۆ سەر ئایدۆلۆژیای بەرامبەر بەدیدەکرێت، بەتایبەتیش لەکاتی ئاڵۆزیو توندبوونەوەی ناکۆکییەکاندا ئەو هێرشە دەگۆڕێت بۆ پەلاماردانو دور لە ئەرکی بنەڕەتی رۆژنامەنووسیی هێندەی تر ناکۆکیی نێوان حزبو لایەنە سیاسییەکان قوڵتر دەکاتەوە.[٣] ئەم دابەشکارییەی میدیا بەسەر حزبەکانو بەکارهێنانیان بەوشێوەیە لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیو ململانێکان، وای لە زۆربەی ئەو میدیایانە کردووە کەمتر رەچاوی بنەما ئێتیکییو تەنانەت هەندێکجار بنەما یاساییەکانیش بکەن.

لەگەڵ گەشەسەندنی تۆڕی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستانو زۆربوونی ژمارەی ماڵپەڕی ڕۆژنامەنووسیی ئەلیکترۆنی، رێژەی پابەندنەبوونو پێشێلکردنی بنەما ئێتیکیو یاساییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسییش زیادیانکردووە، بە بۆچوونی توێژەر بەشێك لە هۆکارەکانی بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوەو بەشێکی دیکەی رەچاونەکردنی بنەما ئێتیکییەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرانو زیادکردنی ژمارەی کلیکە لەسەر ماڵپەڕەکانیان.

---

[١] هێرش رەسوڵ، تاکو ئێستا میدیای کوردی خۆی لە تیۆرێکی دیاریکراودا نەدۆزیوەتەوە، گۆڤاری چاو، ژمارە (٢٠)، کانوونی دووەمی ٢٠١٠، ل٢٤.

[٢] ئازاد عەبدولواحید، پەیامی رۆژنامەنووسیی جنێوفرۆشی نییە، گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢٥)، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە، ٥/١٠/٢٠٠٧، ل٣.

[٣] مەجید سالّح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

نوسین‌و بەکارهێنانی ناونیشان‌و مانشێتی هەڵەو ناڕاست‌و هەندێکجاریش ناونیشانی هەواڵ‌و بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکە زۆر دوورە لە ناوەڕۆکەکەیەوە کە پێشێلکارییەکی زەقی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییە، ئەمەش وای لە بەشێك لە خوێنەران کردووە بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە لە بابەتە رۆژنامەنووسییەکان بڕوانن.(١)

بەمەبەستی ڕێکخستنی زیاتری کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان چەند هەوڵێك بۆ نووسینی ڕێسای ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسیی درا، بەڵام وەك پێویست هەموو لایەك لە دەوری کۆنەبوونەوەو پشتگیرییان نەکردو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش وەك لایەنێکی پەیوەندیدار نەیتوانیوە، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.(٢)

---

(١) سامان فەوزی، راگەیاندن لە سایەی یاسادا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

(٢) مەغدید سەپان، ئەوانەی رۆژنامەنووس پێویستە بیانزانێ، (کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢)، ل١٥٤.

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

یەکەم/ چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

دووەم/ پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

سێیەم/ ئەرکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

چوارەم/ تایبەتمەندی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

یەکەم/ مێژووی سەرهەڵدان

دووەم/ قۆناغەکانی گەشەکردنی

## باسی سێیەم: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری (بایەخ، ئێتیك، ئاستەنگەکان)

یەکەم/ بایەخی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

دووەم/ ئێتیك لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا

سێیەم/ ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

### یەکەم/ چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:

بەر لە هەر شتێك، سەرەتا دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە، کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەشێکە لە پێکهاتە گەورەکە، کە (ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری)یە. بەو واتایەی کە پێشکەوتنی خێرای زانستو تەکنەلۆژیاو فراوانبوونی پرۆسەی گەیاندن (الإتصال - Communication) لە سەردەمی ئەمڕۆ لەلایەك، و پێویستیی کۆمەڵو وڵاتان بە مۆدێلێك لە ڕاگەیاندن کە چاودێری کارای کایە جیاوازەکان بێتو وردتر بە دوای ڕاستییە شاراوەکاندا بگەڕێت، بۆتە هۆکاری هاتنەئارای ئەو جۆرە لە ڕاگەیاندن، بە کۆی ئامرازو جۆرەکانییەوە (نووسراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترۆنی).

ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری* (الصحافة الإستقصائية – Investigative Journalism)، وەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، پێویست بە لێکۆڵینەوەی قوڵو کۆششکردن دەکات، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن پێویستە لێوەشاوەو خۆڕاگر بنو دان بەخۆیاندا بگرن، چونکە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری کار لەسەر ئاشکراکردنی کردەوە دزێو و تاوانکارییەکان دەکات، بۆیە کارێکی ئاسان نیەو بێزارکەرو مەترسیدارە، دەبێتە هۆی هەڕەشەکردنو هەراسانکردنو ئازارپێگەیاندنی جەستەیی ڕۆژنامەنووس.[1] دیفید نابل سەرۆکی سەنتەری ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی ڕوونیدەکاتەوە، چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ هەڵمەتی بانگەشەی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا (تیۆدۆر ڕۆزفێڵت) دژ بە گەندەڵیو بەرتیل دەرکەوت، ئێستا بووەتە کارێکی دامەزراوەیی ڕێکخراو کە بنەماو ڕێکاری تایبەت بەخۆی هەیە و یارمەتیدەرە لەگۆڕینی بارودۆخەکان، بنکۆڵکاری کارێکی توێژینەوەییە وەك هەر بەدواداچوونێکی تری ڕۆژنامەنووسی، بەڵام لێرەدا دەچێتە قوڵایی بابەتەکانەوە.[2]

لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا زانیاریی وردو دروست گرنگە، نەوەك وەسفکردنی شوێنو ژینگەی گشتی ڕووداوەکە، لەم ڕوانگەیەشەوە چاوەڕوان دەکرێت، ڕۆژنامەنووس ڕاپۆرتەکەی خۆی بە شێوازێکی زانستیانەو دوور لە هاشوهووش بڵاوبکاتەوە، چونکە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دوورە لە وەسفکردن، بەڵکو کارێکی پێوەرییە.[3]

---

* بەهۆی تازەیی بابەتەکەوە لە ڕاگەیاندنی کوردی، بەکارهێنانی ئەم چەمکەش لە زمانی کوردیدا نوێیە، وەکچۆن جگە لە (بنکۆڵکاری) زاراوەی دیکەشی بۆ بەکارهاتوە، لەوانە: (لێکۆڵینەوە، بەدواداچوون، هەڵکۆڵین، کنەوپشکنین، ... تاد)، بەڵام توێژەر لێرەدا لە ڕوی مەغزاو ماناوە (بنکۆڵکاری) بە وردو دروستو پەسەندتر زانی، کە وشەکە خۆی "واتای پرۆسەی بنکۆڵکردنی بابەتێك، یان شتێکی دیاریکراو دەگەیەنێت، بە شێوەی هەڵکۆڵینێکی زۆر ورد، ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە بنجوبناوانو ئاشکراکردنی کونو کەلەبەرو دیوە شاراوەو نەبینراوو نەزانراوەکانی پرسەکە". زاراوەکەش، بۆ یەکەمجار لەلایەن (پ. ی. د. هێرش ڕەسوڵ موراد)/ پسپۆڕی ڕاگەیاندن/ مامۆستای خوێندنی باڵای ڕاگەیاندن لە هەردو زانکۆی سلێمانیو صلاح الدین/ ی. سەرۆکی زانکۆی ڕاپەڕین-ەوە بەکارهاتوە. (توێژەر)

(١) مەم بورهان قانع، لەبارەی ڕاگەیاندنەوە، (سلێمانی، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٢)، ل١٦٠.

(٢) ئاماژەی پێدراوە لەلایەن: د. عیسى محمود الحسن، الصحافة الاستقصائية مهنة المتاعب والآخطار،(الاردن، دار زهران للنشر والتوزيع، ٢٠١٢)، ص١٣.

(٣) بدون اسم، مفاهيم: روزنامەنگاری تحقيقی چيست؟ ، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی هەمشەهری، (25/4/2016)
http://hamshahrionline.ir/details/244880

بۆیە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بە یەکێك لە دژوارترین مۆدێلەکانی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت، کە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بونیادنراوە، ئەمەش پێویستی بە بەڵگەو هۆشیاریو چاونەترسی ڕۆژنامەنووس هەیە، لەم ڕوانگەیەوە زۆرێك لە لێکۆڵەرانو ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لوتکەی کاری ڕۆژنامەنووسییە بە خستنەڕووی داتاو بەڵگەنامەی ڕووداوەکانی گەندەڵی نەك بە پێشبینیکردن، ئاگایەکی گشتی بەنێو کۆمەڵدا بڵاودەکاتەوە، ئەگەر ئەمجۆرەی ڕۆژنامەنووسی نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆرێك لە گەندەڵی سیاسییەکان ئاشکرانابنو دادگاکان دەستیان پێ ڕاناگات.(١)

ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی چەندین چەمکی هاوشێوەی هەیە، وەك: بەدواداچوون، پشکنین، گەڕان، لێکۆڵینەوە, هەموو ئەمانە ڕێگەو شێوازی میتۆدی دیراسەکراو، یان پلان بۆ داڕێژراون، کە لەسەر کۆمەڵێك بنەما دانراون، بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستییەکی تەواو جا ئەو ڕاستییە لە هەرکوێ بێت.(٢)

ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسییدا دەستپێشخەرە بۆ چیرۆکێك کە پشت بە بنەمای گومان دەبەستێت زیاتر لەوەی پشتبەستوو بێت بە ڕاستیو ڕۆتیناتی ڕۆژانە، یان بە شێوەیەکی بێ پلان کاری لەسەر کرابێت.(٣)

هەندێك لە توێژەران لایانوایە، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری جۆرێکە لە ڕۆژنامەنووسی، کە سەختە لە هەموو جێگایەکدا پەیڕەوبکرێت، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم سەختترین ناوچەن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری، بە شێوەیەك دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە حکومەتە نیشتمانییەکان، تەنانەت کاتێك ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دابڕاوبێت لە حکومەت، ئەوا بیرۆکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری لە هەر شتێك جێگای تێڕامانێکی گەورەیە.(٤)

سەرەڕای گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بەڵام پێشکەوتنی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم پەیوەستە بە کۆمەڵێك دەستتێوەردانی سیاسیو ڕۆشنبیریو ئابوریو کۆمەڵایەتی، جگەلە گۆڕانکارییەکانی گەشەی ڕۆژنامەنووسیو کرانەوەی سەرچاوەکانی هەواڵ، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری ئەنجامدەدەن، هەندێکجار بە پیاوانی دڵسۆزی پۆلیسو کارمەندانی داد دەچوێندرێن، کە ئاواتو ئومێدیان باشترکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانی تەواوی جیهانە.(٥)

بەشێك لە قورسیی ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن لەم بوارە لەوڵاتانی جیهانی سێیەم، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەو لێکدانەوانەی کە بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەکرێت، بەشێکی زۆر پێیانوایە، تێکەڵەیەکە لە جەنگاوەرێکی کەللەڕەق، سەگی پۆلیسی، پۆلیسی نهێنی کە بەردەوام بەدوای کەسانی خراپو تاوانو گەندەڵیو

---

(١) میکائیل دیانی، بە روزنامەنگاری تحقیقی پلیس مخفی نمیگویند، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی ئەلف ، (25/4/2016) http://alef.ir/vdcguy9wuak9zw4.rpra.html?309377

(٢) عزام أبو الحمام، المنهج العلمي في الصحافة الاستقصائية، (عمان، الاردن، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤)، ص١٣.

(3) Jim Onyango Ongowo, Ethics of Investigative Journalism, A dissertation submitted in partial fulfillment of the requirements of the Master of Arts in International Journalism, Institute of Communications Studies, The University of Leeds, September, 2011, p10.

(٤) د.عبدالعزيز شرف، الأساليب الفنية في التحرير الصحفي، (القاهرة، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٠)، ص٣١٦.

(٥) الصحافة الاستقصائية دورات تكوينية لصالح الصحفيين، منجزة من طرف نقابة الصحفيين الموريتانيين، موريتانيا،٢٠١٠، ص٨.

کەموکورتییەکاندا دەگەڕێن، ئەم هۆکارەش بازنەی کارکردن لەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسیی تەسکدەکاتەوەو لەمپەریش لەبەردەم گەشەکردنی دادەنێت.(١)

هەندێك بابەتو ڕووداو بارودۆخێکی ئاڵۆز دەخوڵقێنن، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنیانو خستنەڕووی ڕاستییەکان لەبارەیەوە بۆ جەماوەر پێویستی بە سەرچاوەی زانیاریو بەڵگەنامەی نهێنیو ئاشکرا هەیە، هەروەها پشت بەو بابەتانەش دەبەستێت، کە بە سەرنجو دەستپێشخەریی خودی ڕۆژنامەنووس کۆکراونەتەوە.(٢)

سەرتاپای ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری مامەڵە لەگەڵ بەڵگەی تایبەتو سەرچاوەی ئاشکرانەکراوو هەروەها دزەپێکردنو ڕاستییە ناتەواوەکان دەکات، بۆیە قورسو زەحمەتە، بتوانرێت ئەم جۆرە بەڵگەنامانە بکرێتە بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیی کاریگەر، هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان دودڵن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو جۆرەی بەڵگەنامەکان، ئەمەش پێویستی بە کاتو پارە هەیە و هیچ گرەنتییەك نیە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان.(٣) هەندێك پێیانوایە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەرزترین پلەی پیشەیی ڕاگەیاندنە، لە هەمان کاتدا سەختترینیانە، ڕۆژنامە یان ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری پێگەو هێزی ڕاگەیاندن لە نێو کۆمەڵدا دیاریدەکات، دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری بە چاودێریکار ناوبنرێت، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی پیشەیی داواکراو لە دامەزراوە میدیاییەکان پەیڕەوی دەکەن.(٤)

تایبەتمەندیی بنەڕەتیی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ داتاو زانیاری بەوپەڕی وردیو وریاییەوە دەبینێت، ئەم زانیارییانەش ئەوانەن، کە هەمیشە هەڵگری بەڵگەی قوڵن، پەیوەستن بە چینێکی فراوان لە جەماوەر، یان سەرتاپای کۆمەڵ، چونکە مامەڵە لەگەڵ ئەو داتاو زانیارییانە دەکات، کە بۆ ڕایگشتیو ڕۆژنامەنووسیی کلاسیکی بەردەستو ئاسان نییە، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری پشتبەستووە بە کۆمەڵێك بنەمای زانستیو لێهاتوویی زانستی، هەروەك چۆن یەکێك لە کارە بنەڕەتییەکانی بریتییە لە پاسەوانیکردنی بەهاکانی کۆمەڵو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیو هاوکاریکردنی کۆمەڵ لە ئاشکراکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان، ئەمجۆرە لە ڕۆژنامەنووسیی تەنها بە دەستکەوتنی داتای وردو گەیشتن بە ڕاستییەکان نەبێت، دروست نابێت، بە جۆرێك ڕۆڵی پزیشکێك دەبینێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی کۆمەڵ.(٥)

(لوسيندا س. فليسۆن)، لە کتێبەکەیدا "Dig deep & Aim High" جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسیی تەنها لە ئاشکراکردنی گەندەڵیو تاوانەکان کورت ناکرێتەوە، بەڵکو بە گێڕانەوە شکستو

---

(١) ئەلبرتل.هسترو وای لانج.تو، ڕابەری ڕۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەمدا، و:حەسەن عەبدولکەریم، (هەولێر، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٧)، ل١١٣.

(٢) د. عيسى محمود الحسن، مصدر سابق، ص٣٧.

(٣) بدون اسم، الصحافة الاستقصائية، موقع بي بي سي العربية، (13/4/2016)
http://www.bbc.co.uk/academy/arabic/article/art20130702112133948

(٤) مها فالح ساق الله، ماهية الصحافة الاستقصائية، (ضمن مساق الصحافة الاستقصائية في برنامج ماجستير الصحافة)، تقرير غير منشورة، إشراف: د. حسن أبو حشيش، جامعة الاسلامية،كلية الاداب، قسم الصحافة والاعلام، الدراسات العليا، ٢٠١٣، ص٢.

(٥) عزام ابو الحمام، مصدر سابق، ص١١.

خراپی سیستمەکان ڕووندەکاتەوە و کێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان شیدەکاتەوەو هەڵەو کەموکورتییەکانی دەسەڵات ئاشکرادەکات.[١]

دەکرێ بوترێت ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسیی بە شێوەیەکی فراوان پشت ئەستورە بە پشتیوانیی جەماوەر بۆی، پاڵپشت بە بڵاوکردنەوەی بابەتیانەی ئابڕوچوونەکان، هەندێکجار پەیوەست دەکرێت بە کەمپین یان تێکۆشان، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی پێوەری دیاریکراوو چەمكو یەکلاییکەرەوەش بێت، ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکار جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەوان بە نوێنەرایەتی جەماوەر بەرگری لە ئێتیك دەکەن، لە یەکێك لە بەرنامە هەواڵییەکان لە تەلەڤزیۆنێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆژنامەنووسانەی بنکۆڵکار کە لە بەرنامەکەدا کاردەکەن، زیاتر چالاكو خاوەنی متمانەن لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەرنامەکانی تردا کاردەکەن، ئەو ڕۆژنامەنووسانە بە جەنگاوەرانی ئێتیکی (Ethical Gladiators) ناودەبران.[٢]

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری (UNESCO) ڕوونیدەکاتەوە، ئامانجی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئاشکراکردنی ئەو پرسو ڕووداوانەیە، کە بەمەبەستو بێ مەبەست هەوڵی پەردەپۆشکردنی دەدرێت لەلایەن ئەوانەی لە دەسەڵاتن، کە ڕاستیو نهێنی زۆری تێدایە، هەروەها شیکردنەوەی ڕووداوەکان بە ئامانجی نیشاندانی ڕاستییە گرنگەکان بە جەماوەر، ڕاستی لە کاری بنکۆڵکاریو ئازادیی بڵاوکردنەوە بەبێ شاردنەوەی زانیاریەکان یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکانی جۆرێتی ڕۆژنامەنووسیی، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ڕەگەزێکی گرنگی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازدیی بەدەستهێنانی زانیارییە، کە کرۆکی کاری ڕێکخراوی یونسکۆ پێکدەهێنن، ساڵانە ئەم ڕێکخراوە هەوڵی فراوانکردنی سنووری ئازادیی ڕاگەیاندنو ئازادیی ڕادەربڕین دەداتو بە بنەمایەکی سەرەکی مافی مرۆڤی دەزانێت.[٣]

**دووەم/ پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

شێوازی پێناسەی جۆراوجۆر هەیە دەربارەی چەمکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، سەرەڕای هەندێك جیاوازی لە داڕشتنەوە، بەڵام زۆرینەی پێناسەکان هاوڕاو کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بریتیەلە لەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییانەی کە پشت ئەستوورە بە کۆمەڵێك شێوازو ڕێوشوێنی زانستیو پیشەیی کە ڕۆژنامەنووس بەکاریان دەهێنێت بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییە شاراوەکان، یان هەندێك پرسی گوماناوییو ئاشکراکردنی دیوە تاریکەکەی، بە ئامانجی پێشکەشکردنی بە جەماوەر بۆ دروستکردنی چاودێری لەسەر دەسەڵاتە گشتییەکانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ.[٤]

---

[1] Lucinda S. Fleeson, Dig deed & Aim hige, A training model for teaching investigative reporting, International center for journalists, Washington, 2006,p9.

[٢] د.حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع والإشكاليات، (القاهرة، مصر، دار العالم العربي،٢٠١٤)، ص٤٠.

[٣] الصحافة الاستقصائية، موقع منظمة يونسكو، (13/4/2015)

http://www.unesco.org/new/ar/rabat/communication-information/access-to information/investigative-journalism

[٤] عزام أبو الحمام، مصدر سابق، ص١٣.

ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لایەنە شاراوەکان بۆ جەماوەر ئاشکرادەکات، کە لەلایەن کەسێکی دەسەڵاتدار شاردراوەتەوە، یاخود بە ڕێکەوت لەئەنجامی شپرزەیی هەندێك بارودۆخی ئالۆز شاردراوەتەوە، ئاشکراکردنی پێویستی بە بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیاریو بەڵگەنامەی ئاشکراو نهێنی هەیە.(١)

(بینجامین سۆنو دیڤید ئەندەرسۆن)، نوسەرانی کتێبی (Investigative Reporting) دەڵێن:" ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ڕۆژنامەنووسیی زانیارییە شاردراوەکانە، واتە ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسییە کە ئامانج لێی ئاشکراکردنی ئەو زانیارییانەیە کە هەموو کەس ئەو بوارەی بۆ نارەخسێت، زانیارییەکەی پێ بگات".(٢)

هەندێك لە لێکۆڵەران پێیانوایە، هەندێك لە کەسەکان نایانەوێت ئەو بابەتانە بزانن‌و ئاشکرا بکەن کە کەسانی تر نایانەوێت بیدرکێنن، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەیەوێت زانیاری لەسەر ئەو بابەتانە هەبێت، کە خەڵکانی تر نایانەوێت بیدرکێنن ئەمەش لەبەر ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نییە، یاخود نهێنییە.(٣)

(ستیف واینبرگ)، مامۆستای ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە زانکۆی میسۆری بۆ ڕۆژنامەنووسی پێیوایە، بریتییە لە ئەنجامدانی ڕاپۆرتەکان دەربارەی پرسێکی گرنگ بۆ خوێنەران یان بینەران یان گوێگران، لە ڕێگەی پێشنیاری خودیو بەرهەمی خودی.(٤)

هەندێك لە لێکۆڵەران دەڵێن: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری یەکێکە لە شێوازەکانی ڕۆژنامەوانی، کە کاری گەڕان‌و پشکنین‌و بنکۆڵکردن دەکات دەربارەی پرسێك لە پرسەکان، یان کێشەیەك لە کێشەکان، یان دیاردەیەك لە دیاردەکان، یان ڕووداوێك لە ڕووداوەکان، بە ئامانجی ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی‌و هۆکارەکانی‌و پاڵنەرەکانی‌و دەرخستنی ڕای شارەزایان‌و خستنەڕووی چارەسەرەکان.(٥)

(دیڤید کابلان)*، بەڕێوەبەری تۆڕی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری بەمجۆرە پێناسەی دەکات: بریتییە لە ڕێچکەو ڕێبازێکی ڕێکخراو بۆ بەدواداچوونی قوڵبوونەوە لە ڕووداوێك، بە گەڕانێکی کرداریو گرتنەبەری ڕێگای زانستی بۆ گەڕان بە دوای زانیارییەکاندا لەلایەن خودی ڕۆژنامەنووسەکانەوە، بە پشتبەستن بە دانانی چەند گریمانەیەك‌و پشتڕاستکردنەوەیان‌و دڵنیابوون لەو ڕاستییانەی لە دەوری گریمانەکانن.(٦)

---

(١) علی درب الحقیقیة، دلیل أریج الصحافة العربیة الاستقصائیة، (عمان، الاردن، المكتبة الوطنیة، ٢٠٠٩)، ص١٧.

(٢) عیسى عبد الباقي، الصحافة الاستقصائیة: أطر نظریة ونماذج تطبیقیة، (مصر، القاهرة للنشر والتوزیع ، ٢٠١٣)، ص٦١.

(٣) شبكة الصحفیین الدولیین، الموقع الالكتروني: (٢-٧-٢٠١٦) http://ijnet.org/ar/blog/166763

(٤) عزام أبو الحمام، نفس مصدر، ص١٤.

(٥) د.عبدالملك بن عبدالعزیز بن شلهوب، التحقیق الصحفي: أسسه أسالیبه اتجاهاته الحدیثة، (السعودیة، مكتبة ملك فهد الوطنیة ، ٢٠٠٤)، ص١٧.

*دیڤید کابلان، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارو ڕاوێژکاری ڕۆژنامەنووسییە لە واشنتن، دامەزرێنەری یەکەمین تۆڕی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاریی جیهانییە، تۆڕەکەی دەیان خەڵاتی لەبواری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بردووەتەوەو خودی خۆیشی ژمارەیەك خەڵاتی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە، ماوەی ٢٠ ساڵ لە بواری گەشەپێدانی ئامرازەکانی ڕۆژنامەنووسییدا کاریکردووە و، لەسەر ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ڕاهێنانی بە زیاتر لە هەزار ڕۆژنامەنووس کردووە لە سەرانسەری جیهاندا.

(٦) عزام أبو الحمام، مصدر سابق، ص١٣.

**(ڕەنا سەباغ)، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری(ئەریج)* دەڵێت:" ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بریتییە لەو جۆرەی ڕۆژنامەنووسیی کە پشت دەبەستێت بە دۆکیومێنتکردنی زانیاریی‌و ڕاستییەکان بە گرتنەبەری شێوازی میتۆدیی‌و بابەتی بە ئامانجی ئاشکراکردنی نهێنییەکان‌و گۆڕانکاریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی".[1]**

**هەندێکی دیکەش ڕایان وایە: بنکۆڵکاری جۆرێکە لە ڕۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەیە کە بۆ پارێزگاریکردن لە دیموکراسی‌و کەسانی چەوساوەو ئەوانەی کە دەنگیان ناگاتە جێگای خۆی، هەروەها کار لەسەر ئاشکراکردنی مافیای سیاسی دەکات.[2]**

**ڕایەڵەی عیراقی بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری (NIRIJ) بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: ئەو ڕۆژنامەنووسییەیە کە کاردەکات بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە کێشەکاندا، هەڵە پەیڕەوکراوەکان، یان هەڵەیەك لە سیستمدا کە شارابێتەوە، هۆکارەکان‌و کاریگەرییەکانی دەردەخات‌و هەوڵی لێپێچینەوە دەدات لە بەرپرسەکان بۆ دروستکردنی گۆڕان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.[3]**

**بەشێکی تر لە توێژەران بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری تەنها ڕاپۆرتێك نیە، بەڵکو بابەتێکی نوێیە، پێویستە خەڵك هۆشیار بکاتەوەو پەردە لەسەر نهێنی‌و گەندەڵییەکان هەڵبماڵێت.[4]**

**هەندێکی تر لە پسپۆڕانی بوارەکە، بەمجۆرە پێناسەی دەکەن: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، بنکۆڵکاریی هەواڵێك یان پرسێکە، یاخود شتێکی شاراوەو نەزانراوە بیەوێت ئاشکرای بکات‌و لێی ئاگاداربێت.[5]**

**(دیفید نابڵ)، سەرۆکی سەنتەری ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەم شێوە پێناسەی دەکات‌و دەڵێت:" بریتییە لە ڕەفتارێکی میتۆدی‌و دامەزراوەیی تەواو، پشت دەبەستێت بە گەڕان‌و وردبینی‌و بنکۆڵکاری، ئەمەش لە پێناو بابەتی بوون‌و وردی‌و پشتڕاستکردنەوەی ڕاستیی هەواڵ، هەروەها ئەو هەواڵانەی کە ڕەنگە بشاردرێتەوە لە بنەماکانی شەفافیەت‌و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی‌و پابەندبوون بە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی وەك "سەگی پاسەوان" لەسەر ڕەفتاری حکومی، هەروەها دانانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری وەکو ئامرازێکی لێپرسینەوە لە بەرپرسان‌و لێپێچینەوە لە کاروبارەکانیان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی، ئەمەش بەپێی بنەماکانی یاسای مافی زانین‌و ئازادیی زانیاری".[6]**

---

* میدیاکاران لەپێناو ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری عەرەبی (ئەریج)، یەکەم تۆڕە لە ناوچەکەدا، کە تایبەتە بە گەیاندنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بە ناوەندەکانی میدیای عەرەبی بەپێی میتۆدێکی پێشکەوتووو نوێ، ئەم تۆڕە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٥ز) لە عەمانی پایتەختی ئوردن دامەزراوە بۆ یارمەتیدان‌و پشتیوانیکردنی ڕۆژنامەنووسیی پرۆڤێشناڵی سەربەخۆ، ئەمەش لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی پرۆژەکانی بنکۆڵکاری وردو ڕێکخستنی خولی ڕاهێنان‌و پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووس لەو بوارەدا، ئەم تۆڕە هاوکاری ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبی دەکات لە بواری ( ڕۆژنامە، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی) لە وڵاتانی ئوردن، سوریا، فەڵەستین، لوبنان، عێراق، میسر، بەحرەین، تونس‌و یەمەن.

(1) أوراق عمل لمساق الصحافة الإستقصائية، محاضرات لمرحلة ماجستير، قسم الصحافة و الإعلام، جامعة الاسلامية، غزة، فلسطين، ٢٠١٤، ص٣.

(2) موقع جريده همشهری، مفاهيم: روزنامه‌نگاری تحقيقی چيست؟، همان مصدر.

(3) سامان نوح، دەروازەیەك بۆ ڕۆژنامەگەری بنکۆڵکاری، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٥)، ل٧.

(4) Derek Forbes, A watchdog’s guide to investigative reporting, Johannesburg, South Africa, Published by: Konrad Adenauer Stiftung Media Programme, 2005, p2.

(5) بيلال محمد مجيد، موانع‌و چالش های روزنامه نگاری تحقيقی در كردستان عراق، پايان نامه كارشناسی ارشد رشته علوم ارتباطات اجتماعی گرايش روزنامه نگاری، دانشكده علوم اجتماعی‌و ارتباطات، دانشگاه علامه طباطبايی، ١٣٩٤، ص١٠.

(6) عزام أبو حمام، مصدر سابق، ص١٤.

له كۆی پێناسەكان پەیوەست بە ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری، توێژەر بەم شێوەیە پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری دەكات: بریتییە لە گەڕانو شیتاڵكردنو بنكۆڵكردنی پرسو ڕووداوەكان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە شاراوەكان، یاخود ئەو پرسانەی كە هەڵەو كەموكوڕتییەكیان تێدایەو شاردراونەتەوە، پەردە لەسەر تەواوی وردەكاریی هۆكارو كاریگەرییەكانی پرسەكە هەڵدەماڵێت، و هەوڵدەدات لێپێچینەوە لە بەرپرسەكان بكات بۆ دروستكردنی گۆڕانكاری لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

**سێیەم/ ئەركی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری:**

توێژەران چەندین ئەركی ڕۆژنامەنووسییان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خستوەتەڕوو، بە شێوەیەكی گشتی ڕۆژنامەنووسی لە كۆمەڵدا لە ڕێگەی پێشكەشكردنی هەواڵ بە جەماوەرو شیكردنەوەیان، هەروەها پەروەردەو ڕێنماییكردنو هۆشیاركردنەی جەماوەرو چاودێریكردنی دەسەڵاتەكان، ئەركێكی گرنگو پڕبایەخ دەگێڕێت.[1]

ئەركی چاودێركاریی ڕۆژنامەنووسی، یەكێكە لە ئەركە گرنگو پڕبایەخەكانو هێزو دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسی لە كۆمەڵگەكاندا نیشاندەدات، بیرۆكەی سەرەكی لە ئەركی چاودێركاریی ڕۆژنامەنووسی، پاراستنو پاسەوانیكردنی هاوڵاتییانە لە بەرامبەر هەر پێشێلكارییەك، كە لەلایەن حكومەتو كەسانی تر كە خاوەنی هەژموونو دامەزراوەن و لە نێو كۆمەڵدا لە دژیان ئەنجامبدرێت، هەر ئەمەش بووەتە هۆكاری ئەوەی ڕۆژنامەنووسی بە (دەسەڵاتی چوارەم) ناوببرێت، بەو مانایەی دەسەڵاتی گەلەو گوزارشت لە رایگشتیو چاودێریكردنی دەسەڵاتەكانی تر لە كۆمەڵدا دەكات.[2]

لێرەدا **ئەركە جیاوازەكانی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری** دەخەینەڕوو:

**یەكەم/ ئەركی چاودێركاری (Watching):**

ئەم ئەركە بە درێژكراوەی چەمكی (دەسەڵاتی چوارەم) دادەنرێت، بەو واتایەی ڕۆژنامەنووسی هەوڵدەدات، بەسەر هەموو ئەو شتانەدا چاودێربێت، كە لەنێو كۆمەڵدا ڕوودەدەن، لەوانەش چاودێریكردنی دامەزراوە سیاسیو كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵ، لێرەدا رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری وا وەسفدەكرێت، كە ڕۆڵی پاسەوانێكی بە ئاگا دەبینێت، وەك پاسەوانو چاودێرێكی چاوكراوە دژی خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات و چاودێریكردنی بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵ لە گەندەڵیو لادانو كەموكورتی دەكات، ئەوەش لە ڕێگەی چاودێكردنی دامەزراوەكان و پرس و ڕووداو و بۆچوونەكان و تیشكخستنەسەر ئەدائی حكومەت و برەودان بە بنەمای مافی زانینەوە ئەنجامدەدرێت.

**دووەم/ وەك سەگی پاسەوان (Guard dog):**

مەبەست لەم ئەركە، تەنها چاودێریكردنی دامەزراوە جێبەجێكارەكانە لەنێو كۆمەڵ لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییەوە، زیاتر سوورە لەسەر چاودێریكردنی ڕەگەزە هەرزەكارییەكانی نێو كۆمەڵ بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە لادانو كەموكورتی.[3]

---

[1] د.عبداللطيف حمزة، الصحافة والمجتمع، (القاهرة، دار القلم، ١٩٩٣)، ص٢١.

[2] د.هيرش رسول، الوظيفة الرقابية للصحافة، مصدر سابق، ص٥٧.

[3] مها فالح ساق الله، مصدر سابق، ص١١.

سێیەم/ وەك سەگی ڕێبەر (Guide dog):

ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بە ڕۆڵی ڕابەرایەتی‌و ڕێنوێنیکردنی هاولاتیان‌و ڕایگشتی بە پێدانی زانیارییەکان دەربارەی سیاسەت‌و سیاسەتمەداران هەڵدەستێت، کە پێویستیان پێیەتی لە دروستکردنی بڕیارو هەڵسەنگاندنی سەرکردەکانیان.

چوارەم/ وەك سەگی باوەش (Lap dog):

ئەم ئەرکە گوێزەرەوە-شی پێدەوترێت، بە دیوێکی تر واتە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بریتییە لە لەئەستۆگرتنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بەبێ ئەوەی سەربەخۆبن‌و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی سیاسی بکەن و گوێ بدەنە راوبۆچوونە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵ، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دامەزراوە جێبەجێکارەکانی کۆمەڵ ناگونجێن، ئەمەش وەك ئامرازێکی گوێزەرەوە وایە بۆ ئەو پرس‌و بابەتانەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت جەماوەرەکەی بیزانێت، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت‌و مەبەستێتی، بەبێ ئاراستەکردنی هیچ ڕەخنەو گازندەیەك لە دامودەزگاکانی دەوڵەت.

پێنجەم/ وەك سەگی سەرکردە (Lead dog):

لێرەدا ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بە ڕۆڵی دانانی ئەجێندا بۆ پرسە پێشنیارکراوەکان لە گۆڕەپانی سیاسی هەڵدەستێت، بە شێوەیەك ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری وەك پالاوتگەیەك وایە بۆ دانانی چارەسەرو ڕێکخستنی پرسەکان بەپێی گرنگی‌و بایەخیان، پێش ئەوەی بۆ جەماوەر بخرێنەڕوو، هەروەها هانی سیاسییەکان دەدات، بەدواداچوون بۆ ئەم پرسانە بکەن بەهۆی کاریگەری‌و بایەخیان، چونکە لە چوارچێوەیەکی گشتیدان‌و جێگای سەرنجی هەمووانن، بەمەش ڕۆڵی سەگی سەرکردە دەبینێت لە ڕێگەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی گرنگی پێدانێکی تایبەت بۆ زیاتر ڕوومالکردنی پرسێك لە جۆرەکانی تر.[١]

جگە لەو ئەرکە گشتیانە، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە کۆمەڵگە کراوەو لیبراڵەکاندا کۆمەڵێك ڕۆڵ‌و ئەرکی تر دەبینێت، دەتوانین لێرەدا بە شێوەیەکی کورت گرنگترینیان بخەینەڕوو:[٢]

١- ڕۆڵی چاودێری لەسەر حکومەت‌و پرۆژە گشتی‌و تایبەتەکان هەیە، هەروەها بە ئاشکراکردنی لادان‌و هەڵەو کەموکورتییەکان هەڵدەستێت، کە دژ بە مافی خەڵك‌و جەماوەر دەکرێت.

٢- لە گرنگترین شێوازەکانی دەرکەوتنی ڕۆڵی چاودێری ڕۆژنامەنووسیی لە ڕۆژئاوا، بریتییە لە بوونی پانتاییەکی ئازادیی فراوانی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەو کۆمەڵیانەدا، لەگەڵ ئەمەشدا ولاتانی ڕۆژئاوا لەڕێگەی یاساوە گرەنتی پاراستنی ڕۆژنامەنووسیان کردووە، لەو پرس‌و کەیسانەی کە پەیوەستن بە کەموکورتی‌و خراپییەکانی دەسەلاتداران.

٣- یاسا لە ولاتانی لیبراڵی ئەو مافە دەدات بە ڕۆژنامەنووس، ناوی ئەو کەسانە ئاشکرا نەکات، کە زانیارییەکانی پێبەخشیوە، بۆیە هەندێك ڕۆژنامەی ئەمەریکی‌و ئەورووپی سەرکەوتووبوون، لەوەی ژمارەیەك لە کەسانی سیاسی‌و گەورە پیاوانی دەوڵەت‌و سەرمایەدارانی گەندەڵ، ڕاپێچی سوچی زیندانەکان بکەن.[٣]

---

(١) د. عیسی محمود الحسن، مصدر سابق، ص٣٣.

(٢) أ.د.عبدالرزاق الدلیمي، الصحافة الاستقصائیة، (عمان، دار الیازوري العلمیة للنشر والتوزیع، ٢٠١٥)، ط٢، ص٣٥.

(٣) أ.د.عبدالرزاق الدلیمي، نفس المصدر، ص٣٥.

**چوارەم: تایبەتمەندیی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری**

دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو زیادبوونی بایەخو کاریگەرییەکانی، توێژەرانو پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەنووسییان گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کەوا جیاوازی بکەن لەنێوان ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا، توێژەر پێیوایە بەهۆی ئەو گرنگیو ڕۆڵە گەورەیەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە کۆمەڵو وڵاتاندا دەیگێڕێت، قورساییو کاریگەریی ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی بووەتە مایەی ئەوەی، کە ئاماژە بە جیاوازییەکانی بکرێت لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ڕۆژنامەنووسیدا.

بەشێك لە پسپۆڕانی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە، ئاماژە بەوەدەدەن کە لەسەر بنەمایەکی زانستیی و پیشەیی، پرۆسەی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکان دەکرێت و دەچێتە قوڵایی زانیارییە بەردەستەکان، ئەوەش بە پشتبەستن بە لایەنە جیاوازەکانی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ڕۆشنبیری) کە جێگای بایەخی رایگشتین.[1] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، گەڕانو پشکنینو گوێگرتنو خستنەڕووی پرسیارە گونجاوەکانە، بەڵام خستنەڕووی پرسیارەکان پێویستیان بە داڕشتنەوەو خستنە چوارچێوەوە هەیە، هەروەها گوێگرتن لە سەرچاوە راستییەکان مانای گەیشتنە بە بنەڕەتی راپۆرتەکە.[2]

لە بارەی جیاوازی نێوان ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاساییدا، بەڕێوەبەری تۆڕی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری بۆچوونی وایە:[3]

- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ڕۆژنامەنووسیی دزەپێکردن نییە: وەرگرتنی کەیسێك لە یەکێك لە سەرچاوە رەسمییە خاوەن هەژموونەکانو پاشان دووبارە نووسینەوەو بڵاوکردنەوەی لە هەمان رۆژدا، ناچێتە خانەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە.

- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند نیە: بنکۆڵکاری زیاتر رۆدەچێتە ناو قوڵایی بابەتەکان، بەشێوەیەك ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند تەکنیکە بنکۆڵکارییەکان بەکاردەهێنێت.

- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ڕۆژنامەنووسیی ڕەخنەگر نییە: ئەنجامدانی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری پێویستی بە کاتی زۆر هەیەو رەنگە چەند هەفتەو مانگو تەنانەت چەندساڵێکیش بخایەنێت، هەروەك پێدەچێت ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری رەگەزی زۆری رەخنەگرانە لە خۆ بگرێت، لەکاتی نووسینی ووتاردا پێویست بە گەڕانو پکشنینی زۆر نیە.

---

[1] محمد الراجي، أي دور للصحافة الاستقصائية في تعزيز الممارسة الديموقراطية، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٧، ص٥.

[2] كريغ سيلفرمان، دليل التحقيق للصحافة الاستقصائية، ت: مركز الجزيرة الاعلامي للتدريب و التطوير بالتعاون مع مركز الصحافة الاوروبي، ٢٠١٦، ص٥٠.

[3] محمد صابر الشرافي، واقع الصحافة الاستقصائية في الصحف الفلسطينية، رسالة ماجستير، غير المنشور، كلية الاداب، جامعة الاسلامية، غزة،٢٠١٥، ص٥٦.

- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، ڕوماڵی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند نییە بە تاوانو گەندەڵی: واتە جەخت لەسەر بابەتە پەروەردەییەکانو قۆستنەوەی دەسەڵاتو کۆکردنەوەی پارە دەکاتەوە، نەك تەنها پرسو بابەتەکانی تایبەت بە گەندەڵیو تاوان.

هاوکات عەبدولڕەحیم نورەدین حامید، مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی ئەمەریکی لە شاری دوبەی، جیاوازی نێوان ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو لێکۆڵینەوە ڕۆتینییەکانی بەم شێوەیە دیاریکردوە:[1]

- ڕۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەیی بە ئاراستەی ئابڕوچوونی هەڵسوکەوتەکان کاردەکات
- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ڕووبەڕێکی گەورە دەگرێتەوە
- لە ئامادەکردندا کاتێکی درێژ دەبات
- پێویستی بە سەرچاوەی دارایی زۆر هەیە
- نووسینەوەکەی دەسپێردرێت بە ڕۆژنامەنووسە خاوەن ئەزموونەکان
- ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکە
- سەرنجی خوێنەر زیاتر بۆ خۆی رادەکێشێت
- پڕ مەترسییە.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی توێژەرو پسپۆڕانی بوارەکە چەندین جیاوازیان لە نێوان ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریو ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا کردووە، کە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین:[2]

١ - لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا کۆکردنەوەی زانیاریو ناردنی بەپێی ڕێڕەوێکی جێگری (ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە)یە، بەڵام لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا زانیارییەکان بڵاوناکرێنەوە، تاوەکو تەواو دڵنیا نەبیتەوە لە ڕاستیو دروستییان.

٢ - لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا بە شێوەیەکی خێرا گەڕان و بەدواداچوون دەکاتو دواتریش هیچ گەڕانێکی تر ئەنجام نادات، بەڵام لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا گەڕان بەردەوامی دەبێت تا جێگیرکردنی چیرۆکەکان، هەندێجاریش پاش بڵاوکردنەوە گەڕانو بەدواداچوون بەردەوامی دەبێت.

---

[1] د.بشرى حسين الحمداني، الصحافة الاستقصائية تحقيقات عابرة للحدود، (عمان، الاردن، دار أسامه للنشرو التوزيع، ٢٠١٣)، ص٣٧.

[2] د.بشرى داود السنجري، صناعة التحقيقات التليفزيونية الاستقصائية، المقومات الفنية والمهنية للمحقق الصحافي، (الامارات، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٥)، ص٢٥.

هەروەها:أ. ماجدة أبو فاضل، الصحافة الاستقصائية، معهد الصحافيين المحترفين الجامعة اللبنانية الأميركية – بالتعاون مع مركز قناة الجزيرة الإعلامي للتدريب والتطوير، الدوحة، مارس ٢٠٠٦، ص٣.

ب. سامان نوح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

ت. أ.د.عبدالرزاق الدليمي، مصدر سابق، ص٥٧.

ث. عزام أبو الحمام، مصدر سابق، ص٣٤.

ج. د.عيسى محمود الحسن، مصدر سابق، ص٤١.

٣ - له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاریدا سەرجەم هونەرەكانی ڕۆژنامەنووسیی وەك (هەواڵ، چاوپێكەوتن، بیروڕا، ڕاپرسی، وێنە، خشتە و گەڕان) بەكاردەهێنرێت.

٤ - بابەتەكان له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا له زانیارییە گرنگەكان پێكدێتو زۆریش كورتە، بەڵام له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا بابەتەكە له زۆرترین زانیاری بەدەستهاتوو پێكدێت، ڕەنگە زۆریش درێژ بێت.

٥ - ڕەنگە لێدوانی سەرچاوەكان جێگای دۆكیۆمێنتو بەڵگەنامەكان بگرێتەوە له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا، بەڵام لێدوانی سەرچاوەكان له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا بە بەڵگەنامە پێویستیان بە پشتڕاستكردنەوە هەیە.

٦ - له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا متمانە بە سەرچاوە دەكرێت، لێكۆڵینەوەو وردبوونەوە له سەرچاوەكە ناكرێت، بەڵام له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا نابێت متمانە بە سەرچاوە بكرێت، هەندێجار زانیاری ناڕاست دەدرێت بە ڕۆژنامەنووس، بۆیە بەبێ وردبوونەوەو لێكۆڵینەوە لێی نابێت بەكاربهێنرێت.

٧ - له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا سەرچاوە ڕەسمییەكان بەبێ بەرامبەر زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان دەدەن، ئەمەش بۆ باشتركردنی ڕۆڵو بەدیهێنانی ئامانجەكانیانە، كەچی له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا زانیارییە ڕەسمییەكان له ڕۆژنامەنووس دەشاردرێتەوە، چونكە بە ئاشكرابوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەكانی دەسەڵاتو دامەزراوەكان دروستدەبێت.

٨ - له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا ڕۆژنامەنووس پابەندەبێت بە قبوڵكردنی گێڕانەوەی سەرچاوە ڕەسمییەكان، هەرچەندە ڕەنگە لەلایەن سەرچاوەی دیكەوە زانیاریو داتای پێچەوانەی سەرچاوە ڕەسمییەكەش هەبێت، ڕۆژنامەنووس له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا بەڕاشكاوی ئاڵنگاری گێڕانەوە ڕەسمییەكانی ڕووداوەكە دەبێتەوە، یان نكۆڵی لێدەكات، بە پشتبەستن بەو زانیارییەی له سەرچاوە سەربەخۆكانەوە وەریدەگرێت.

٩ - له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا زۆرجار ڕۆژنامەنووس زانیارییەكانی له سەرچاوەیەكەوە وەردەگرێت، سەرباری بوونی چەند سەرچاوەیەكی جیاواز، بەڵام له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا ڕۆژنامەنووس زانیارییەكان كۆدەكاتەوەو دوور دەكەوێتەوە له تاك سەرچاوەیی، پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، كە زۆرینەی سەرچاوەكان هاوڕان لەسەری.

١٠ - زۆرجار سەرچاوەی زانیارییەكان له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا ناسراوو ئاشكران، بەڵام له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا زۆرجار سەرچاوەی زانیارییەكان نادیارن، ئەمەش بەهۆی پاراستنی ئاسایش وگیانی سەرچاوەكان.

١١ - له ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا زۆرجار ڕۆژنامەنووس ئەو زانیاریانەی بەردەستی دەكەون، وەك ڕاستی تەماشایان دەكات، تەنها دەیەوێت هەڵەو كەموكوڕییەكان بە جەماوەر بڵێت، یان ئاگاداریان بكاتەوە، بەڵام له ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكارییدا ڕۆژنامەنووس بەدواداچوون بۆ پشتڕاستكردنەوەی زانیارییە بەردەستەكان دەكاتو لێكۆڵینەوە له هەڵەو كەموكوڕییەكان دەكات بەئامانجی لێپرسینەوە له كەمتەرخەمەكان.

١٢ - ڕۆژنامەنووسیی ئاسایی هەوڵی گۆڕینی واقع نادات، تەنها روماڵی ڕووداوەکانو بەدواداچوون بۆ پرسە گشتییەکان دەکات، بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریو دۆکیومێنتەکانو نیشاندانی هەڵەکانەوە، هەوڵی گۆڕینی واقعو یاساکان دەدات.

١٣ - لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا ڕۆژنامەنووس هەوڵدەدات، بابەتی بێتو بە شێوەیەکی هاوسەنگو بەبێ لایەنگیری بەدواداچوون بکاتو بڕیاریان لەسەر نادات، لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا ڕۆژنامەنووس وردبینی ڕاستی ڕووداوو لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی دەکات، هەر بۆیە قوربانیو تاوانباریش دیاریدەکات.

١٤ - هەڵەی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا بەهۆی خێرایی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانو بڵاوکردنەوەیان پێشبینیکراوەو کاریگەریی زۆری لەسەر ڕاستگۆییو متمانەی ڕۆژنامەنووسەکەو دەزگاکەی نابێت، بەڵام لە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا بچوکترین هەڵە پێدەچێت، ڕۆژنامەنووسەکە ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی بکاتو کاریگەری دەبێت لەسەر لەدەستدانی ڕاستگۆییو متمانەی ڕۆژنامەنووسەکەو دەزگاکەی لای وەرگر.

١٥ - ئەنجامدانی ڕاپۆرتو بەدواداچوون بەگشتی پێویستی بە گروپی ڕۆژنامەنووسو حەماسی ڕۆژنامەنووسەکە نییە لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا، بەڵام لە بنکۆڵکارییدا جگە لە هەوڵو حەماسی کەسی ڕۆژنامەنووس، ڕەنگە قورسی کارەکە پێویستی بە گروپی کارکردن هەبێت.

١٦- لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا بەو پێیەی ڕۆژنامەنووس مامەڵە لەگەڵ زانیارییە بڵاوکراوەکان لە سەرچاوە زانراوەکانەوە دەکات، کەمتر ڕوبەڕوی ڕێگریو ئاستەنگی یاسایی دەبێتەوە، بەڵام لە ڕۆژنامەنووسیی ئاساییدا بەو پێیەی مامەڵەی زیاتری ڕۆژنامەنووس لەگەڵ زانیارییە نهێنیو شاراوەکانە، بۆیە زۆرجار ڕوبەڕوی ئاستەنگو گرفتی یاساییو ژینگەییو پیشەییەکان دەبێتەوە.

## باسی دووەم: مێژووی سەرهەڵدانو گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری

**یەکەم/ مێژووی سەرهەڵدان:**

توێژەرانو پسپۆڕان لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری کۆك نین، هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە پێشەنگی وڵاتانی جیهان دادەنرێت لە بواری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییدا، بەڵام لەسەر مێژووی سەرهەڵدانو دەرکەوتنی راوبۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێك لە توێژەران سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری دەبەستنەوە بە ساڵی (١٦٩٠ز)، کاتێك ڕۆژنامەی (رووداوە گشتییەکان) رووداوی ئەشکەنجەدانی وەحشیگەرییانەی سەربازە فرەنسییەکانی لەلایەن هۆزە هندییە سورەکانی هاوپەیمانی سوپای بریتانی لەسەر خاکی ئەمەریکا ئاشکراکرد، هەندێك راپۆرتەکانی نیلی بلای بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لە ڕۆژنامەنووسیی ئەمەریکی دادەنێن، کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرك لە ساڵی (١٨٨٧ز) دەرکەوت، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە بریتیبوو لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بە پەنابردنەبەری ژنان بۆ ناوەندەکانی چارەسەری تایبەت بە نەخۆشی دەروونی (شیتی).[١]

بەشێکی تر لە توێژەرانو لێکۆڵەرانی بواری ڕاگەیاندن، دەرکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای گەشەسەندنی چەمكو ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی لە کۆمەڵ و جەختکردنەوە لە کەنەو پشکنینی هەندێك بابەت کە لە نێو کۆمەڵدا روودەدەن بەتایبەت لایەنی لادانو گەندەڵی، هەر بۆیە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا کاریاندەکرد بە گەڕان بە دوای گەندەڵی یاخود پشکنەرانی گەندەڵی ( Muck Rekers) ناودەبران، ئەم ناوەش لە ساڵی (١٩٠١ز) بەو ڕۆژنامەنووسانە دەوترا، کە سەرپەرشتی هەڵمەتی ڕۆژنامەوانی گرنگیان دەکرد دژ بە گەندەڵی، پشکنەرانی گەندەڵی لە کارە ڕۆژنامەوانییەکانیان پشتیان بەستبوو بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی ئاشکراکراوو پشتبەستوو بە بەڵگەنامەی رەسمی لە ژێر چاودێریی پسپۆڕاندا.[٢]

گروپی پشکنەرانی گەندەڵی لە ساڵی (١٩٠٦ز) وەك هێزێکی کاریگەر دەرکەوتو لە ساڵی (١٩١١ز) سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، پاشان لە ساڵی (١٩١٢ز) سەرکەوتنەکان بەرەو خاوبوونەوە چوون، بەشێوەیەك کە جەماوەر وردە وردە لێی دوور دەکەوتنەوە، لە هەمانکاتدا ڕۆژنامەنووسیی دووچاری فشارێکی زۆری دارایی بووەوە، ئەمەش بووە مایەی نەمانو لەناوچوونی ئەم مۆدێلە لە ڕۆژنامەنووسی، دواتر لە ماوەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم جارێکی تر ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەریهەڵدایەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی وەك: پشتیوانیی دارایی کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە سەرەتای حەفتاکاندا بەدەستیهێنا.[٣]

---

[١] محمد صابر الشرافي، مصدر سابق، ص ٧٦ .

[٢] منير أبو راس وأخرون، الصحافة الاستقصائية مفهومها وماهيتها.. نشأتها وتطورها.. علاقتها بالبحث العلمي، ورقة بحثية ضمن المتطلبات البحثية لمساق" صحافة استقصائية"، غير منشور، (غزة، الجامعة الإسلامية، ٢٠١٢)، ص ٧.

[٣] د.بشرى حسين الحمداني، الصحافة الاستقصائية تحقيقات عابرة للحدود، مصدر سابق، ص ٢١ .

تاوەکو ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆژنامەنووسانی بواری بنکۆڵکاری کەم‌و دەگمەن بوون، دواتر ڕۆژنامەنووسان درکیان بەوەکرد، کە دەبێت ئەو بابەتە ڕۆژنامەنووسیانەی کاریان لەسەرکردووە تێیدا، وردتر قوڵتر ببنەوە ئەوەش بە خستنەڕووی بەڵگەو دۆکیومێنت.[1] پرۆسەی ئاشکراکردنی گەندەڵی‌و تاوانەکان لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە هێزێکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتییەکان دابنێت، لە دە ساڵی یەکەمی دەرکەوتنی ئەم ڕەنگەی ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵی فراوانی هەبوو لە ئاشکراکردنی (ئابڕوچوونی تاوانی بەرتیل، گەندەڵی، تاوانی ڕێکخراو، بەفیڕۆدانی داهات‌و کاری توندوتیژی کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە بەرامبەر هاوڵاتیان ئەنجامدەدرا)، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پاڵنەربوون لە پشت ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکارەوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو کارانە.[2] بۆ پشتیوانیکردنی زیاتری ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسی، ڕێکخراو یاخود سندوقێکی سەربەخۆ بە ناوی (Fund of investigative Journalism) لە ئەمریکا دامەزرا، کە لەلایەن دامەزراوەو تاکەکانەوە پاڵپشتی دارایی دەکرا، ئەم سندوقە توانی سەرکەوتووبێ لە پاڵپشتیکردنی زیاتر لە (٦٠) پرۆژەی ڕۆماڵکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ماوەی نێوان مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٧١ز) تاوەکو ئەیلولی ساڵی (١٩٧٣ز)دا.[3]

لە ساڵی (١٩٧٦ز) ژمارەیەك لە پەیامسازانی بنکۆڵکار یەکێتی پەیامنێرو پەیامسازانی بنکۆڵکاریان (Investigative Reporters & Editors) دامەزراند وەك گروپێکی ڕۆژنامەنووسیی قازانج نەویست، ئامانج لە دامەزراندنی یەکێتییەکە بە مەبەستی هاندان وگەشەپێدانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بوو، لەگەڵ کۆتایی ساڵی (١٩٧٦ز)دا ئەو گروپەی ڕۆژنامەنووسان تیمێکی تایبەتیان بە کاری ڕۆژنامەنووسی بە سەرۆکایەتی پەیامسازی ڕۆژنامەی نیوزدەی پێکهێنا بۆ ڕوماڵکردنی بنکۆڵکاری لە بواری تاوان، بەهۆی کاری بنکۆڵکاری لەسەر تاوانی ڕێکخراو لە ویلایەتی ئەریزۆنا ڕۆژنامەنووس پەیامسازێکی ڕۆژنامەی ئەریزۆنا ڕیپوبلیك (Arizona republic) تیرۆرکرا، لە پاش ئەو ڕووداوەوە ڕۆژنامەنووسانی پشکنەری گەندەڵی لەپێناو دەستەبەرکردنی شەفافیەت‌و دەسەڵاتی بەرپرس‌و نەهێشتنی گەندەڵی ڕووبەڕووی مەترسی دەبوونەوە.[4]

دوابەدوای ڕووداوەکە، کۆمەڵەی پەیامسازانی بنکۆڵکار ژمارەیەکی زۆری لە ڕۆژنامەنووسانی کۆکردەوە بۆ بەدواداچوونی ئەو لێکۆڵینەوە بنکۆڵکاریانەی ڕۆژنامەنووسەکەی ئەریزۆنا ریپوبلیك لەسەری تیرۆرکرا، وەك وەڵامدانەوەیەك دژ بە ڕووداوەکە (٥٠) ڕۆژنامەنووس لە تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕیاریاندا بچنە "ئەریزۆنا"و کار لەسەر لێکۆڵینەوەی بنکۆڵکاری بکەن بە مەبەستی ئاشکراکردنی تاوانەکانی گروپە مافیاییەکان‌و ناوەکانیان، ئەو تیمەی ڕۆژنامەنووسان دوای شەش مانگ کارکردن توانیان، دادگاکان بجوڵێنن‌و تاوانباران دەستگیر بکرێن.[5]

---

[1] Steve Weinberg, Investigative Journalism in America, http://press.journalism.cuny.edu/book/investigative-journalism-in-america-a-history/ (3/2/2016)

[2] د.عيسى عبد الباقي، مركز الرافدين الدراسات والبحوث الإستراتيجية، الصحافة الاستقصائية، http://alrafedein.com/news.php?action=view&id=8377 , (3/2/2016

[3] د.حسين محمد ربيع، الصحافة الاستقصائية الواقع والإشكاليات، مصدر سابق، ص٤٦ .

[4] أوراق عمل لمساق الصحافة الإستقصائية، مصدر سابق، ص١١ .

[5] د بشرى داود السنجري، مصدر سابق، ص١٩ .

لە پێش گەشەكردنی خێرای تەكنۆلۆژیای زانیاری، ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری پشتی بەو پەیامسازانە دەبەست، كە بەشێوەی تاكەكەسیو بە پاڵپشتیی ئەو دامەزراوانەی كاریان تێیدا دەكرد، بە كاری بنكۆڵكاری هەڵدەستان، لەگەڵ گەشەكردنی تەكنۆلۆژیا دامەزراوە میدیاییەكان هەستیان بە گرنگی ئەم بوارەی ڕۆژنامەنووسیی بەشێوەی تیم كرد لە پێناو كەڵەكەبوونی ئەزموونی جیاوازی ڕۆژنامەنووسانی نێو تیمەكە، تاوەكو بەشێوەیەكی باشترو سەركەوتوو كارەكانیان بە ئەنجام بگەیەنن.[١] دامەزراوە گەورەكانی بواری ڕۆژنامەنووسی لە ئەمەریكا دركیان بە بایەخو پێویستی پرۆسەی گەڕان بەدوای راستییەكانو بنكۆڵكردنی ڕووداوەكان كرد، ئەوەش بە هاوكاریو هەماهەنگی نێوان پەیامنێرانو پەیامسازانو سەرنووسەرو پسپۆڕانی بواری یاسا، ئاژانسی هەواڵی ئاسۆشێتدپرێسی ئەمەریكی بەشێكی تایبەتی بە لێكۆڵینەوەی بنكۆڵكاری كردەوەو بازنەیەكی فراوان لە ڕۆژنامەنووسانی بنكۆڵكار لە نێو نووسینگەی ڕۆژنامەوانی كۆشكی سپیو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكاو كۆنگرێس كار لەسەر لێكۆڵینەوەو بنكۆڵكاری ئەو بابەتو ڕووداوانە دەكەن، كە پەیوەستن بە جەماوەرو رایگشتیو بەرژەوەندنی گشتییەوە.[٢]

**دووەم/ قۆناغەكانی گەشەكردن:**

دوای لاوازبوونی كاری ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٧ – ١٩٦٨ز) جارێكی تر ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری لە ئەمەریكا دەركەوتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاڵپشتییە داراییەی كە لەم ماوەیەدا بۆ ئەم جۆرە لە ڕۆژنامەنووسی بەدەستهێنرا، كە بەهۆیەوە ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری توانی سەركەوتنی گەورە بەدەستبهێنێت لە ئاشكراكردنی چەندین كێشەی پەیوەست بە گەندەڵی ئابووریو ژیانی سیاسیی وڵاتان، دواتر یەكێتی راهێنراوانو پەیامسازانی بنكۆڵكاری لێهاتە بەرهەم، ئەم یەكێتییە كاری لەسەر گەشەپێدانو ئامادەكردنو دانانی پلانی تایبەت بە بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵو راپۆرتە بنكۆڵكارییانە كرد بەئامانجی زیادكردنی بڕی داهات بۆ دامەزراوەكان، ئەم كارەش ڕێگای بۆ ڕۆژنامەنووسان خۆشكرد لە چڕكردنەوەی راپۆرتە بنكۆڵكارییەكانیان بۆ چاودێریكردنی شانەكانی گەندەڵیو تاوان.[٣]

نمونەگەلێكی زۆر هەن لەسەر ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری وەك ئەو كارە بنكۆڵكارییەی كە تیمێكی تەلەفزیۆنیی (ABC) ئەمەریكی بە درێژایی دوو ساڵ ئەنجامیاندا لەسەر هاتنەناوەوەی ماددەی مەترسیدار بۆ ناو خاكی ئەمەریكا، بەبێ ئەوەی ئامێری رادێریی ئاشكرای بكات، ئەمەش بە كارێكی ئاڵۆزو ئابڕوچوونێكی گەورە دانراو تێچووی پەخشكردنی لێكۆڵینەوە بنكۆڵكارییەكە بڕی (١٠٠) هەزار دۆلار بوو.[٤] ئەمەش دەریدەخات، كە

---

[١] علي دنيف حسن، دور الصحافة الاستقصائية في مكافحة الفساد المالي‌ء الاداري، منشورات مدرسة الصحافة المستقلة، (بغداد، العراق، ٢٠٠٩)، ص٨.

[٢] علي دنيف حسن، نفس مصدر، ص٩.

[٣] شاكر محمود العبيدي، التحقيقات الاستقصائية ودورها في كشف الحقائق، موقع الجامعة العراقية، http://oldwebsite.aliraqia.edu.iq/articles-and-researchs/4029-0 (5/2/2016)

[٤] د. عيسى محمود الحسن، مصدر سابق، ص١٩.

راپۆرت‌و بەدواداچوونی بنکۆڵکاریی تەنیا پەیوەست نییە بە رۆژنامەوە، بەڵکو ئەم مۆدێلە رۆژنامەنووسییە لە تەلەڤزیۆنیشدا جێگای خۆی کردووەتەوەو کاری لەسەر کراوە.

لە دوای سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی لە وڵاتانی ئەورووپاو ئاسیاو ئەفریقا پەرەی پێدرا، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە ئازادی تێیدا بەرقەراربووو سیستمی حکومڕانییان دیموکراتی بوو، چونکە دیموکراتی بە بەهێزترین پاڵپشتی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دێتە هەژمار بەو پێیەی ئازادیی کاری رۆژنامەوانی‌و بڵاوکردنەوەی زانیاری گرنگ لە بەرژەوەندیی گشتی سانسۆری لەسەر نییە، لە رێگەی ئەم سیستمەوە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری سەرکەوتووانە رۆڵی دەسەڵاتی چاودێریکاری کۆمەڵ بەسەر حکومەت و دەسەڵاتەوە دەگێڕێت.[١]

هەروەها رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری هاوکارە لە جێگیرکردنی دیموکراتیەت لەرێگەی زیادکردنی بەرچاوڕوونی‌و زانینیی هاوڵاتیان، زانیارییەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ بیرهێنانەوەی گەلی بە ئاگا کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، لەرێگەی هەڵبژاردن‌و بەشداریکردنەوە لێپرسینەوە لە حکومەت بکەن، بۆیە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی لە راستگۆیی تاوتوێکردن‌و قوڵبوونەوە لە چارەسەرکردن‌و گەڕان لە پشتی پەردەو رۆڵی ئاشکراکردن، کە یارمەتی بڕیاربەدەست‌و رایگشتی دەدات لە دیاریکردنی ئاراستەی پرسێکی دیاریکراو، ئەمەش دەبێتەهۆی بەهێزبوونی رێڕەوی پرۆسەی دیموکراتی.[٢]

پێشکەوتن‌و سەرکەوتنەکانی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، راستەوخۆ پەیوەندی بە سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە هەیە، پەیوەندی بە ئازادیی رادەربڕین‌و دیموکراتییەت‌و ئازادیی نووسین‌و چاپ‌و پەخش‌و بڵاوکردنەوەو یاسای باشی راگەیاندنەوە هەیە. لەو وڵات و حکومەتانەی دیموکراتییەت‌و ئازادیی رادەربڕین‌و مافی مرۆڤ لە ئاستێکی بەرزدایە، بێگومان ئەم چەشنە رۆژنامەگەرییە تێیدا زۆر پێشکەوتووە، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم‌و عەرەبی‌و دواکەوتووش یان هەر نییە، یانیش زۆر لاوازە.[٣]

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژینگەیەکی سیاسی گونجاو لەبار بۆ ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری هەیە، لە ئەنجامی بوونی پەسەندییەکی یاسایی کە بریتین لە پاراستنی ڕۆژنامەنووسی‌و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەو وڵاتە، ڕۆژنامەنووس بەبێ هیچ کۆت‌و بەربەستێك توانای گەیشتنی بە زانیارییەکان لە نێو حکومەت‌و دەرەوەی حکومەتیشدا هەیە، بۆ نمونە ڕۆژنامەنووس دەتوانێت داوا لە خاوەنی کۆمپانیایەك بکات بەپێدانی زانیاری لە بارەی زانینی مووچەی کارمەندەکانیەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی بەدیهێنان‌و چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت.[٤]

لە بەریتانیا شانبەشانی ئەمەریکا، ساڵانی شەست‌و حەفتاکانی سەدەی بیستەم بە سەردەمی زێڕینی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دادەنرێت، لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە چەند

---

[١] الاء حسن حمودي العزاوي، الدور الرقابي للصحافة الاستقصائية في كشف الفساد، موقع المركزالنور،
http://www.alnoor.se/article.asp?id=224738 (5/2/2016)

[٢] د.بشرى داود السنجري، مصدر سابق، ص٢٣.

[٣] د.مەغدید سەپان، دەربارەی رۆژنامەنووسی بەدواداچوون، رۆژنامەی باس، (ژمارە ٢٦٨، ٥/١/٢٠١٦)، ل١٨.

[٤] عزام أبو الحمام، مصدر سابق، ص٢٢-٢٣.

گروپێك لە رۆژنامەنووسانیان بۆ ئەنجامدانی كاری بنكۆڵكاری دیاریكرد، بۆ نمونە لەساڵی (١٩٦٣ز) رۆژنامەی سەندەی تایمز (Sunday Times) گروپێكی تایبەتی بە ناوی (Insight) بۆ ئەو مەبەستە پێكهێنا، كە بەهۆی كارە بنكۆڵكارییەكانیانەوە ناو ناوبانگێكی زۆریان دەركرد.[1] رۆژنامەنووسی دەتوانێت رۆڵی بنكۆڵكاری بگێرێت، بۆ ئەوەی بگات بەو رۆڵە پێویستی بە دیموكراتیو شەفافیەتی زیاترو ئامادەكردنی كۆمەڵ هەیە، تاوەكو ئەم جۆرەی رۆژنامەنووسی قبوڵبكات، لێرەدا رۆژنامەنووسی لە رێگەی چاودێریكردنی كاروباری دامەزراوەكانی حكومەتو ئاشكراكردنی گەندەڵیو مەحسوبییەت رۆڵی دەسەڵاتی چوارەم لە كۆمەڵ دەبینێت.

رۆژنامەنووسیی عەرەبیش ئەم مۆدێلە رۆژنامەنووسییەیان بە شێوەیەكی نامیتۆدی بە پلەی جیاواز لە مێژووی خۆیاندا پەیڕەودەكرد، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لە ماوەی نیوەی یەكەمی سەدەی رابردوودا، لە میسر رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری لە سەردەمی داگیركاری ئینگلیزدا گەشەی كرد، لە گرنگترین كارەكانی پەردەلادان بوو لەسەر رووداوی ئابڕوبەری چەكی لەكاركەوتوو، كە بۆ سوپای میسر دابینكرابوو لە كاتی رووبەڕووبونەوەیان لەگەڵ سەهیۆنییەكان لە فەڵەستین لە ساڵی (١٩٤٨ز)، ئەم ئابڕوچوونە كە رۆژنامەنووس (ئیحسان عەبدولقەدوس)* لە ساڵی (١٩٤٩ز) ئاشكرایكرد، بووە هۆی هەڵچوونی رێكخراوی ئەفسەرانی ئازادیخوازو هێنانەكایەی گۆڕانكاری لە میسر لە ساڵی (١٩٥٢ز).[2]

ساڵی (١٩٧٤ز) بە قۆناغێكی مێژوویی گرنگ لە گەشەكردنو سەركەوتنی رۆژنامەنووسی بنكۆڵكاری دادەنرێت، ئەویش بەهۆی ئاشكراكردنی رووداوی ئابڕوبەری (وەتەرگێت)** لە ویلاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا كە تێیدا هەردوو رۆژنامەنووس (بۆب ودۆردو كارڵ برنشتاین) لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست washington post)

---

[1] د.عیسى عبدالباقي، موقع مركز الرافدين للدراسات والبحوث الإستراتيجية، المصدر السابق.

* ئیحسان عەبدولقەدوس: نووسەرو رۆژنامەنووسو رۆماننووسێكی ناوداری میسرییە، لە ساڵی (١٩١٩ز) لەدایكبووە، زیاتر (٦٠٠) چیرۆكو رۆمانی نووسیوە، كە (٤٩) رۆمانیان كراون بە فیلمو (٦٥) رۆمانیان بۆ سەر زمانەكانی (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئۆكرانی، چینی) وەرگێڕدراون، رۆز یوسفی دایكی، دامەزرێنەری گۆڤاری "رۆز یوسف"ە، ئیحسان لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا بووەتە سەرنووسەری گۆڤارەكەو لەوێدا پەردەی لەسەر رووداوی ئابڕوچوونی چەكی لەكاركەوتووی سوپای میسری هەڵماڵی، لەساڵی (١٩٩٠ز) لە تەمەنی(٧١)ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.

[2] د.محمود سليمان علم الدين، ضوابط التحقيقات الصحفية الأمنية، (الاردن، دار الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٤)، ص ٢٤ .

** وەتەرگێت: لە دوای هەڵبژاردنەوەی كاندیدی كۆمارییەكان "ریچارد نیكسۆن" بە سەرۆكی ئەمەریكاو سەركەوتنی بەسەر "هێبرت همفری" كاندیدی دیموكراتەكان، رووداوی وەتەرگێت سەریهەڵدا، لە (١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ز)دا چەند كەسێك بە تۆمەتی دانانی ئامێری سیخوڕی لەنێو نوسینگەكانی حزبی دیموكراتەكان لەناو باڵەخانەی وەتەرگێت لە واشنتۆنو تۆماركردنی (٦٥) پەیوەندی تەلەفۆنییان دەستگیركران، دواتر لەلایەن هەردوو رۆژنامەنووس (پۆپ ودۆردو كارل برنشتاین) لە رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"ی ئەمەریكی هەستان بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی رۆژنامەنووسیی لەسەر رووداوەكە كە چەند لایەنێكی فەرمیو هەواڵگریی تێدا تێوەگلاون، پاش بلاوكردنەوەی لێكۆڵینەوە رۆژنامەنووسییەكە لە "واشنتۆن پۆست" دادگا هەوڵەكانی بە ئاراستەی ئاشكراكردنی راستی رووداوەكەو لایەنی پشت كارەكە چڕكردەوە، بە شێوەیەك لێكۆڵینەوەكان دەستەی دەسەڵاتداری نێو كۆشكی سپیشی گرتەوە، ئەمەش بووە هۆی دەستلەكاركێشانەوەی "ریچارد نیكسۆن" لە پۆستەكەی لە (٨ی ئابی ١٩٧٤ز) دا، هاوكات لەگەڵ دەستلەكاركێشانەوەكەی "نیكسۆن" تاوانباربوونی (٤٨) كەس لە ئەندامانی حزبەكەی، كۆمارییەكان پێنج كورسیان لە ئەنجومەنی پیرانو ٤٩ كورسیان لە ئەنجومەنی نوێنەران لەدەستدا بۆ بەرژەوەندیی دیموكراتەكان. شایانی باسە سەرچاوەی سەرەكی زانیارییەكانی هەردوو رۆژنامەنووسەكەی "واشنتۆن پۆست" كەسێكی نادیاربوو، هەتا ساڵی (٢٠٠٥ز) خۆی ئاشكراكرد، كە ئەویش "مارك ویلیام فێلت" بوو، كە بەرپرس بوو لە نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI). (http://www.aljazeera.net/encyclopedia/events ١٢-٤-٢٠١٦)

ئەنجامیانداو ڕووداوی (وەتەرگێت) یش بە "دایکی ئابڕوچوونە سیاسییەکانی ئەمریکاو جیهان" لە قەڵەم دەدرێت.[١]

ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمەریکی (سیمور هێرش)* لە یەکێك لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لێکۆڵینەوەیەکی بنکۆڵکاری لەسەر ڕووداوی کۆمەڵکوژی (مای لای) بڵاوکردەوە، کە سوپای وڵاتەکەی لە جەنگی ڤێتنام لە گوندێکدا نزیکەی (٥٠٠) هاوڵاتی بێتاوانیان لەناوبردبوو، دواتر لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکە بووە مایەی وروژاندنی رایگشتی جیهانیو ئەمەریکی دژ بە جەنگ.[٢]

یەکەم هەنگاوی ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٢٠١١ز)، لەمساڵەدا ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسیی ئاژانسی هەواڵی دەنگەکانی عێراق بە هاوکاریی سەرنووسەری ئاژانسەکەو ڕاهێنەرانی "میدیاکاران لە پێناو ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری عەرەبی (ئەریج)"و ڕاهێنەرێکی ئەوروپی، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئەنجامدراوە، دواتر بەشێك لەو ڕۆژنامەنووسانە تۆڕێکی تایبەتیان بە ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاری لە عێراق بە ناوی (نیریج) دامەزراند.[٣]

تۆڕی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی عێراقی (نیریج)، یەکەم تۆڕی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییە لە عێراقداو لە (٩ی ئایاری ٢٠١١ز)دا بە هەوڵی بژاردەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی پرۆڤێشناڵ لە بواری بنکۆڵکاری دامەزراوە، ئامانجی ئەم تۆڕە پاڵپشتیکردنی داراییو راوێژکاریی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکارییە لە عێراقدا، هاوکات هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان دەکات لە بەجێگەیاندنی لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسییەکانیانو بڵاوکردنەوەی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبیو ئینگلیزی) لە دەزگا میدیاییە عێراقییەکاندا، هەروەها لە ڕێگەی وۆرك شۆپو خولی ڕاهێنانەوە برەو بە توانای ڕۆژنامەنووسان لەم بوارە دەدات.[٤]

لەسەردەمی ئینتەرنێتیشدا ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەکی فراوان لە سەرجەم وڵاتانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، لە گرنگترین تایبەتمەندی کارکردنیدا نەرمییە لە بڵاوکردەوە و تارادەیەکی زۆریش دورکەوتنەوەیە لە چاودێری.[٥] لەسەدەی بیستو یەکدا ڕۆژنامەنووسانو ڕیپۆرتەری بنکۆڵکار بۆشایەکی گەورەیان لە ڕۆژنامەنووسی پڕکردووەتەوە، چونکە پەردەیان لەسەر زۆر شتی نەزانراو و چەپەڵ هەڵدایەوە، کە پێویستی دەکرد هەمووان لێی ئاگاداربن، کە زۆرجار ئەو کارە چەپەڵو ناڕاستانە حکومەتو کەرتی تایبەت خاوەنداریێتیان دەکرد، بۆیە زۆرجار ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکار وەك پاسەوانو سەگی پاسەوانی دەبینرێن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی.[٦]

---

(١) عزام أبو حمام، مصدر سابق، ص٢٥.

* سیمۆر هێرش: لە(٨ی نیسانی ١٩٣٧ز) لە شیکاگۆ لەدایکبووە، کار و بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی بوونە هەوێنی ئەوەی خەڵاتی پۆلیتزەری پێببەخشن، هێرش لەوکاتەوە زیاتر ناوبانگی پەیداکرد، کە راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی بڵاوکردەوە لەسەر جەنگی ڤێتنامو ئەو کۆمەڵکوژییەی سوپای ئەمەریکا لە گوندی مای لای دژ بە هاوڵاتیانی مەدەنی ئەنجامیدابوو.

(٢) سامان نوح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(٣) زوهیر جەزائیری، سەرنوسەری پێشووی ئاژانسی دەنگەکانی عیراق، چاوپێکەوتنی توێژەر، (سلێمانی، ٣ی ئازاری ٢٠١٦).

(٤) سایتی نیریج، http://www.nirij.org/?lang=ar (3/1/2016)

(٥) هل الصحافة الاستقصائية ممكنة في العالم العربي، مصدر سابق.

(6) Ron White, Demand Media, Qualities of a Good Investigative Reporter, http://woman.thenest.com/qualities-good-investigative-reporter-5292.html (3/2/2016)

ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەهۆی گرنگیو کاریگەریو ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت، پسپۆڕانو توێژەرانی بواری ڕاگەیاندنی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی، کە بڵێن ئایندەی ڕۆژنامەنووسیی زیندوو و سەرکەوتوو لەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسییدایە، (سیمور هیرش) ڕۆژنامەنووسیی بەناوبانگ لەبواری بنکۆڵکاری دەڵێت:"داهاتووی کاری ڕۆژنامەنووسی لە جۆری بنکۆڵکاریدایە".[١]

لە ئێستاشدا زیاتر لە (٥٠) ناوەندی تایبەت بە بنکۆڵکاری لە تەواوی جیهاندا بوونی هەیەو نیوەی ئەو ژمارەیەش لە پاش ساڵی (٢٠٠٠)ەوە دامەزراون، ئەوەش بەهۆی هەوڵو تێکۆشانی تۆڕو ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی وەك یەکێتی جیهانی ڕۆژنامەنووسانی بنکۆڵکاری لە فەراهەمکردنی زانیاریو پێشخستنی توانای ڕۆژنامەنووسانو کارکردنیان لەبواری بنکۆڵکارییدا، یەکێتییەکە لە سەد ڕۆژنامەنووس پێکدێت کە لە پەنجا وڵاتی جیهاندان.[٢]

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بایەخو گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، کردنەوەی بەشو خوێندنی وانەی تایبەتە لە کۆلیژو پەیمانگاگانی ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسی، هاوکات بەستنی چەندین کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستییە لەبارەی ڕۆڵو پێگەو گرنگی ڕۆژنامەنووسی بنکۆڵکاریو کاریگەرییەکانییەوە.[٣]

---

[١] ئاشتی حەمەساڵح، بەهاو گرنگیی هونەری بنکۆڵکاری لەکاری رۆژنامەوانییدا، (گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە ٣٤-٣٥، ٢٠١٤)، ل٤٢.

[٢] الصحافة الاستقصائية دورات تكوينية لصالح الصحفيين، المصدر السابق، ص٧.

[٣] أ.د.عبدالرزاق الدليمي، مصدر سابق، ص٣١.

## باسی سێیەم/ بایەخ و ئێتیك و ئاستەنگەكانی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری

### یەكەم/ بایەخی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری:

ڕۆژنامەنووسی رۆڵێكی گرنگ و بەرچاو دەگێڕێت لە باشتركردنی ژیان و گوزەرانیی هاولاتیان لە ولاتاندا، بلاوكردنەوەو ئاشناكردنی تاكەكان بە زانیارییەكان، دەبێتەهۆی وروژاندنی ڕایگشتی بەرامبەر بە دەسەلات و پێداچوونەوەی دەسەلات بە بڕیارو ڕەفتارەكانیدا، تاوەكو میدیا راستگۆو بێلایەن بێت، زیاتر ڕۆڵی بەدیار دەكەوێت و دەبێتە جێگای بڕواو متمانەی هاولاتیان.(١)

پرۆفیسۆر (ڕۆبەرت ئینتمان)، مامۆستای میدیاو كاروباری گشتی لە زانكۆی (جۆرج واشنتۆن) جەخت لەسەر ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەنووسیی دەكاتەوەو پێیوایە، ڕۆژنامەنووسان لە ولاتانی دیموكراتیدا لەگەڵ پەرلەمانتارو یاسادانەران هاوتەریب و هاوتای یەكن وكاریگەریی میدیاش هاوشێوەی كاریگەری و كار پەرلەمانە.(٢)

لە كۆمەڵ پێشكەوتووەكاندا ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری بەهۆی كاریگەرییە پۆزەتیڤەكانیەوە لە كۆمەڵ بایەخ و گرنگییەكی زۆری هەیە، ئەویش لە ئەنجامی هەڵدانەوەی پەردە لەسەر نهێنییەكان و ئاشكراكردنی راستییەكان و زیادەڕەوی و كەموكورتییەكان، كە دەبێتە هۆی چاكسازیكردن لە یاساكان و زیندوكردنەوەی بنەمای لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو باشتركردنی بواری بەڕێوەبردن، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری گرنگ و ورد دابیندەكات بۆ بژاردەكان و سەرچاوەكانی بڕیاردان، رۆڵی لە ئاراستەكردنی رایگشتی لە بەرامبەر مەسەلە جۆراو جۆرەكان و پتەوكردنی شەفافیەت و دیموكراتیدا هەیە، ئەم هۆكارانەش وایكردووە، لە ئێستادا رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری نوێنەرایەتی دەسەلاتی چوارەم بكات.(٣)

لێرەدا چەند خاڵێك لەبارەی بایەخی رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری دەخەینەڕوو:

١ - بەشێكە لە كاری چاودێری پسپۆڕێتی، دەتوانێت رایگشتی لەنێو جەماوەر دروستبكات، ئەوەش بەهۆی ئەنجام و لێكەوتەی لێكۆڵینەوە بنكۆڵكارییەكانەوە بە تایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە لایەنە سیاسییەكانەوە.(٤)

٢ - رۆڵێكی گەورەو گرنگ دەبینێت لە ئاشكراكردن و هەڵدانەوەی پەردە لەسەر تاوانەكان و ئابڕوچوونەكان و گەندەڵی بەرپرسانی سیاسی و كاربەدەستانی باڵای ولات، باشترین نموونەش رووداوی ئابڕوبەری "وەتەرگێت"ە لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا.

٣ - ئامرازێكی بەهێزە بۆ گەیشتن بە راستی و دروستی رووداوەكان، وەك ئەوەی كە هەیەو رووەدەدات لە سەرچاوە بنەڕەتییەكەیەوە، بە راوەستان لەسەر راستی نەك درۆ، وەك چۆن ئامرازێكیشە بۆ قوڵبوونەوە لە رووداوەكان بە ئامانجی گەیشتن لێیان.

٤ - دەرگایەكی گرنگە لە بەردەم دامودەزگاكانی دەوڵەت بۆ ئەنجامدان و دەستپێكردنی لێكۆڵینەوەكان لە تاوانەكانی دارایی و كارگێڕی و گەندەڵی، چونكە دامەزراوە چاودێریكارەكانی دەوڵەت زۆرجار لە رێگەی لێكۆڵینەوە بنكۆڵكارییەكانەوە لە هەندێ پرسی تاوانكاری ئاگادار دەبنەوە.(٥)

---

(١) ساقی بارزانی، جۆرنالیزم-دەروازەیەك بۆ جۆرنالیزمی بەرپرسانەو ئەكادیمی، (هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠١٠)، ل٤٣.

(٢) بەبێ ناوی نوسەر، ئەركە هەنوكەییەكانی ئێستای رۆژنامەگەری كوردی، (گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٩٢٥، ٢٠١٣)، ل٢١.

(٣) سامان نوح، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

(٤) د.حسين علي إبراهيم الفلاحي، أساسيات النجاح للصحفي المعاصر، (الامارات، دار الكتاب الجامعي، ٢٠١٦)، ص٢٥٦.

(٥) أ.د.عبدالرزاق الدليمي، مصدر سابق، ص٣٨.

٥ - نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسیی قوڵ دەکات، کە بە ئایندەی ڕۆژنامەنووسیی زیندووو سەرکەوتووو کاریگەر دادەنرێت لە داهاتوودا، چونکە بایەخ و پێویستی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ڕۆڵی لە هەستانەوەو گەشەسەندنی ڕۆژنامەنووسیی و دامەزراوە میدیاییەکاندا هەیە.(١)

٦ - ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری هاوکارە لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی دیموکراسییە لە کۆمەڵدا، ئەوەش لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیان لە ڕێگەی ئاشناکردنیان بە زانیارییە گرنگ و جۆراوجۆرەکان، بیرهێنانەوەیان بەوەی کە ئەوانیش خاوەنی دەسەڵات و دەتوانن لە حکومەت بپێچنەوە.(٢)

٧- ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسیی هەڵگری ئەجێندای چاکسازییە، دەستدەخاتە سەر کێشەو گرفتەکانی بەڕێوەبردن لە نێو کۆمەڵ و خستنەڕوویان.

٨- یەکێکە لە سەرچاوەکانی زانیاریی باوەڕپێکراوو دۆکیومێنتکراو کە هاوڵاتیان دەتوانن پشتی پێ ببەستن بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن و داوای شەفافیەت و دەستپاکی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بکەن بۆ هەموو ئەوانەی لە دەسەڵاتدان.

٩- ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری هێزێکە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و چاککردنی شێوەو جۆری دەسەڵات و چاکسازیی سیاسی.

١٠- پاڵپشتییەکی توند دروستدەکات لەبارەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانیەوە.(٣)

ناتوانرێت لە بایەخ و گرنگی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە کۆمەڵدا کەمبکرێتەوە، بەو پێیەی ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵی چاودێریکار دەبینن، لەسەر هەر لادانێك لەنێو کۆمەڵدا ڕوودەدات، دەتوانن لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەنووسیانەی ئەنجامی دەدەن، گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵدا دروست بکەن، هەندێك لەپسپۆڕان ئاماژەیانداوە بە چەند ڕۆڵێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری گرنگترینیان:(٤)

أ- ئاماژەدان یاخود ئیلهام بە گۆڕانکاری Inspire changes: بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری و ناوەڕۆکەکەی، دەتوانێت گۆڕانکاری لەنێو کۆمەڵ دروست بکات و کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتییەکان دروستبکات، هەروەها گۆڕانکاری ئاشکرا لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدیدەهێنێت.

ب- باشترکردنی ڕۆشنی و متمانە لە پۆستە گشتییەکاندا: بەرپرسان و ئەو کەسانەی لە پلەو پۆستدان ناچار دەکات، کە زیاتر پابەندبن بە ئیشوکارەکانیانەوەو هانی شەفافیەت و لێپرسینەوەی یاسایی لە ئەرکە گشتییەکاندا دەدات.

ج- بنەمای ڕاستگۆیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەنێو کۆمەڵدا زیاتر دەچەسپێنێت: کاتێك ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری پەردە لەسەر خراپکاری و نادادپەروەری سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی حکومەت بۆ هاوڵاتیان هەڵدەماڵێت، ئاستی ڕاستگۆیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلای کۆمەڵ زیاتر دەبێت.

---

(١) د.بشرى داود السنجري، مصدر سابق، ص٢٤.

(٢) د.بشرى الحمداني، معوقات الصحافة الاستقصائية العراقية، بحث مقدم للمؤتمر العلمي الثالث " نحو رؤية مستقبلية لبناء اعلام مسؤول"، كلية الاعلام الجامعة العراقية، بغداد، نيسان ٢٠١٦، ص١٠.

(٣) الاء حسن حمودي العزاوي، مصدر سابق.

(٤) عيسى عبدالباقي، مصدر سابق، ص٨٨.

د- هۆكاره بۆ زیاتركردنی فرۆشتن: ڕاپۆرته بنكۆڵكارییه‌كان جێگای بایەخو گرنگی رایگشتیین، ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی زیاتر فرۆشتنی رۆژنامه‌كانو به سودی دامه‌زراوه میدیاییه‌كان ته‌واو ده‌بێت.

ه- كێبڕكێ له نێوان ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن دروستده‌كات: به‌هۆی ئاشكراكردنی گه‌نده‌ڵیو تاوانكارییه‌كان، سه‌رنجی ڕایگشتی به‌لای ئه‌و ده‌زگایه‌وه ده‌ڕوات، كه راپۆرته بنكۆڵكارییه‌كه‌ی بلاوكردووه‌ته‌وه، ئه‌مه‌ش كێبڕكێ له نێوان ده‌زگاكانی دیكه دروستده‌كات، تاوه‌كو له رێگه‌ی راپۆرتی بنكۆڵكارییه‌وه سه‌رنجی رایگشتی به‌لای خۆیاندا رابكێشێت.

و- فراوانكردنی مه‌ودای ئازادیی ڕۆژنامه‌نووسی: یارمه‌تی ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن ده‌دات و زیاتر ڕۆڵی چاودێركار ببینێت.

## دووه‌م/ ئێتیك له ڕۆژنامه‌نووسیی بنكۆڵكاریدا:

هه‌موو پیشه‌یه‌ك له كۆمه‌ڵدا خاوه‌ن چه‌ند بنه‌مایه‌كی ئێتیكیو ڕه‌فتارییه، ڕۆژنامه‌نووسییش وه‌ك هه‌ر پیشه‌یه‌كی دیكه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی خاوه‌نی به‌هاو بنه‌مای ئێتیكییه، پێویسته له‌سه‌ر رۆژنامه‌نووسان له‌كاتی ئه‌نجامدانی كاری رۆژنامه‌نووسییدا له به‌رامبه‌ر خۆیانو جه‌ماوه‌ردا پابه‌ندبن به بنه‌ما ئێتیكیه‌كانی پیشه‌ی كاری رۆژنامه‌نووسی، كه خۆی له (به‌رپرسیارێتی، راستگۆیی، وردی، هاوسه‌نگی، مافی ژیانی تایبه‌ت، بێلایه‌نی، بابه‌تیبوون، سه‌ربه‌خۆیی، ئازادی، ... تاد) ده‌بینێته‌وه.[1]

ئێتیكی پیشه‌ی ڕۆژنامه‌نووسی، بریتیه له كۆمه‌ڵێك بنه‌ما كه ئاراسته‌و ڕێنوێنیی ڕۆژنامه‌نووس ده‌كات، هه‌روه‌ها دڵنیاییو پابه‌ندبوونی فیكریو پیشه‌یی به‌رامبه‌ر پرسه جیاجیاكان دروستده‌كات بۆ پاراستنی شه‌ره‌فی وشه‌و شه‌ره‌فی پیشه له‌گه‌ڵیدا.[2]

نووسه‌رو ئه‌كادیمیی (ڕێبوار سیوه‌یلی)، له كتێبی (نوسینو به‌رپرسیاری)دا ده‌ڵێت:" ئێتیك بریتییه له بیركردنه‌وه‌یه‌كی فه‌لسه‌فیانه له ئێتیك، یاخود ئێتیك ئه‌و به‌شه‌یه له فه‌لسه‌فه كه خۆی به هه‌ڵسه‌نگاندنی ره‌فتاره ئێتیكییه‌كانه‌وه سه‌رقاڵده‌كات.[3] بنه‌ما ئێتیكیه‌كان له‌سه‌ر به‌ها كه‌سییو پیشه‌ییو كۆمه‌ڵایه‌تییو ئێتیكییه‌كان بنیادنراوه، كه ره‌گو ریشه‌یان له عه‌قڵو ئاوه‌زی مرۆڤدایه، بۆیه پابه‌ندنبوونو په‌یڕه‌وكردنی بنه‌ماكانی ئێتیك به واتای په‌یڕه‌وكردنو په‌یوه‌ستبوونه به‌و به‌هایانه‌وه له كاری رۆژانه‌دا.[4]

سه‌باره‌ت به ئێتیك له بواری رۆژنامه‌نووسیی بنكۆڵكارییدا ،(سیلفیۆ وایزبۆرد Silvio R. waisbord) مامۆستای رۆژنامه‌نووسیی له زانكۆی (راتجه‌رز) له ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا، رۆژنامه‌نووسیی بنكۆڵكاری به شمشێری دووده‌م چواندووه و پێیوایه، بلاوكردنه‌وه‌ی راپۆرته بنكۆڵكارییه‌كان له‌باره‌ی هه‌ڵسوكه‌وته هه‌ڵه‌و خراپه‌كان، ده‌بێته هۆی بڕیاردانی پێشوه‌ختو خێرا لای هاولاتیان له‌سه‌ر ئه‌و به‌رپرسو دامه‌زراوانه‌ی كه له

---

(١) د.محمد عبود مهدي، اخلاقيات العمل الصحفي- المفهوم والممارسة، مجلة أهل البيت، صادره عن (جامعة أهل البيت-كربلاء)، عدد الثالث، بدون السنة، ص١٩٥.

(٢) هێرش ره‌سوڵ، ئازادیی راده‌ربڕین له رۆژنامه‌نوسیی كوردیدا، (سلێمانی، ڕۆژنامه‌ی چاودێر، ٢٠٠٩)، ل١٦٤-١٦٥.

(٣) رێبوار سیوه‌یلی، نوسینو به‌رپرسیاری، (سلێمانی، چاپخانه‌ی ره‌نج، ٢٠٠٦)، چاپی دووه‌م، ل١٨.

(٤) نیاز محه‌مه‌د، رێبه‌ری رۆژنامه‌گه‌ریی سه‌ربه‌خۆ، (هه‌رێمی كوردستان، خانه‌ی هزر بۆ چاپو بلاوكردنه‌وه، ٢٠١٠)، ل١٧٢.

ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، لێرەشدا گرنگیی بەرپرسیارێتی ئێتیکی بەدیاردەکەوێت، دەتوانرێت بە بڵاوکردنەوەی تۆمەتەکان بەبێ پشتبەستن بە بەڵگەنامەی پێویستو دڵنیاکەر، ناوبانگی کەسەکانو دامەزراوەکان لەکەدار بکرێت، وایزبۆرد باس لەوەشدەکات، لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی گفتوگۆکان کە لەنێوان پسپۆڕانی ڕاگەیاندن دەربارەی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئەنجامدراوە، جەخت لەسەر ئەوەکراوەتەوە، کە چ شێوازێك دروستە بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیو هەڵسوکەوتە هەڵەکان؟ ئایا پەنابردنە بەر شێوازی ناشەرعی بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان ڕێگەپێدراوو دروستە؟[1]

لەکاتی نەبوونی یاساکانی پەیوەست بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسیو مافی بەدەستهێنانی زانیاری، ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا دووچاری ئاستەنگی ئێتیکی دەبێتەوە، زۆرێك لەوانەی پەیوەستن بە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە، پێیانوایە بەبێ شکاندنی هەندێك لە بنەما ئێتیکییەکان مەحاڵە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری چالاك ببێت، لە ساڵی (١٩٩٤ز) ڕۆژنامەی (سەندەی تایمز Sunday Times)ی بەریتانی ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری بڵاوکردەوە دەربارەی وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانەوە لە بەرژەوەندیی هەندێك کۆمپانیای تایبەت، ئەمەش مشتومڕێکی فراوانی لێکەوتەوە، ڕۆژنامەکە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ئابڕوچوونە پەنای بردە بەر دامەزراندنی کۆمپانیایەکی وەهمی، کە گوایە کۆمپانیاکە کاری بازرگانیی چەك دەکات، لەم نێوەندەشدا بڕێك پارەیاندا بە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران، تاوەکو بە نوێنەرایەتی کۆمپانیاکە لە دانیشتنی پەرلەماندا پرسیار ئاراستەبکەن، کە لە ڕووکەشدا لەپێناو بەرژەوەندیی گشتییەو لە ناوەڕۆکیشدا پێکانی ئامانجی کۆمپانیا تایبەتەکانە، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتە بنکۆڵکارییەکە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە وڵاتدا دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بووە مایەی مشتومڕی پسپۆڕانی ڕاگەیاندنو بەپێچەوانەی ئێتیکی ڕۆژنامەنووسییان لەقەڵەمدا.[2]

هاوکات، (هێرش ڕەسوڵ)، پسپۆڕی بواری ئێتیکی ڕاگەیاندن بڕوای وایە، هەندێکجار میدیاکار بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیو خراپەکارییەکان، دەکرێت پەنابباتە کارێك کە پێچەوانەی هەندێ بنەمای ئێتیکی بێت، بەو مەرجەی ئاشکراکردنی ئەو دۆسیەیە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیو پرسێکی گەورە بێت، واتە ئامانجەکە لە ئامرازەکە گەورەتربێ.[3] بەو پێیەی بنەما ئێتیکییەکانی پیشەی کاری ڕۆژنامەنووسی، لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکیترو لە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنەوە بۆ دامەزراوەیەکیتر دەگۆڕێت و زانستێك نییە چوارچێوەیەکی دیاریکراوو نەگۆڕی هەبێت، بۆیە راوبۆچوونی جیاواز لەلایەن توێژەرانو پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەنووسییو ڕاگەیاندن لەبارەی بنەما ئێتیکییەکان دروستدەبێت.[4]

لە ڕوانگەی ئەو بۆچوون و مشتومڕانەی لەمبارەیەوە هەیە، توێژەر پێی وایە دەکرێت لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی و بۆ کارێکی باشە و ئامانجێکی گەورە، ڕێگای نا ئێتیکیی بگیرێتەبەر، چونکە دواجار ئامانجی کۆتایی ڕۆژنامەنووسو ڕۆژنامەنووسیی خزمەتکردنە بە گشت و پاراستنو بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ.

---

(١) عیسى عبدالباقي، مصدر سابق، ص١٦٨.

(٢) البرنامج الانمائي الامم المتحدة- العراق، الصحافة الاستقصائية-مدخل نظري وتطبيقات عملية، بدون السنة، ص١٢٥.

(٣) د. هێرش ڕەسوڵ، ئێتیكو یاسا، وانەی کۆرسی خوێندنی ماستەر، بەشی راگەیاندن، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

(٤) فاضل محمد البدراني، اخلاقيات الاعلام، مجلة المستقبل العربي، صادره عن (مركز دراسات الوحدة العربية)، العدد ٣٨٥، اذار ٢٠١١، ص٥٥.

**سێیەم/ ئاستەنگەكانی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری:**

ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری لە زۆربەی وڵاتاندا بە وڵاتانی دیموكراتیشەوە ڕووبەڕووی كۆمەڵێك ئاستەنگ دەبێتەوە، بەڵام ئەو ئاستەنگانە لەو وڵاتانەی كە داخراون‌و دۆخی سیاسی‌و ئاسایشیان ناجێگیرە زیاترەو ئەنجامدانی كاری ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری سەخت‌و دژوار دەبێت. لە بەشێكی زۆری وڵاتان لەبەر ئەوەی لە ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری دەست بۆ چەندین كەیسی هەستیارو مەترسیدار دەبات، هەمیشە ڕۆژنامەنووسانی ئەم بوارە ڕووبەڕووی بێزاركردن‌و هەڕەشەو لێدان‌و ئەشكەنجەو زیندان دەبنەوە، دەتوانین بڵێین لە هەندێ باردا تاوەكو رادەی كوشتن هەڕەشەكان قوڵدەبنەوە.[1]

توێژەر بڕوایوایە، بەهۆی گرنگی‌و ڕۆڵ‌و ئەو كاریگەرییە بەهێزەی ڕۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری لە كۆمەڵدا هەیەتی، بووەتە مایەی ترس‌و نیگەرانیی حكومەت‌و دەسەڵاتەكان، بۆیە بەپێچەوانەی سەرجەم مۆدێل‌و ژانرەكانی تری ڕۆژنامەنووسییەوە، زۆرترین ئاستەنگ‌و بەربەست كە تایبەتمەندە بە یاساو ژینگەی كار لەبەردەم ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسییدا هەیە.

١- ئاستەنگی خاوەندارێتی:

لە توێژینەوەیەكی بانكی نێودەوڵەتی دەربارەی خاوەندارێتی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن كە لە **٩٧** وڵات ئەنجامدرابوو، تێبینی ئەوە كرا، ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن كە خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، كەمتر چالاكن لەوانەی سەر بە كەرتی تایبەتن، بەتایبەت لە بابەتی چاودێریی حكومەت، بۆیە لەو وڵاتانەی كە خاوەندارێتی ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی دیاریكردووە، ڕۆژنامەنووسی بەرەوپێشچوونێكی خێرای بینیوە لە ڕووی چۆنێتی‌و چەندێتی ڕووماڵكردنی كرداری گەندەڵی، هەر كاتێك دەوڵەت زاڵبوو بەسەر ئامرازەكانی ڕاگەیاندن، ئەگەری ملكەچبوونی بۆ فشارە سیاسییەكان زیاتر دەبێت، تەنانەت لەو وڵاتانەشی كە بەربەستی ڕێكخراوو نا فەرمی هەیە لەسەر ڕۆژنامەنووسی، ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەتوانن گەندەڵی ئاشكرابكەن‌و فشاری زیاتر دروست بكەن لەپێناو بەدیهێنانی سیستمێكی باشتری كارگێڕی.[2]

٢- نەبوونی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی:

زۆربەی پەیماننامەو یاسا هاوچەرخەكان جەخت لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەكەنەوە، چونكە بەبێ بوونی ئەو ئازادییە ڕۆژنامەنووسی ناتوانێت بە ئەرك‌و ڕۆڵی خۆی هەستێت‌و ببێتە چاودێریكارێكی باشی دەسەڵاتەكان‌و پارێزەری بەرژەوەندیی گشتی، ئازادی بەو مانایە نایەت، كە ڕۆژنامەنووسان دەتوانن هەر كارو كردارێك بیانەوێت ئەنجامی بدەن، یاخود بینووسن‌و بڵاوی بكەنەوە، بەڵكو بەو مانایە دێت، كە ڕۆژنامەنووس ئازادە لە فراوانكردنی ئاسۆی بیركردنەوەو كارەكەی‌و ڕێزگرتن لە ئازادییەكانی ئەوانی تر.[3]

---

(1) David E. Kaplan, Global Investigative Journalism: Strategies for Support, A Report to the Center for International Media Assistance, December 2007,p9.

(2) أ.د.عبدالرزاق الدليمي، مصدر سابق، ص٤٨.

(3) د.مصطفى يوسف كافي، الاعلام والفساد الاداريء المالي وتداعياتة على العمل الحكومي، (عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦)، ص٣٠.

**٣- ڕێگریی یاسایی:**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو بەتایبەتیش ڕۆژنامەنووسی، یاساکان ڕێگریی لێدەکەن بۆ پاراستنو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، چەند یاسایەکی توندو سەرکوتکەر هەن، کە ڕۆژنامەنووسان پەیوەست دەکەن بە پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانیان، ئەگەر نا دۆسییەکە دەدۆڕێنن، وڵاتانی جیهانی سێیەمو بەتایبەتیش لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتو ئەفریقاو ئاسیاو چەند دەوڵەتێکی ئەمەریکای لاتینو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو وڵاتانەن، کە بە یاسا ڕێگریو ئاستەنگ لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی دادەنێن.[١] بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکا بە یاسا (یاسای ئازادیی زانیارییەکان ١٩٦٦ز) دەرگای بەڕووی ڕۆژنامەنووسان کردووەتەوە بۆ دەستگەیشتن بە سەرجەم بەڵگەمانەکان، کە بووەتە هەوێنی ئەنجامدانی چەندین ڕاپۆرتو بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی و ئاشکراکردنی زۆر ڕووداوی شاراوەو ئابڕووبەر.[٢]

ئەوەش لەدوای ڕووداوی ناسراو بە (سولیفان)* هات، کە لە ساڵی (١٩٦٤ز) لە ئەمەریکا ڕوویداو دادگای باڵای ئەو وڵاتە، بڕیاریدا ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان لەو سزا توندانە بێبەری بکات، کە لە ئەنجامی نەسەلماندنی ئەو زانیارییانەی بڵاویدەکەنەوە، بە بەڵگەو داتای پێویست بەسەریاندا دەسەپێنرێتو دادگای باڵا ئاماژەی بەوەشکرد کە ڕۆژنامەنووسییش هاوشێوەی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە، هەندێکجار لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا هەڵە دەکەنو هەڵەکەشیان بە مەبەست نەبووە، بۆیە ناچێتە خانەی تاوانەوە.[٣]

بەپێچەوانەی ئەمەریکاو وڵاتانی دیموکرات، وڵاتانی جیهانی سێیەم بە یاسا، ڕۆژنامەنووسی کۆتو بەند دەکەن، یاسای پەڵپگرتن لە کازاخستان بە نمونەی یاسا سەرکوتکەرەکان دادەنرێت، ئەم یاسایە بۆ لاوازکردنی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنرێت، کە ڕەخنە لە بژاردەی سیاسیو بازرگانەکان دەگرێت، هەفتەنامەیەکی سەربەخۆو ناسراو بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەرپرسانی سیاسیو تێوەگلانیان بە گەندەڵی لەو وڵاتە، لە ساڵی (١٩٩٨ز) بۆ ساڵی (٢٠٠١ز)، لەسەر بڵاوکردنەوەکانی تایبەت بە گەندەڵی (١٧) جار ڕووبەڕووی دادگا کراوەتەوە بە تۆمەتی لەکەدارکردنی ناوبانگی بەرپرسانی فەرمیو بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، هەروەك ڕۆژنامەکە سێجار بە تۆمەتی لەکەدارکردنی ناوبانگ سزادراوە.[٤]

---

(١) أ.د.عبدالرزاق الدليمي، نفس مصدر، ص٤٨.

(٢) عبدالحليم حمود، الصحافة الإستقصائية – الفضيحة الكاملة، (بيروت، دار المؤلف، ٢٠١٠)، ص٣٨.

* سولیفان: ناوی بەڕێوەبەری پۆلیسی شارێکی ئەمەریکایە، لە ساڵی ١٩٦٤ز ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە گوایە پۆلیسی ئەو شارە بە بەکارهێنانی چەكو تەقەکردن ڕووبەڕووی خۆپیشاندانی ڕەشپێستەکان بوونەتەوەو بەهۆیەوە چەند کەسێکیان بریندارکردووە، دواتر سولیفان لە دادگا سکاڵای لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمارکردو بەهۆی بەبوونی بەڵگە لای نیویۆرك تایمزو پێشکەشنەکردنی بە دادگا، دادگا بە بڕی هەزاران دۆلار سزای بەسەر ڕۆژنامەکەدا سەپاند، دواتر ڕۆژنامەکە لە دادگای باڵا تانەی لە بڕیارەکەداو ڕایگەیاند، ئەوان نەیانتوانیوە ڕاستیی هەواڵو زانیارییەکە بسەلمێنن، دواتر دادگای باڵا بڕیارەکەی دادگای هەڵوەشاندەوەو ئاماژەی بەوەدا، ڕەخنەگرتن لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بە مەبەستی چاکەیەو پێویستناکات ڕۆژنامەنووس پابەندبکرێت بە سەلماندنی ڕاستیو دروستیی هەواڵەکە. بڕوانە: (د.سامان فوزي، المرشد القانوني الاعلاميين، المصدر السابق، ص٦١.)

(٣) د.سامان فوزي، المرشد القانوني الاعلاميين، مصدر سابق، ص٦١.

(٤) أ.د.عبدالرزاق الدليمي، مصدر سابق، ص٤٨.

ئەمەش دەریدەخات، ئەو ژمارە زۆرانەی سکاڵا ئاماژەیەکە بۆ سەرکوتکردنێکی ڕێکخراو بۆ سەر ڕۆژنامەنووسیو خراپ بەکارهێنانی یاساکانە بەتایبەت لەلایەن بەرپرسانی ئەو دەوڵەتانەوە.

هەرچەندە لە عێراقو هەرێمی کوردستانیشدا چەند یاسایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسیو مافی بەدەستهێنانی زانیاری بوونیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تەواوی بڕگەو ماددەکانی کاریان پێناکرێت، بە بۆچوونی توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سزا لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنو پابەندنەبوونی لایەنی پەیوەندیدار پێیانەوە، هەروەها دۆخی ناسەقامگیری سیاسیو ئاسایشو ئابووریو کۆمەڵایەتیی عیراقو هەرێمی کوردستان، هۆکارێکی دیکەی پێشێلکردنو پابەندنەبوونی لایەنە ڕەسمییە پەیوەندیدارەکانە بە بنەما یاساییەکانەوە و هێندەی تر ژینگەی کارکردنی ڕۆژنامەنووس لەم بوارەدا سەخت دەکات.

٤- سەختیی بەدەستهێنانی زانیاری:

دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی زانیاری، پرسێکی زۆر گرنگە تا لە ڕێگەیەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاری لێکۆڵینەوە بە گوڕوتینەوە لەبارەی بابەتە جۆراوجۆرەکانەوە بکەن، زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە یاسا ئەم مافەیان بۆ ڕۆژنامەنووسانو تەنانەت هاوڵاتیانی وڵاتەکانیان دەستەبەرکردووە.

لە سادەترین پێناسەدا مافی بەدەستهێنانی زانیاری، مافێکی سەرەکی مرۆڤە لە کۆمەڵگای هاوچەرخی زانیارییدا.(١) نەبوونو بۆشایی یاسایی پەیوەست بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری یاخود گرفتی جێبەجێنەکردنی یاسا لە کاتی بوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری کۆسپە لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا و هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان ناچارن بۆ دەستکەوتنی زانیاریی پەنا بۆ (دزەپێکردن، بەرتیلو پێدان، پەیوەندیی تایبەتیو هاوڕێیەتی، فێڵکردنو خۆگۆڕین) ببات، ئەمەش پسپۆڕانی ڕاگەیاندنی بەسەر دوو بۆچوون دابەشکردووەو هەندێك بە ڕەواو هەندێکی دیکەش بە باشی نازانن.(٢)

لە دەستپێکی دەستووری ئەمەریکادا بە دەق هاتووە: حکومەت موڵکی گەلە، پسپۆڕانو لێکۆڵەرانی بواری میدیا ئەمە بە مانای نیەتێکی باشی پێشوەختە لەلای یاسادانەران دادەنێن، کە زانیارییەکانی حکومەت بۆ هەموو کەسێك فەراهەمە، کە بیەوێت بیزانێت.(٣) لە وڵاتانی جیهانی سێیەم نەك ئەم مافە بە یاسا بۆ ڕۆژنامەنووسان فەراهەم نەکراوە، بەڵکو بە پاساوو بیانوی مەترسیو زیانگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانیو رایگشتی، دەسەڵات دەرگای زانیارییەکان بەرووی ڕۆژنامەنووساندا دادەخات.(٤)

٥- کەمیی توانای مرۆیی ڕاهێنراوو لێهاتوو، بەشێوەیەك کە بتوانێت ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری بە شێوەیەکی پیشەیی بەرز ئامادە بکات، بۆیە کەمی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکار یەکێکی ترە لە گرفتەکانی بەردەم ئەم هونەرەی ڕۆژنامەنووسی.

---

(1) David Banisar, The right to information and privacy: balancing rights and managing conflicts, (Canada: the international bank for reconstruction and development,2011), p11.

(٢) کامیل عومەر سلێمان، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، (سلێمانی: زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣)، ل٧٥.

(٣) د.حەسەن عماد مکاوی، ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی، و: مەم بورهان قانع، (سلێمانی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٤)، ل٢٤٨.

(٤) د.بشری الحمداني، الصحافة الاستقصائية تحقيقات عابرة للحدود، مصدر سابق، ص١٢٠.

٦- كات وەك چۆن بە دوژمنی ڕۆژنامەنووس ناودەبرێت، ئەوكاتە زۆرەی كە پێویستە بۆ گەڕان‌و كۆكردنەوەی زانیاریی‌و بەڵگەكان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەكانەوە، بۆیە دیاریكردنی كات بۆ ئەنجامدانی كارێكی بنكۆڵكاری یەكێكە لە ئاستەنگە پیشەییەكانی كاری ڕۆژنامەنووسی‌و زۆرجار ڕۆژنامەنووس ناتوانێت لە ماوەیەكی كورتدا كارەكەی بەكۆتا بگەیەنێت.

٧- لایەنی دارایی: بەزۆری ئەنجامدانی ڕاپۆرتی بنكۆڵكاری، پێویستی بە پاڵپشتی دارایی‌و تەرخانكردنی پارە هەیە (خەرجی هاتوچۆو پەیوەندیكردن، گەشت‌و مانەوە، كۆپیكردنی بەڵگەنامەكان، وەرگێڕان، ... هتد)، بەشێكی زۆر لە دامەزراوە میدیاییەكان ئامادەنین، پاڵپشتی دارایی ڕۆژنامەنووسێكی بنكۆڵكار بۆ ماوەیەكی زۆر بكەن، تاوەكو ڕاپۆرتەكەی بە ئەنجامدەگەیەنێت.[١]

٨- هەندێك لە ڕاپۆرتەكان پێویستی بە یاریدەدەر یان گروپ‌و لایەنی كۆمەككار هەیە.

٩- سەركێشی دارایی لەلایەن رۆژنامەكەوە، ئەگەری لەدەستدانی پشتیوانی سیاسی‌و دارایی لەلایەن كۆمپانیا زەرەرمەندەكانەوە بەهۆی ئەو ڕاپۆرتەوە.

١٠- سەركێشی پیشەیی، لەكاتی گەیشتن بە ئەنجامی هەڵە.

١١- داوا یاساییەكان، كە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەكە لەلایەن ئەوانەی زیانیان پێگەیشتووە، دژ بە رۆژنامەو رۆژنامەنووسەكە تۆمار دەكرێن.[٢]

١٢- ناڕەزایی‌و ڕێگریی خاوەنی ڕۆژنامەكان، لەبارەی بڵاوكردنەوەی ئەو راپۆرتانەی بڵاوكردنەوەیان دەبێتە جێگای باس‌و نیگەرانیی هەندێك لایەن.

١٣- هەڕەشەكردن‌و مەترسی لەسەر ژیانی كەسی رۆژنامەنووس.

١٤- ماندویەتی‌و ترس لە شكست، ئەمەش ئەم جۆرەی ڕۆژنامەنووسی بەرەو لاوازی دەبات.

١٥- بوونی كەموكورتی لە زانیارییەكان‌و قورسیی بەدەستهێنانی بەڵگەنامەكان.[٣]

---

[١] حرية الاطلاع على المعلومات والصحافة الاستقصائية، دليل للصحفيين العرب، لندن، تشرين الأول ٢٠٠٧، ص١٢.

[٢] سامان نوح، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[٣] منير أبو راس وأخرون، مصدر سابق، ص١٤.

# بەشی چوارەم

## ڕۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا لە تێڕوانینی گەیاندنکارو میدیاکارانەوە

## ( لایەنی مەیدانی )

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، کە بۆ لایەنی مەیدانی تەرخانکراوە، توێژەر هەوڵدەدات، ئەنجامی تێڕوانینی بەرتوێژان بخاتەڕو، هەروا شرۆڤەیان بۆ بکات.

پاش دابەشکردنی فۆرمی راپرسییەکە بەسەر بەرتوێژانو بە داتاکردنی وەڵامەکانیان، توێژەر لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ئاماریی‌و ژمێرەییەوە ڕێژەی سەدی بۆ هەریەکە لە بڕگەکانی فۆرمەکە دەرهێناوەو لە چوارچێوەی چەند خشتەیەکداو بە پێی ڕیزبەندی‌و تایبەتمەندیی بڕگەکانی ناو راپرسییەکە، ئەنجامەکانی خستووەتەڕوو، بەم جۆرە:

**یەکەم/ خستنەڕووی زانیاریی بەرتوێژان:**

لەم باسەدا، وەسفی ئەو زانیارییانە دەکرێن، کە لەبارەی بەرتوێژانو بەشداربوونی راپرسییەکە کۆکراونەتەوە، کە فۆرمی راپرسییەکەیان پڕکردووەتەوەو لە چەند خشتەیەکی جیاجیادا دەخرێنەڕوو.

**١-١: توخمی بەرتوێژان:**

ڕێژەی (٨٠٪)ی بەرتوێژانی بەشداربوو لە توخمی نێرن‌و ڕێژەی (٢٠٪)یش لە توخمی مێن، واتە توخمی مێ لە چاو توخمی نێردا ڕێژەیەکی کەمەو پێدەچێت لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە توخمی مێینە بەهۆی باری کۆمەڵایەتی‌و دابونەریتەوە کەمتر روو لە دەزگاکانی راگەیاندن بکەن، هەروەها پەیوەستە بە کەمی رادەی تواناو لێهاتوویی‌و خۆسەلەماندنیان. بڕوانە خشتەی (١)

**خشتەی (١): بەرتوێژان بەپێی توخم**

| توخم | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | ١٩٤ | ٪٨٠ | یەکەم |
| مێ | ٤٨ | ٪٢٠ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١-٢: تەمەنی بەرتوێژان:**

ڕێژەی (٨٢٪)ی بەرتوێژانی بەشداربوو تەمەنیان لە نێوان (١٨-٣٠) ساڵیدایە، ڕێژەی (١٦٪)یش تەمەنیان لە نێوان (٣١-٤٥) ساڵیدایەو (٢٪)ی بەرتوێژانیش تەمەنیان لە نێوان (٤٦-٥٥)ساڵیدایە، لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە هەڵسوڕێنەرانی راگەیاندن بەپێی تەمەنیان ئەزموونی کارکردنیان کەمترە، چونکە ئەزموون و تەمەن بۆ هەموو پیشەیەک گرنگو پێویستە. بڕوانە خشتەی (٢)

**خشتەی (٢): دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی تەمەن**

| تەمەن | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| ١٨–٣٠ ساڵ | ١٩٨ | ٪٨٢ | یەکەم |
| ٣١–٤٥ ساڵ | ٣٩ | ٪١٦ | دووەم |
| ٤٦ – ٥٥ ساڵ | ٥ | ٪٢ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١–٣: ئاستی خوێندنی بەرتوێژان:**

بەپێ ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، دوای ئەویش هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم دێت، پلەی سێیەمیش ئەو بەرتوێژانەن، کە بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، سەرباری چەندین ئاستی دیکەی خوێندن، کە لە خوارەوە ریزبەندییان بۆکراوە، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات، کە ئێستا دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان تاڕادەیەکی زۆر زیادیکردووە و کەناڵەکانی راگەیاندنیش زیاتر بایەخ بە وەرگرتنی دەرچووان دەدەن بۆ کارکردن لە دەزگانیاندا. بڕوانە خشتەی (٣)

**خشتەی (٣): دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی ئاستی خوێندن**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ٢ | ٪١ | شەشەم/ د |
| ناوەندی | ٨ | ٪٣ | پێنجەم |
| ئامادەیی | ٣١ | ٪١٣ | سێیەم |
| دبلۆم | ٤٩ | ٪٢٠ | دووەم |
| بەکالۆریۆس | ١٣٧ | ٪٥٧ | یەکەم |
| دبلۆمی باڵا | ٢ | ٪١ | شەشەم/ د |
| ماستەر | ١١ | ٪٤ | چوارەم |
| دکتۆرا | ٢ | ٪١ | شەشەم/ د |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١–٤: ناونیشانی کاری بەرتوێژان:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان وەك پەیامساز لە دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکاندا کاردەکەن، دوای ئەویش پەیامنێر دێت، کە پلەی دووەمیان گرتووە، پلەی سێیەمیش ئەو بەرتوێژانەن کە وەك سەرۆکی بەش لە دەزگاکاندا کاردەکەن، سەرەڕای چەندین بواری دیکە کە بەرتوێژان کاری تێدادەکەن، کە لە خوارەوە پلەبەندیان بۆ کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا پەیامسازیو پەیامنێری کۆڵەکەی کاری راگەیاندنن لە هەر وڵاتێکدا. بڕوانە خشتەی (٤)

**خشتەی (٤) دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ناونیشانی کار**

| ناونیشانی کار | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| پەیامنێر | ٩١ | ٪٣٨ | دووەم |
| پەیامساز (محرر) | ١٠٥ | ٪٤٣ | یەکەم |
| سەرۆکی بەش | ٢٦ | ٪١١ | سێیەم |
| سکرتێری نووسین | ٢ | ٪١ | شەشەم |
| بەڕێوەبەری نووسین | ٣ | ٪١ | پێنجەم |
| سەرنووسەر | ١٥ | ٪٦ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١-٥: ماوەی کارکردنی رۆژنامەنووسیی بەرتوێژان:**

بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتووە، ماوەی کارکردنیان لە بواری رۆژنامەنووسییدا لەنێوان (٦-١٠) ساڵدایە، ئەوانەشی کە لە نێوان (١-٥) ساڵدایە لە پلەی دووەمدان، پلەی سێیەمیش ئەو بەرتوێژانەن کە (١١-١٦) ساڵە کاری رۆژنامەنووسیی دەکەن، ئەمەش دەریدەخات، کە کاری رۆژنامەنووسیی بەرەو بە پیشەبوون هەنگاودەنێت، سەرباری ئەوەی بەهۆی ئەم ئەنجامەوە، توێژەر وەڵامی وردترو زانستیی تری لەبارەی راپرسییەکەوە دەستدەکەوێت. بڕوانە خشتەی (٥)

**خشتەی (٥): دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی ماوەی کاری رۆژنامەنووسی**

| ماوەی کارکردن | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ساڵێك | ١٦ | ٪٧ | چوارەم/د |
| (١-٥) ساڵ | ٦٨ | ٪٢٨ | دووەم |
| (٦-١٠)ساڵ | ٨١ | ٪٣٣ | یەکەم |
| (١١-١٦) ساڵ | ٥٣ | ٪٢٢ | سێیەم |
| (١٧-٢١) ساڵ | ١٧ | ٪٧ | چوارەم/د |
| ٢٢ساڵ بەسەرەوە | ٧ | ٪٣ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١-٦: ئاستی پسپۆڕێتیی بەرتوێژان:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان دەرچووی بەشەکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسیی نین لە زانکۆو پەیمانگادا، ئەوانەشی رۆژنامەنووسی ئەکادیمیین لە پلەی دووەمدان، کەمیی ژمارەی هەڵگرانی بڕوانامەکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسی لە نێو دەزگا رۆژنامەنووسییەکاندا، هۆکارێکە بۆ کەمی

مەعریفەی رۆژنامەنووسان لە رووی کارکردنیان بە شێوەیەکی ئەکادیمییو کەمتر پابەندبوونیان بە بنەما ئێتیکییو پیشەییەکانی رۆژنامەنووسییەوە. بڕوانە خشتەی (٦)

**خشتەی (٦): دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی پسپۆڕێتییان لە ڕاگەیاندندا**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| پسپۆڕ | ٩٠ | ٪٣٧ | دووەم |
| پسپۆڕ نییە | ١٥٢ | ٪٦٣ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**١–٧: جۆری پسپۆڕێتیی بەرتوێژان:**

ئەم بڕگەیە، تایبەتە بە ئەو بەرتوێژانەی کە دەرچووی بەشەکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسیین لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان، کە لە پلەی یەکەمدان، پسپۆڕییەکەیان لە بواری تەلەڤزیۆندایە، پسپۆڕی رۆژنامەش پلەی دووەمی گرتووە، ئەمەش دەریدەخات، کە میدیای بینراو برەوی پەیداکردووەو رۆژنامەنووسیی چاپکراویش لە پاشەکشێ دایە. بڕوانە خشتەی (٧)

**خشتەی (٧): دابەشبونی بەرتوێژان بە پێی جۆری پسپۆڕێتییان لە ڕاگەیاندندا**

| پسپۆڕی | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| رۆژنامە | ٤١ | ٪٤٦ | دووەم |
| تەلەڤزیۆن | ٤٩ | ٪٥٤ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٩٠(*) | ١٠٠ | |

**١–٨: خاوەندارێتیی دەزگاکانی رۆژنامەنووسی:**

بەگوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان لەو دەزگا رۆژنامەنووسییانە کاردەکەن، کە خاوەندارێتییەکەی بۆ حزب دەگەڕێتەوەو ئەمەش پلەی یەکەمی گرتووە، پلەی دووەمیش کەرتی تایبەتە، ئەو بەرتوێژانەشی کە ئاراستەی دەزگاکانیان حکومییە پلەی سێیەمی گرتووە، هۆکاری ئەمەش بۆ باڵادەستیی حزب لە بواری خاوەندارێتی میدیا دەگەڕێتەوە، لەگەڵ رکابەری بەرپرسانی حزبی بۆ دامەزراندنی دەزگای میدیایی تایبەت بە خۆیان. بڕوانە خشتەی (٨)

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتر (خشتەی ٦)دا وەڵامیان داوەتەوە و پسپۆڕن لە ڕاگەیاندندا.

**خشتەی (٨): دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی خاوەندارێتیی دەزگاکانی رۆژنامەنووسی**

| ئاراستەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| حزبی | ١٢٢ | ٪٥٠ | یەکەم |
| حکومی | ٢٨ | ٪١٢ | سێیەم |
| کەرتی تایبەت | ٨٦ | ٪٣٦ | دووەم |
| سەربەخۆ (Freelance) | ٦ | ٪٢ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**دووەم: زانیاریی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:**

**٢–١: ئاستی ئاگایی بەرتوێژان لەبارەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، دەرکەتووە، کە سەبارەت بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە بەئاگانو بیستوویانە، هاوکات ژمارەیەکی کەم بەرتوێژان ئاگاییان لەبارەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە نەبووە، کە پلەی دووەمی گرتووە، ئەمەش نیشانی دەدات، کە ئەگەرچی رۆژنامەنووسان ئاگاییان لەبارەی ئەم مۆدێلەی کاری رۆژنامەنووسییەوە هەیە، بەڵام مانای ئاستی زانیارییانو تێگەیشتینیان لەبارەیەوە ناگەیەنێت. بڕوانە خشتەی (٩)

**خشتەی (٩): بەرتوێژان زانیارییان دەربارەی رۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاری هەیە**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| هەیە | ١٨٠ | ٪٧٤ | یەکەم |
| نییە | ٦٢ | ٪٢٦ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢–٢: ناسینەوەو جیاکردنەوەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لەلایەن بەرتوێژانەوە:**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن، زۆرینەی بەرتوێژانی بەشداربوو ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە مۆدێل و جۆرەکانی دیکەی رۆژنامەنووسی جیادەکەنەوەو دەیناسنەوە، ئەمەش لە پلەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام بەشێکی تر لە بەرتوێژان رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ناناسنەوە، هەرچەندە ئەم ئەنجامە جەخت لەسەر ئەجامی خشتەی پێشوو دەکاتەوە، بەڵام مەرج نییە زانیاریو تێگەیشتنو قوڵبوونەوەیان لەناسینو جیاکردنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا هەبێت. بڕوانە خشتەی (١٠)

**خشتەی (١٠): بەرتوێژان رۆژنامەنوسیی بنکۆڵکاریی لە رۆژنامەنوسیی باو (تقلیدی) جیادەکەنەوە**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٨ | ٪٦٩ | یەکەم |
| نەخێر | ٧٤ | ٪٣١ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

## ٢–٣: چۆنێتیی ناسینەوەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی لای بەرتوێژان[*] :

ئەم برگەیە تایبەتە بە ئەنجامی ئەو بەرتوێژانەی کە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەناسنەوەو ژمارەیان (١٦٨) بەرتوێژ بووە، لەدوای هەڵاوێرکردنی داتاکان دەرکەوتووە، زۆرترین ئەو لایەنانەی بەرتوێژان ئاماژەیان بۆ کردووە خۆی دەبینێتەوە لە: (چوونەقوڵایی بابەتەکان، وردیی زانیاری، سەلماندنیان بە بەڵگەنامەکان)، کە ئەمجۆرە رۆژنامەنووسییەی پێدەناسنەوە، ئەگەرچی بۆچوونی بەرتوێژان بۆ ناسینەوەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری و جیاکردنەوەی لە ژانرەکانی تر دروستە، بەڵام مەرج نییە رۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی وردو زانستیی ئەم مۆدێلەی کاری رۆژنامەنووسیی بناسنەوەو تێگەیشتنیان و خوێندنەوەیان بۆی هەبێت.

## ٢–٤: بوونی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا:

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، دەرکەوت، زۆرینەی بەرتوێژان بۆچوونیان وایە، رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، ئەمەش پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لەهەمانکاتدا بەشێکی دیاری بەرتوێژان هاوبۆچوون نین، پێیانوایە، ئەو جۆرە رۆژنامەنووسییە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە پلەی دووەمیان گرتووە، ئەمەش مانای وایە هێشتا بایەخدان بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لەلایەن میدیاکانی هەرێمی کوردستانەوە لە ئاستی پێویستدا نییە، ئەمەش راستییو دروستیی سەرنجەکانی توێژەر بۆ ئەنجامی خشتەکانی پێشوو دەسەلمێنێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (١١)

**خشتەی ژمارە (١١): رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٠٧ | ٪٤٤ | دووەم |
| نەخێر | ١٣٥ | ٪٥٦ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

[*] ئەم برگەیە لە فۆرمی راپرسییەکەدا پرسیارێکی کراوە بووە، دواتر ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان بەمجۆرە پۆلێنکراوە.

**٢-٥: هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرینەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدان، بۆچوونیانوایە، ئاستی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا مامناوەندە، ئەوانەشی پێیانوایە ئاستەکەی خراپە لە پلەی دووەم دێن، ئەوانەیشی ئاستەکەیان بەلاوە باشە لە پلەی سێیەمدان، هەروەها بەشێکی کەمی بەرتوێژان، کە لە پلەی چوارەمدان بڕوایانوایە، ئاستەکەی زۆر باشە، لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری وەك مۆدێلێکی کاری ڕۆژنامەنووسی، پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەیە تاوەکو پێگەی ڕاستینەی خۆی لە میدیای کوردیدا وەربگرێت. بڕوانە خشتەی (١٢)

**خشتەی (١٢): ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆرباش | ٢ | ٢٪ | چوارەم |
| باش | ١٧ | ١٦٪ | سێیەم |
| مامناوەند | ٥٩ | ٥٥٪ | یەکەم |
| خراپ | ٢٩ | ٢٧٪ | دووەم |
| زۆرخراپ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ١٠٧* | ١٠٠ | |

**٢-٦: بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بۆچوونیان وایە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە زانیارییە شاراوەکان ئاشکراکراون، بەشێکی دیکەی بەرتوێژان کە پلەی دووەمیان وەرگرتووە، پێیانوایە، توانراوە بەهۆی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییەوە سەرپێچیکاران ئاشکراکراون، بەشێکی دیکەش لە بەرتوێژان پێیانوایە، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری (شەفافیەتو کەمبوونەوەی گەندەڵیو چاکسازیو یەکسانیو دادپەروەری) لە هەرێمی کوردستان بەرهەمهێناوە، بەڵام هیچ یەکێك لە بەرتوێژان ئاماژەی بە برگەی (جێبەجێکردنی یاسا) نەداوە، ئەمەش مانای وایە، ئەو هەوڵانەی لەم بوارە دراون، ئەگەرچی سنورداریش بن، بەڵام کاریگەرییان داناوە، دەکرێت ئەمەش وەك سەرەتایەکی دڵخۆشکار ببینرێت. بڕوانە خشتەی (١٣)

---

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتر (خشتەی ١١)دا وەڵامیان داوەتەوە و پێیانوایە ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

**خشتەی (١٣): ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا چی هێناوەتە ئاراوە؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| یەکسانیو دادپەروەری | ٢ | ٪٤ | پێنجەم/د |
| جێبەجێکردنی یاسا | ٠ | ٠ | شەشەم |
| چاکسازی | ٢ | ٪٤ | پێنجەم/د |
| شەفافییەت | ٦ | ٪١٣ | سێیەم |
| ئاشکراکردنی زانیارییە شاردراوەکان | ١٩ | ٪٤٠ | یەکەم |
| ئاشکراکردنی سەرپێچیکاران | ١٥ | ٪٣١ | دووەم |
| نەهێشتن یان کەمبونەوەی گەندەڵی | ٤ | ٪٨ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٤٨* | ١٠٠ | |

**٢-٧: هۆکاری نەبوونی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان هۆکاری نەبوونی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ نەبوونی لێهاتوویی پێویست دەگەڕێننەوە، کە ئەمەش پلەی یەکەمی گرتووە، نەبوونی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندیش پلەی دووەمی گرتووە، هاوکات هۆکاری دابەشبوونی ڕۆژنامەنووسی بەسەر حزبەکاندا پلەی سێیەمی گرتووە، هەروەك بەرتوێژان چەندین هۆکاری دیکەیان بە هۆکاری نەبوونی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە دەستنیشانکردووەو ریزبەندکراوە بە پێی پلەبەندییان، لێرەوە ڕووندەبێتەوە، کە نەبوونی ئەمجۆرە ڕۆژنامەنووسییە تەنیا پەیوەست نییە بە یەك ڕەهەندەوە، بەڵکو چەندین هۆکاری بەیەکداچوو ڕێگرن بۆ جێگیربوونی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (١٤)

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتر (خشتەی ١٢)دا وەڵامیان داوەتەوە.

**خشتەی (١٤): نەبوونی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ:**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| نەبوونی لێهاتوویی پێویست | ٧٦ | ٪١٥ | یەکەم |
| هەڕەشەی راستەوخۆ | ٥٢ | ٪١٠ | چوارەم/د |
| ترسان لە حکومەت | ٥٢ | ٪١٠ | چوارەم/د |
| پشوو کورتی رۆژنامەنووسان | ٤٠ | ٪٨ | شەشەم/د |
| نەبوونی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند | ٦٠ | ٪١٢ | دووەم |
| نەبوونی دیموکراسی | ٢٢ | ٪٤ | نۆیەم |
| دابەشبوونی رۆژنامەنووسیی بەسەر حزبەکاندا | ٥٤ | ٪١١ | سێیەم |
| نەبوونی یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی رۆژنامەنووس | ٣٦ | ٪ ٧ | حەوتەم |
| نەبوونی ژینگەی لەبار بۆ ئەم جۆرە رۆژنامەنووسییە | ٣٠ | ٪٦ | هەشتەم |
| **بەرتەسکبوونەوەی رووبەری ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی** | ٤٤ | ٪٩ | پێنجەم |
| لاوازی لایەنی ئەکادیمیی رۆژنامەنووسی | ٤٠ | ٪٨ | شەشەم/د |
| کۆی گشتی | ٥٠٦* | ١٠٠ | |

**٢-٨: ئەرکو ئامانجی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

ئەم ئەنجامە دەریدەخات، زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، وای بۆ دەچن، ئەرکو ئامانجی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئاشکراکردنی گەندەڵی داراییو کارگێڕییە، هاوکات خستنەڕووی زانیاری بۆ هاوڵاتیان پلەی دووەمی گرتووەو پلەی سێیەمیش ئاشکراکردنی گەندەڵی سیاسییە بەلای بەرتوێژانەوە، سەرەڕای ئاماژەدانی بەرتوێژان بە چەندین ئەرک و ئامانجی دیکەی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری کە پلەبەندیان بۆ کراوە، لێرەوە دەردەکەوێت، زۆربەی رۆژنامەنووسان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆرترین هەوڵە میدیاییەکانیان لە کایەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا خۆی دەبینێتەوە. بڕوانە خشتەی (١٥)

(*) بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە وەڵامێك هەڵبژێرن.

**خشتەی (١٥): ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری چی دەگەیەنێت؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| ئاشکراکردنی گەندەڵیی دارایی‌و کارگێڕی | ١٩٤ | ٪٣٠ | یەکەم |
| ئاشکراکردنی گەندەڵیی سیاسی | ١٤٨ | ٪٢٢ | سێیەم |
| تۆڵەکردنەوە لە بەرپرسان بە هۆکاری کەسی | ١٢ | ٪٢ | حەوتەم |
| خستنەڕووی زانیاری بۆ هاوڵاتیان | ١٧٠ | ٪٢٥ | دووەم |
| ئاشکراکردنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ | ١٠٤ | ٪١٥ | چوارەم |
| جیاوازیی چینایەتی | ٣٠ | ٪٤ | پێنجەم |
| ناوزڕاندن بەمەبەستی سیاسیی تایبەت بە دامەزراوەکەت | ١٦ | ٪٢ | شەشەم |
| کۆی گشتی | ٦٧٤* | ١٠٠ | |

**٢-٩: ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

دوای شیکردنەوەی داتاکانی پەیوەست بە بەرتوێژان، ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتووە، کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییان ئەنجامنەداوە، ژمارەیەکی کەم لە بەرتوێژان کە لە پلەی دووەمدایە کاری ڕۆژنامەنووسییان کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ڕاگەیاندنی کوردی وەکو پێویست زەمینەی نەڕەخساندووە بۆ ئەم مۆدێلە ڕۆژنامەنووسییە، تا کاری لەسەر بکرێت و بایەخ‌و کاریگەریی بەدەربکەوێت. بڕوانە خشتەی (١٦)

**خشتەی (١٦): کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییت ئەنجامداوە؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٦١ | ٪٢٥ | دووەم |
| نەخێر | ١٨١ | ٪٧٥ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-١٠: ئەو بابەتانەی بەرتوێژان کاری بنکۆڵکارییان لەبارەوە ئەنجامداوە:**

ئەم بڕگەیە، تەنها تایبەتە بەو بەرتوێژانەی کە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییان ئەنجامداوە، بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، ڕاپۆرتی بنکۆڵکارییان لەبارەی گەندەڵیی سیاسی ئەنجامداوە، پلەی دووەمیش کاریان لەسەر گەندەڵی ئابووری‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کردووە‌و گەندەڵی کارگێڕیش پلەی سێیەمی گرتووە، سەرەڕای ئاماژەدانی بەرتوێژان بە چەندین بابەتی دیکە کە ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریان لەبارەوە ئەنجامداوە‌و پلەبەندیان بۆ کراوە، لەمەشەوە ڕووندەبێتەوە، ژینگەی کاری ڕۆژنامەنووسی

---

(*) بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە وەڵامێك هەڵبژێرن.

و لەوانەش بنکۆڵکاریی، ڕەنگدانەوەی دۆخی سیاسی و ئابوریی هەرێمی کوردستانە، وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی ڕووماڵکراو لەلایەن میدیای کوردییەوە. بڕوانە خشتەی (١٧)

**خشتەی (١٧): لە بارەی چ بابەتێکەوە کاری بنکۆڵکاریت ئەنجامداوە؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| گەندەڵیی سیاسی | ٣٠ | ٪٢٣ | یەکەم |
| گەندەڵیی ئابووری | ٢٤ | ٪١٩ | دووەم/ د |
| گەندەڵیی دارایی | ١٤ | ٪١١ | چوارەم/د |
| گەندەڵیی کارگێڕی | ١٨ | ٪١٤ | سێیەم |
| لایەنی کۆمەڵایەتی | ١٤ | ٪١١ | چوارەم/د |
| لایەنی فەرهەنگی | ٤ | ٪٣ | شەشەم |
| پێشێلکردنی مافی مرۆڤ | ٢٤ | ٪١٩ | دووەم/ د |
| کۆی گشتی | ١٢٨* | ١٠٠ | |

**٢-١١: بوونی ئاستەنگ لەکاتی ئەنجامدانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا:**

ئەنجامەکان ئاشکرایدەکەن، زۆربەی ئەو بەرتوێژانەی کە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییان کردووە، لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیاندا ڕووبەڕووی بەربەستو ئاستەنگ بوونەتەوەو پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، ئەوانەشی دووچاری بەربەست نەبوونەتەوە لە پلەی دووەمدان، ئەمەش نیشانیدەدات، بەشێك لە هۆکارەکانی پێشنەکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا، تەنیا پەیوەست نییە بە خودی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە، بەڵکو ژینگەی کارکردنو سیستمی دەسەلاتدارێتی ڕۆڵیان لەدروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم ئەم مۆدێلەی کاری ڕۆژنامەنووسییدا هەیە. بڕوانە خشتەی (١٨)

**خشتەی (١٨): دووچاری ئاستەنگ بوویتەتەوە لە کاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٠ | ٪٦٦ | یەکەم |
| نەخێر | ٢١ | ٪٣٤ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٦١ | ١٠٠ | |

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتردا (خشتەی ١٦)دا بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

() وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتردا (خشتەی ١٦)دا بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە.

**٢-١٢: جۆری ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە بەردەم ڕۆژنامەنووسان:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆرترین ئاستەنگ کە هاتووەتە بەردەم بەرتوێژان لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا لە جۆری هەڕەشە بووە، کە پلەی یەکەمی گرتووە، هەروەها سوکایەتییش پلەی دووەمی گرتووەو شکاندنی کەرەستەش لە پلەی سێیەمدایە، هەریەکە لە جۆرەکانی (ڕفاندنو هەڵکوتانەسەر ماڵ) بەلای بەرتوێژانەوە لە پلەی چوارەمدان، بەمپێیەش کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئاستەنگی مەترسیدار لەبەردەمیدا هەیە و ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەستنەبردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەم مۆدێلە ڕۆژنامەنووسییە، وەك لە خشتەی پێشوشدا جەخت لەسەر بوونی ئاستەنگ کراوەتەوە. بڕوانە خشتەی (١٩)

**خشتەی (١٩): ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسان بوونەتەوە**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| هەڕەشە | ٢٩ | ٥٤٪ | یەکەم |
| لێدان | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| سوکایەتی | ١٧ | ٣١٪ | دووەم |
| ڕفاندن | ٢ | ٤٪ | چوارەم/د |
| شکاندنی کەرەستە | ٤ | ٧٪ | سێیەم |
| هەڵکوتانە سەرماڵ | ٢ | ٤٪ | چوارەم/د |
| کۆی گشتی | ٥٤* | ١٠٠ | |

**٢-١٣: کاردانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دوای ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری* :**

لە دوای هەڵاوێرکردنو شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، زۆرترین ئەو لایەنانەی بەرتوێژان ئاماژەیان پێکردووە، هیچ کاردانەوەیەك لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە لەسەر ئەنجامی کارە بنکۆڵکارییەکانەوە نەبووە، بەشێکی دیکەی بەرتوێژان ئاماژەیان بە چەند کاردانەوەیەك کردووە، کە گرنگترینیان بریتین لە (سزادانی بەرپرسو لایەنی کەمتەرخەم، کاردانەوەو دروستکردنی رایگشتی، ئەنجامدانی چاکسازییو دەرکردنی یاساو ڕێنمایی)، لەمەش ڕووندەبێتەوە، لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان وەك پێویست بەدەمەوەهاتن و کاردانەوەیان بەرامبەر بە ئەنجامی کارە بنکۆڵکارییەکان نییە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ساردبوونەوەی ڕۆژنامەنووسان بۆ بەردەوامبوونیان لەسەر ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسیی.

---

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە کە لە پرسیاری پێشتردا (خشتەی ١٨)دا بە (بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە

(*) ئەم برگەیە لە فۆڕمی ڕاپرسییەکەدا پرسیارێکی کراوە بووە، دواتر لە ئەنجامی وەڵامی بەرتوێژان بەمجۆرە پۆلێنکراوە.

**٢-١٤: ئاستی گرنگیدانی جەماوەر بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان کە پلەی یەکەمیان گرتووە، هاوڕان لەسەر گرنگیدانی جەماوەر بە رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، دوای ئەوەش ئەوانەی پێیانوایە، جەماوەر گرنگی پێنادات لە پلەی دووەمدایە، ئەمەش نیشانی دەدات، کە خەوشێك لەمیدیای کوردیدا هەیە، سەرباری خواستی جەماوەر بۆ رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری، کەچی بایەخپێدانی میدیای کوردی بەم جۆرە رۆژنامەنووسییە لە ئاستی پێویست و چاوەڕوانیی جەماوەردا نییە. بڕوانە خشتەی (٢٠)

**خشتەی (٢٠): رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بەلای جەماوەرەوە گرنگە؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٩٦ | ٪٨١ | یەکەم |
| نەخێر | ٤٦ | ٪١٩ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-١٥: کارنەکردنی رۆژنامەنووسان لەسەر ئەو پرسو بابەتانەی کە شایەنی بنکۆڵکاری بوون:**

ئەنجامەکان ئاشکرایدەکەن، زۆرینەی رەهای بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدان، هەستیانکردووە کە چەندین پرسو بابەت هەن، کە شایەنی ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکارین، بەڵام کاریان لەسەر نەکردووە، پلەی دووەمیش بەشێکی دیکەی بەرتوێژانە، کە هەستیان نەکردووە، بابەت هەبێت شایەنی کاری بنکۆڵکاریی بێت، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە کەمتەرخەمی رۆژنامەنووسان و گرنگی پێنەدانی میدیا کوردی و بەشێکی تریشی پەیوەندی بە دۆخە سیاسیو کارگێڕیو کۆمەڵایەتییەکەی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بڕوانە خشتەی (٢١)

**خشتەی (٢١): پرسو بابەت هەبووە، کە شایەنی بنکۆڵکاری بێتو کارت لەسەر نەکردبێت؟**

| ئەگەرەکان | دووبارەبووەنەوە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١٢ | ٪٨٨ | یەکەم |
| نەخێر | ٣٠ | ٪١٢ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-١٦: هۆکارەکانی کارنەکردنی رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆرینەی بەرتوێژان سیاسەت بە هۆکاری یەکەمی کارنەکردنیان دەزانن لەسەر ئەو پرس و بابەتانەی کە شایەنی کاری بنکۆڵکارین، دوای ئەویش ترس لە لایەنی پەیوەندیدار لە پلەی دووەمدایەو، کەمتەرخەمیی خودی رۆژنامەنووسانیش بەلای بەرتوێژانەوە پلەی سێیەمی گرتووە، سەرەڕای چەندین هۆکاری دیکە، کە بەرتوێژان ئاماژەیان پێداوەو لە خوارەوە پلەبەندی بۆ ئەو هۆکارانە کراوە، ئەم ئەنجامەش دەریدەخات، هەرچەندە خودی سیاسەت هۆکاری یەکەمی ئەنجامنەدانی کاری رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکارییە، بەڵام کاریگەریی لەسەر هۆکارەکانی دیکەش هەیە. بڕوانە خشتەی (٢٢)

**خشتەی (٢٢): ئەو هۆکارانەی بەربەستن لەبەردەم ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| کەلتور | ٣٢ | ٦٪ | هەشتەم |
| ئاین | ٢٨ | ٥٪ | نۆیەم |
| ئایدۆلۆژیا | ١٤ | ٣٪ | دەیەم |
| سیاسەت | ٩٦ | ١٨٪ | یەکەم |
| کەمیی کات | ٤٧ | ٩٪ | شەشەم |
| کەمتەرخەمی | ٦٨ | ١٣٪ | سێیەم |
| بەربەستی یاسا | ٥٦ | ١١٪ | پێنجەم |
| ئابوری و دارایی | ٢٨ | ٥٪ | حەوتەم |
| دامەزراوە | ٦١ | ١٢٪ | چوارەم |
| ترس لە لایەنی پەیوەندیدار | ٩٢ | ١٨٪ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٥٢٢* | ١٠٠ | |

**٢-١٧: بیرۆکەی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لای رۆژنامەنووسان:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، زۆربەی بەرتوێژان تێڕوانینیان وایە، بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری کار لەسەر بیرۆکەی ئاسانو بابەتی گرنگ دەکەن، کە پلەی یەکەمی گرتووە، دوای ئەویش بیرۆکەی گرانو بابەتی گرنگ لە پلەی دووەمدایە، بەشێکی کەمی بەرتوێژان کار لەسەر (بیرۆکەی گران و بابەتی کەمبایەخ) دەکەن، کە لە پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەدایە، ئەمەش دەریدەخات، رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان زیاتر بابەتیان بەلاوە گرنگترە نەك بیرۆکەکە، واتە بابەتێك کە پەیوەندیداربێت بە زۆرترین ژمارەی هاوڵاتییانەوە. بڕوانە خشتەی (٢٣)

**خشتەی (٢٣): بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاریی کار لەسەر چ بیرۆکەیەك دەکەیت؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بیرۆکەی ئاسانو بابەتی گرنگ | ١٥٦ | ٥٨٪ | یەکەم |
| بیرۆکەی گرانو بابەتی کەمبایەخ | ٥ | ٢٪ | سێیەم |
| بیرۆکەی گرانو بابەتێکی گرنگ | ١٠٧ | ٤٠٪ | دووەم |
| بیرۆکەیەکی ئاسانو بابەتێکی کەمبایەخ | ٠ | ٠ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٢٦٨* | ١٠٠ | |

(*) بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

* بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

**٢-١٨: هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا:**

بە گوێرەی ئەنجامەکان، زۆرینەی ڕەهای بەرتوێژان کە لەپلەی یەکەمدان، وایدەبینن، هاندان بۆ ئەنجامدانو کارکردنی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە هەرێمی کوردستاندا نییە، لە پاش ئەوەش بەشێکیتر لە بەرتوێژان بۆچوونیان وایە، کە هاندان هەیە بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسییە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرجەستەنەبوونی کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لە ناوەندەکانی میدیای کوردیداو سیاسەتیش هۆکاری دیارە بۆ نەبوونی هاندانی ئەم شێوازەی ڕۆژنامەنووسی. بڕوانە خشتەی (٢٤)

**خشتەی (٢٤): لە هەرێمی کوردستاندا هاندان هەیە بۆ ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکاری؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| هەیە | ٤٢ | ٪١٧ | دووەم |
| نییە | ٢٠٠ | ٪٨٣ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-١٩: لایەنەکانی هاندان بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، ئەو لایەنانەی بەلای بەرتوێژانەوە هانی ڕۆژنامەنووسان دەدەن بۆ ئەنجامدانی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری بە پلەی یەکەم (دامەزراوە میدیاییە ئەهلییەکانن)، دوای ئەویش (ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان) لە پلەی دووەمدایە، (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییش) پلەی سێیەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە، پلەی پێنجەمو کۆتایی (حکومەت) دێت، کە هیچ یەکێك لە بەرتوێژان حکومەت بە هاندەر بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسییە نازانن، ئەمەش نیشانیدەدات، کە لە مەیدانێکی سنورداری میدیای کوردیدا کار لەسەر ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی دەکرێت، چونکە میدیای ئەهلی ڕێژەیەکی کەمی لە پانتایی میدیایی هەرێمی کوردستان گرتووەو زۆرینەی دامەزراوە میدیاییەکان سەر بە حزبەکانن و ئەوانیش کەمترین کاری بنکۆڵکاری ئەنجامدەدەن. سەرباری ئەوانەش دامەزراوە ئەکادیمەکانی وەکو زانکۆو پەیمانگاکان لەڕێی کۆلێژو بەشەکانی ڕاگەیاندنەوە ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندنو بایەخدان بەم مۆدێلەی کاری ڕۆژنامەنوسیو هاندان دەرچووانیان بۆ کارکردن لەم بوارەدا. بڕوانە خشتەی (٢٥)

**خشتەی (٢٥): چ لایەنێك هاندەرە بۆ كاری رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری؟**

| ئەگەرەكان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| حكومەت | ٠ | ٠ | حەوتەم |
| رێكخراوەكانی كۆمەڵیی مەدەنی | ١٧ | ٪١٩ | سێیەم |
| رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان | ١٩ | ٪٢١ | دووەم |
| هەندێك دامەزراوەی وڵات | ٢ | ٪٢ | شەشەم |
| هەندێك كەسێتی | ١٤ | ٪١٦ | پێنجەم |
| دامەزراوە میدیاییە ئەهلییەكان | ٢١ | ٪٢٤ | یەكەم |
| جەماوەر (وەرگر) | ١٦ | ٪١٨ | چوارەم |
| كۆی گشتی | ٨٩(*) | ١٠٠ | |

**٢–٢٠: سەرچاوەكانی زانیاریی رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری:**

بەپێی ئەنجامەكان، سەرچاوەی نهێنی لە پلەی یەكەمی بەرتوێژاندایە، وەك سەرچاوەی زانیاری بۆ رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری، دوای ئەویش چاوپێكەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە پلەی دووەمدایەو بەشێكی دیكەی بەرتوێژان كە پلەی سێیەمیان گرتووە، سەرچاوەی ئاشكراو رەسمی بە سەرچاوەی زانیارییەكان دەزانن، ئەمەش دەریدەخات، كە لەم مۆدێلەی كاری رۆژنامەنووسیدا ئەو زانیاریانە گرنگو بە بایەخن، كە نهێنین‌و رۆژنامەنووس ماندوێتیی‌و ئاستەنگێكی زۆرەوە دەستی دەكەوێت. بڕوانە خشتەی (٢٦)

**خشتەی (٢٦): بۆ ئەنجامدانی كارێكی بنكۆڵكاریی پشت بە كام سەرچاوەی زانیاریی دەبەسترێت؟**

| ئەگەرەكان | دووبارەبووەنەوە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| سەرچاوەی نهێنی | ٢١٣ | ٪٤٦ | یەكەم |
| سەرچاوەی ئاشكراو رەسمی | ١٠٧ | ٪٢٣ | سێیەم |
| چاوپێكەوتن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار | ١٤٦ | ٪٣١ | دووەم |
| كۆی گشتی | ٤٦٦() | ١٠٠ | |

**٢–٢١: رادەی گرنگیدانی رۆژنامەو دامەزراوە میدیاییەكان بە لایەنی بنكۆڵكاری:**

بە گوێرەی ئەنجامەكان، زۆرینەی بەرتوێژان، كە پلەی یەكەمیان گرتووە، پێیانوایە، رۆژنامەو دامەزراوە میدیاییەكان بە رادەیەكی كەم گرنگی بە رۆژنامەنووسیی بنكۆڵكاری دەدەن، دوای ئەویش پلەی دووەم رایانوایە، هیچ گرنگییەكی پێنادەن، بەشێكیتر لە بەرتوێژان كە پلەی سێیەمیان گرتووە بە رادەیەكی مامناوەند گرنگی بە

(*) وەڵامی ئەو بەرتوێژانەیە كە لە پرسیاری پێشوتردا (خشتەی ٢٤)دا بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.

() بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن.

لایەنی بنکۆڵکاریی دەدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینو تێنەگەیشتنی دامەزراوە میدیاییەکانو خاوەنەکانیان بۆ بایەخو کاریگەری ئەم مۆدێلەی ڕۆژنامەنووسی لەلایەکو خاوەندارێتیو پشتگیریکەری دارایی زۆربەی دامەزراوەمیدیاییەکان لەلایەن حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانەوە لەلایەکی ترەوە. بڕوانە خشتەی (٢٧)

**خشتەی (٢٧): ڕۆژنامەو دامەزراوە میدیاییەکان گرنگی بە لایەنی بنکۆڵکاری دەدەن؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| زۆر | ٧ | ٪٣ | چوارەم |
| ناوەند | ٤٥ | ٪١٩ | سێیەم |
| کەم | ١٢٧ | ٪٥٢ | یەکەم |
| گرنگی پێنادەن | ٦٣ | ٪٢٦ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-٢٢: ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی‌و کاریگەری لەسەر پاشەکشەنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی باو (تقلیدی):**

ئەم ئەنجامە دەریدەخات، زۆربەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدان، وایدەبینن، ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری دەتوانێت کاریگەریی لەسەر پاشەکشەنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی ئاسایی دابنێت، بەشێکی دیکەی بەرتوێژان، کە لە پلەی دووەمدان، هاوڕانین لەسەر کاریگەریی ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری لەسەر ڕۆژنامەنووسیی تەقلیدی، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە بەرتوێژان تا ئاستێك تێگەیشتوون لە پێگەو کاریگەریی بنکۆڵکاریی، وەك مۆدێلێکی سەرەکیی کاری ڕۆژنامەنووسیی‌و هۆکاری مانەوەو پاشەکشەنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی ئاسایی. بڕوانە خشتەی (٢٨)

**خشتەی (٢٨): ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریی کاریگەریی لەسەر پاشەکشەنەکردنی ڕۆژنامەنووسیی باو (تەقلیدی) دەبێت؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٩ | ٪٥٣ | یەکەم |
| نەخێر | ١١٣ | ٪٤٧ | دووەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-٢٣: ڕەچاوکردنی بنەما ئێتیکییەکان لە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا:**

بەپێی ئەنجامەکان، زۆربەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدان بۆچوونیان وایە، دەتوانرێت لەکاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا ڕەچاوی بنەما ئێتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی بکرێت، دوای ئەویش تاڕادەیەك دەتوانرێت ڕەچاوی بنەما ئێتیکییەکان بکرێت، کە پلەی دووەمیان گرتووە، بەشێکی کەمیش لە بەرتوێژان ڕەتیدەکەنەوە، لەکاتی ئەنجامدانی کاری بنکۆڵکارییدا ڕەچاوی بنەما ئێتیکییەکان بکرێت، لەمەشەوە دەردەکەوێت کە ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە، هەرچەندە ڕەچاوکردنی بنەما ئێتیکیەکان لەم مۆدێلەی کاری

ڕۆژنامەنووسییدا ئاسان نییە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ڕۆژنامەنووس دەتوانێت بە سەلیقەو ئەزموونی خۆی ئەو ڕێگایانە بەکاربهێنێت، کە پابەندی دەکات بە بنەما ئێتیکییەکانەوە. بڕوانە خشتەی (٢٩)

**خشتەی (٢٩): لە کاری ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاریدا بنەما ئێتیکییەکان ڕەچاوبکرێن؟**

| ئەگەرەکان | دووبارە | ٪ | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٤ | ٪٥١ | یەکەم |
| تاڕادەیەك | ١١١ | ٪٤٦ | دووەم |
| نەخێر | ٧ | ٪٣ | سێیەم |
| کۆی گشتی | ٢٤٢ | ١٠٠ | |

**٢-٢٤: گرتنەبەری ڕێگای نایاسایی‌و نائێتیکی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا:**

